چاوونەفەسر و ئیرەیی

منتدى إقرأ الثقافي

چارەسەریان

www.iqra.ahlamontada.com



نوسینی:
باوکی عبدالله و عبدالرحمن

2022

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

چاوونەفەس و ئیرەیی

و

چارەسەریان

نووسینی:

باوکی عبدالله و عبدالرحمن

پێشکەشە بە:

*خێزانی زۆر خۆشەویستم کە یارمەتیدەرە لەهەموو کارێکی خێرم.

*بە منداڵەکانم.

*بەهەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکار و یارمەتیدەر بوون بۆ کاری خێر.

*بەهەموو ئەوانەی چاو و نەفەسیان هەیە و ئیرەیی دەبەن و دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەست لە چاو و نەفەس و ئیرەیی هەڵدەگرن و بەخۆدادەچنەوە.

ناسنامەی کتێب:

.

.

.

ناوی کتێب: چاوونەفەس و نیرەیی و چارەسەربان

نووسینی: باوکی عبدالله و عبدالرحمن

ڕێکخستن و ئامادەکردن: سالارعومەر

هەڵەچن: سۆما عبدالواحد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ساڵی چاپ: ٢٠٢٢ ز- ١٤٤٤ کۆچی

ژمارەی سپاردن:

.

.

.

بۆ هەرتێبینی و پێشنیارێک پەیوەندی بکەن بە نووسەرلەڕێگای ژمارە مۆبایلەکانی

(٠٧٥٠٤٧٢٩٢١٢)(٠٧٧٣٦٩٦٠١٨٢)

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله رب العالمین والصلاه والسلام علی رسول الله وعلی اله وصحبه ومن والاه وبعد ...

لەدوای ئەوەی دەستمان کرد بە نووسینەوەی پەرتووکی: «لەناوبەرەکانی کۆمەڵگە: سیحر و نوشتە و چاوونەفەس و چارەسەربیان» کە لە دوو بەرگ پێک هاتبوو، بەشێکی هەرە زۆری بابەتەکانی سیحر و چارەسەربیان و چەندین بابەتی بەسوود لەسەر جنۆکە و کاری ڕوقیەی شەرعی و چۆنیەتی هەنگاوەکانی کەسی ڕاقی و چەندین ئامۆژگاری بەنرخمان باس کرد. ئامانجی سەرەکیمان ئەوەیە کە هیچ نەخۆشێک پێویستی بە ڕاقی نەبێت، هەر خۆی هەنگاوەکانی چارەسەر بگرێتە بەر. لەم پەرتووکەش بە یارمەتی (الله) باسی ئیرەیی و چاوونەفەس دەکەین، هەرچەندە لە پەرتووکی: «لەناوبەرەکانی کۆمەڵگە» ئاماژەمان پێ داوە، بەڵام بەپێی پێویست نەبوو، بۆیە لێرە (إن شاءالله) بەپێی ئەو کەم زانستەی (الله) - سبحانه وتعالی- پێی داوین، باسی لێوە دەکەین. ئەوەی ڕاست بێت، لە خواوەیە، ئەوەی هەڵە بێت لە نەفسی خۆمەوەیە ...

باوکی عبدالله وعبدالرحمن

٢٠٢٢-٦-٦

پێش باس

گومان لەوەدا نییە یەکێک لەو شتانەی لە ئیسلامدا جەختی لێ کراوە و ئاگات لێی بێت و وەکوو کۆرپەی شیرەخۆرە پارێزگاری لێ بکەیت، بریتییە لەو پارچە گۆشتەی کە ئەگەر ساخ بێت، هەموو لاشە ساخ دەبن، هەروەها ئەگەر تێکچوو بێت، هەموو لاشە تێک دەدات، نەوبش بریتییە لە دڵ. هەر لە سەرەتای وەحییەوە خوای گەورە بە پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ فەرموو: ﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾[1]، گەورە ئیمامی ئیسلام ئیبنولقەییم دەفەرموێت: "واتا دڵ و دەروونت پاک بکەوە، بەڵکوو لە تەواوی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ و هاوەڵەکانی ڕەنگی دابووەوە، بەوەی هەموو ئەو فەرمانە ئیلاهییانەی دڵ تێیدا فەرمانڕەوایە، پانزە ساڵ دوای هاتنی وەحی نازڵ بوون، وەکو جهاد و ڕۆژوو و باقی پەرستشەکانی تر، چونکە لەماوەی ئەو پانزە ساڵە کار لەسەر دڵی سەحابە دەکرا ..."

ناکرێت موسڵمان بیت و باوەڕت بە خوا هەبێت، دڵت ئەو دڵە نەبێت کە خوا دەیەوێت! کێشەی دڵخراپی لەوە دایە لە ژیانی ئێمە ڕووحیش دوای لاشە دەکەوێت! واتا تۆ دڵت خراپ بوو ڕووحیشت خراپ دەبێت بەهۆی لاشەوە، سەرەنجام ئەو کەسە سەرتاپای دەبێتە کەسێکی نەخۆش و میکرۆباوی، هەم خۆی تێک دەدات و هەم تێکدەری تەواوی کۆمەڵگە دەبێت.

هەموو نەخۆشییەکانی دڵ کوشەندەن وەکوو ڕووپامایی (ڕیبا) و دووڕوویی و بەدگومانی و خۆبەزلزانی و ڕقوکینە و ئیرەیی و ... تاد. دەبێت بەزوویی چارەسەری بکات بێ ئەوەی بگاتە لاشە، ئێمەش بە یارمەتی (الله) هەوڵ دەدەین لەسەر یەکێک لەو نەخۆشییانە بدوێین و باسی لێوە بکەین، ئەوبش ئیرەییە لەگەڵ چاوونەفەس، هۆکارەکانی چین و ئەو دەردانەی لە دووچاربدا پەیدا دەبن و چۆن کۆمەڵگەی پێوە گیرۆدە بوون و چارەسەرەکانی چییە؟ بە شێوەیەکی ئاشکرا دەست دەخەینە سەر برینەکان و چارەسەربش دادەنێین، چونکە یەکێک لە کاری بانگخوازان: مەهانەی خەڵکی ببڕن بۆ قیامەت، پێویستتان بە کەس نەبێت بۆ چارەسەر، خۆیان هەنگاوەکان جێبەجێ بکەن.

---

[1] المدثر(٤)

خودای گەورە بمانکاتە ئەداتی قەدەرەکەی و بەرچاوڕووون و سینەفراوانمان بکات. ئەوەی ڕاست بوو لە خواوەیە، ئەوەی هەڵە بێت لە نەفسی خۆمە، هەر قسەیەکم موافقی قورئان و سوننەت بوو وەربیگرن، هەر قسەیەکیشم پێچەوانەی قورئان و سوننەت بوو بیکێشن بە دیوار و وەری مەگرن، منیش لێی پەشیمانم.

ڕێڕەوی باس:

ئیرەیی یەکەم تاوان و سەرپێچیکردنی خوای گەورەیە بۆ ئاسمان بەرز بوویتەوە، یەکەم تاوانە لەسەر زەوی ئەنجام دراوە، کە شەیتان (علیه اللعنة) ئیرەیی بە باوکە ئادەم برد (علیه السلام) کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروست کرد، فەرمانی بە ئیبلیس کرد ڕێز لە ئادەم بگرێت، ئەویش خۆبەزلزانی گرتی و قبووڵی نەکرد و ڕەتی کردەوەا ئەم ناکۆکییە بەهۆی ئیرەییەوە دروست بوو، لەو کاتەوە شەیتان سەنگەری لە نەوەی ئادەم گرتییە بۆ شێواندن و تێکدانی ژیان و هەوڵدان بۆ لێکترازانی ژن و مێرد، هەروەها هەر ئیرەیی بوو وای کرد کوشتن ڕوو بدات لەنێوان قابیل و هابیل، یەکەم تاوان و سەرکەشییەک بوو لەسەر زەوی ئەنجام درا، کاتێک قابیل ئیرەیی برد بە هابیلی برای و دەستی چووە خوێنییەوە و کوشتی!

ئیرەیی نەخۆشییەکی کوشندەیە، شوێنەکەی لە دڵەوە دەردەچێت، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیية -رحمه‌الله- دەفەرموێت: "حەقیقەتی ئیمان ناچێتە ناو دڵێکەوە، پیسی و خۆبەزلزانی و ئیرەیی تێدا بێت."[1]

[1] (مجموع الفتاوى: ١٣/٢٤٢)

ئیرەیی واتای چییە؟

لەلای زانایان بەو واتایە دێت کە مرۆڤ ئاواتەخواز بێت کە ناز و نیعمەتی خەڵکی تر، یان برادەرەکەی لەناو بچێت و نەمێنێت.

پێغەمبەری خودا ﷺ قەدەغەی کردووە لەم کارە ناپەسەندە و فەرموویەتی: (لا تحاسدوا ولا تقاطعوا ولا تباغضوا ولاتدابروا وكونوا عباد الله إخوانا)[1]، واتە: (ئیرەیی بە یەکتر مەبەن! هەروەها سیلەی ڕەحم لەنێوان یەکتردا مەبچڕێنن! لەیەک تووڕە مەبن و پشت لەیەکتر هەڵمەکەن، هەموو تان بین بە بەندەی ڕاست و دروستی خودا و بە برای یەکتر). لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (اياكم والحسد فان الحسد تاكل الحسنات كما ياكل النار الحطب)، واتە: (ئاممان دوور بکەونەوە لە ئیرەیی بەیەکتربردن! چونکە ئیرەیی هەرچی چاکە و خێر هەیە لەناوی دەبات! هەروەک چۆن ئاگر دار و تەختە دەسووتێنێت و لەناوی دەبات.)

جا یەکەم هۆکاری سەرەکییش کە مرۆڤ تووشی چاوپیسی و چاولێکردن دەکات، لە هاوەڵ و دراوسێ و خزمەکانییەوەیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیرەیی پێبردن، تا وای لێ دێت دڵی ئەو کەسە لە تووڕەیی و ئیرەییدا پەنگ دەخواتەوە و لەڕێگەی چاوییەوە دەیخاتە دەرەوە و کاریگەری خراپ لەسەر کەسی بەرانبەر بەجێ دەهێڵێت.

جا لەبەر ئەوەی مرۆڤی موسڵمان لەسەری پێویستە چارەسەری ئەم نەخۆشییەی بکات و هەوڵ بدات هەرگیز ئیرەیی بە بەرانبەرەکەی نەبات لەو ناز و نیعمەتەی کە خوای گەورە پێی بەخشیووە. چونکە، ئیرەیبردن ئاواتخواستنە بەوەی کە حەز بکەیت براکەت، یان خزمەکەت، یان دۆستەکەت نیعمەتەکانی خودای لێ بسەنرێتەوە، یەکەمجار زیانی گەورە بە خۆت دەگات، چونکە ئەو کەسانەی بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان ناڕازین بە بەشی خوای گەورە و ناڕازین بە قەدەری پەروەردگار، بەمەش تووشی گوناهێکی گەورە دێن!

---

[1] (متفق عليه)

ناشکراشە سزای تاوانیش ئەگەر تەوبەی لێ نەکرێت، چوونە ناو دۆزەخە. جا ئەگەر کاتێک نیعمەتێکی خوای گەورەت بینی بەسەر یەکێک لە بەندەکانییەوە، هەوڵ بدە هەرگیز ناواتەخوازی ئەوە نەبیت کە پەروەردگار ئەو نیعمەتەی لێ بگرێتەوە. خۆ ئەگەر حەزت کرد تۆش وەک ئەو خاوەنی ئەو نیعمەتە بیت، ئەوە هەوڵ بدە ناواتی ئەوە بخوازیت کە خوای گەورە تۆش لەو نیعمەتانەی خۆی بێبەش نەکات و بیدات بە تۆش، بەبێ ئەوەی ناواتی ئەوە بخوازیت کە پەروەردگار نیعمەتی برادەرەکەت لەناو ببات، ئەگەر بەم شێوەیە بوویت ئەوە ناچێتە چوارچێوەی ئیرەییەوە، بەڵکوو پێی دەگوترێت (الغبطة) کە لە شەرعدا رێگای پێدراوە و حەرام نییە.

جا دەبێت ئەوە بزانین ئیرەیی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لەناو کوردەواریدا پێی دەگوترێت چاوپسی، چونکە ئیرەیی دەکرێت ئەو مرۆڤەی کە ئیرەییەکەی پێ دەبرێت، ئامادە بێت و دەشکرێت کە ئامادە نەبێت و لەبەرچاو نەبێت. بەڵام، (چاوپسی - العین) لەکاتێکدا دەکرێت ئەو کەسە بە چاوێکی سەرسوڕمانەوە، هاوکات لەگەڵ ئیرەییپێبردن و دەروونێکی پیسەوە تەماشای مرۆڤی بەرانبەر بکات و بەو چاوانەی زیانێک بەو کەسە بگەیەنێت کە لەبەر چاوییەتی.

ئیرەیی:

ئیرەیی: بریتییە لە ئاواتەخوازی بۆ نەمانی نیعمەتی کەسی بەرانبەر. خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ﴾[1]

هەروەها پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموویت: (وَلَا يَجْتَمِعُ فِي جَوفِ عبدٍ الإيمان وَالْحَسَدُ)[2] واتە: (لە دڵ و ناخی کەسێکدا باوەڕ و ئیرەیی پێکەوە کۆ نابنەوە.)

هەروەها دەفەرموویت: (ولا تحاسدوا)[3] . واتە: (ئیرەیی بە یەکتر مەبەن.)

ئیرەیی یەکێکە لە هەرە نەخۆشییە گەورەکانی دڵ، ئیرەیی دەبێتە هۆکاری تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی ئیرەیی بە خەڵکی دەبات، دەست هەڵبگرێت لەو کارەی و بگەڕێتەوە و پەشیمان ببێتەوە، چونکە ئیرەیی یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، چونکە ڕەخنەگرتن و ڕازینەبوونە بە قەزا و قەدەری خودای گەورە.

پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ نەهی لێ کردوین کە ئیرەیی بەیەکتر بەرین، هەروەکوو فەرموویەتی (ولاتحاسدوا) واتە ئیرەیی بەسەر یەکتر مەبەن، هەروەها کەسی ئیرەییبەر کەسێکی بێزراو و ناشیرینە لەناو کۆمەڵگەدا، خەڵکیش خۆشیان ناوێت. هەروەها لە فەرموودەدا هاتووە پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموویت: "ئیرەیی چاکەی مرۆڤ دەخوات، هەروەکوو چۆن ئاگر دار دەسووتێنێت و لەناوی دەبات." بۆیە پێویستە خۆمان لەو نەخۆشییە کوشندەیە دامالێین، چیتر ئیرەیی بە یەکتر نەبەین.

ئیبنولقەییم لە (طب النبوی)دا باسی کردووە کە چاوپیسی تیرێکە وەک ژەهری مارەکان، نەمەش وتەکەی ئیبنولقەییمە -ڕەحمەتی خوای لێ بێت-: "لەبەر ئەوەی نەفس و دەروونی پیس و ئیرەییبەر دەگۆڕێت بە چۆنیەتی پیسییەکەی لە بەرانبەربدا ئەوەی ئیرەیی پێ بردراوە، کاریگەری لەسەر دەبێت."

---

[1] (البقرة: ١٠٩).
[2] (صحيح الجامع ٧٦٢٠)
[3] (متفق عليه)

بەپێی تایبەتمەندییەکەی و هاوشێوەیەکەی وەک مار، لەبەرئەوەی ژەهر کاتێک دەردەدرێت و دوای دوژمنەکەی دەکەوێت بە بەهێزی و داگیرکردن، هەروەها بە چۆنیەتی و ئازاردانی هەندێکی بە قورسی و تا وای لێ دەکات، کاریگەر دەبێت بە لەناوچوونی منداڵ و کۆرپەلە، هەندێکی وا کاریگەرە کە دەبێتە هۆی کوێربوونی چاو. هەروەک چۆن پێغەمبەر ﷺ دەربارەی (الابتر و ذی الطیفیتین) کە دوو مار بوونە، باسی کردووونە: "ئەوانە چاوەکان کوێر دەکەن و کۆرپەلە لەناوی دەبەن."[1]

ڕاستیی چاوپیسی و نیرەیی. بە بەڵگەی قورئان و سوننەت.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ. مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ. وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ. وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ. وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾١واتە: (تۆ بڵێ ئەی موحەممەد پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی کە بەرەبەیان دەهێنێت، لە شەڕ و خراپەی هەر شتێک کە دروستی کردووە، لە شەڕ و خراپەی شەو کاتێک کە دادێت و دونیا تاریک دەبێت و دەبێتە شەوە زەنگ، هەروەها لە شەڕ و خراپەی ئەو کەسانەی سیحر دەکەن و پەت و دەزوو گرێ دەدەن و فووی پیا دەکەن، هەروەها لە شەڕ و خراپەی ئیرەییبەر و بەخیل کاتێک کە ئیرەیی و بەخیلی دەبات).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئیرەییبەر و بەخیل کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو کەسەی کە ئیرەیی پێ دەبەن.

٢- یان کاتێک حەزرەتی یەعقووب (علیه السلام) ئامۆژگاری کوڕەکانی کرد کە ڕۆیشتن بۆ میسر، بۆ هێنانی دەخلودان و نازووقە، خوای گەورە لەسەر زمانی یەعقووبەوە (علیه السلام) دەفەرموێت: ﴿وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۖ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ﴾[2]، واتە: (ئەی کوڕەکانم! هەر

[1] (رواه البخاری و مسلم)

[2] (یوسف: ٦٧)

هەمووتان لەیەک دەرگاوە مەچنە ژوورەوە بۆ میسر، بەڵکوو لە چەند دەرگایەکی جیاوازەوە بچنە ژوورەوە، هەروەها ئەوە بزانن من ناتوانم هیچ شتێک لەو بەڵا و پێشهاتانەی کە بڕیاری خودای لەسەرە، بیگێڕمەوە لە ئێوە، هیچ فەرمان و بڕیارێک بۆ کەس نییە تەنیا بۆ خودا نەبێت، پشتم هەر بەو بەستووە و پەنام هەر ئەوە، جا با ئەوانەی کە پاڵپشت و پشتیوانییان دەوێت، هەر پشت بە ئەو ببەستن).

قورتبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: "کاتێک کوڕەکانی یەعقووب (علیه السلام) عەزمیان کرد کە بچن بۆ میسر، یەعقووب (علیه السلام) ترسی ئەوەی هەبوو چاوی چاوپیس لێیان بدات، جا لەبەر ئەوە فەرمانی پێ کردن کە هەموویان لەیەک دەرگاوە نەچنە ناو شار، چونکە میسر چوار دەروازەی هەبوو، هەر لەبەر ئەوە ترسی ئەوە دایگرت کە چاویان لێ بدرێت، چونکە کوڕەکانی یازدە کوڕی بەشان و شەکەتی جوان خاس بوون، ئەمەش ڕای عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و زەحاک و قەتادە و هەندێکی تریشە."

٣- خوای گەورە لە چیرۆکی ئەو دوو کەسەی کە لە سووڕەتی کەهفدا باسیان دەکات کە یەکێکیان دەوڵەمەند و خاوەن ماڵ و سامان و باخ و بێستانێکی زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا بێباوەڕە، ئەوی تریشیان هەژارە و تەنیا باخچەیەکی هەیە لەپاڵ باخچەکەی ئەوی تردا، بەڵام باوەڕدارێکی قانعە، دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ إِن تَرَنِ أَنَا۠ أَقَلَّ مِنكَ مَالًا وَوَلَدًا﴾[1] کەسە باوەڕدارەکە ئامۆژگاریی بێباوەڕەکە دەکات کە بە ماڵ و سەروەت و سامانییەوە دەنازێت و پێی دەڵێت: (دەبوایە کاتێک چوویتە ناو باخەکەتەوە، شوکری خودات بکردایە، بتگوتبایە: (ماشاء الله) هەرچی خودا ویستی لەسەر بێت هەر ئەوە پێش دێت و ئەم هەموو ناز و نیعمەتە بەخششی خودایە، بە هەر کەسی بیەوێت دەیبەخشێت پێی.)

ئەنەسی کوڕی مالیک دەفەرموێت: "پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (من رأی شیئاً فأعجبه فقال ما شاء الله لا قوة إلا بالله، لم یضرّه عین) واتە: هەر کەس شتێکی بینی کە

[1] (سورة الكهف)

جێگای سەرسوڕمانی ئەو بوو، با بڵێت: (ماشاء الله، لا قوة إلا بالله) هیچ کاتێک چاو زیانی پێ ناگەیەنێت."

لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ:

١- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: (العين حق)[١]، واتە: (چاوکردن و کاریگەربیەکانی ڕاستن).

٢- عن ابن عباس ﷺ عن النبي ﷺ قال: (العين حق، ولو كان شيء سابق القدر سبقته العين، وإذا اسْتُغسِلتم فاغسلوا.)[٢]، واتە: (چاوکردن ڕاستە، هەروەها ئەگەر بهاتایە شتێک پێش قەدەری خودا بکەوتایە، ئەوە بێگومان چاوکردن پێش دەکەوت بەسەربدا، هەروەها هەرکاتێک داوای ئەوەیان لێ کردن بۆ خۆشۆردن، خۆتان بشۆن -مەبەست ئەوەیە بۆ چارەسەرکردنی کەسی تووشبوو بەچاو، دەبێت ئەو کەسەی کە چاوەکەی کردووە خۆی بشوات و پاشان کەسی بەرکەوتوو بە چاوی ئەو بەو ئاوە خۆی بشوات شیفای بۆ دێت-.)

٣- عن جابر ﷺ عن النبي ﷺ قال: (أكثر من يموت من أمتي بعد قضاء الله وقدره بالأنفس.)[٣]، واتە: (زۆربنەی ئوممەتی من پاش قەزا و قەدەری خودا، بە نەفس و دەروونی پیس دەمرن).

٤- عن عائشة ﷺ قالت: (أمرني النبي ﷺ -أو أمر أن يسترقى من العين.)[٤]، واتە: (خاتوون عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردم، یان فەرمانی کرد کە ڕوقیە بخوێنرێت بۆ چاوکردن.)

٥- عن أبي نضرة عن أبي سعيد أن جبريل أتى النبي ﷺ فقال: "يا محمد اشتكيتَ؟" فقال: "نعم." فقال: (بسم الله أرقيكَ من كل شيء يؤذيك من شرِّ كل نفس أو عين حاسد، الله يشفيك بسم الله أرقيكَ.)[٥]، واتە: (جوبرەئیل هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ پێی

---

[١] (متفق عليه)
[٢] (رواه مسلم)
[٣] (أخرجه البزاز، وحسنه الألباني سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٧٢/٢ رقم الحديث: ٧٤٧)
[٤] (متفق عليه)
[٥] (رواه مسلم)

فەرموو: "نازارت هەیە؟" ئەویش فەرمووی: "بەڵێ." ئەمجا جوبرەئیل فەرمووی: "بە ناوی خوداوە ڕوقیەت بۆ دەخوێنم لە هەموو شتێک کە نازارت بدات، هەروەها لە هەموو نەفسێک، یان چاوێکی ئیرەیبەر، خودا شیفات بدات، بە ناوی خوداوە ڕوقیەت بۆ دەخوێنم.")

٦- عن أبي أمامة بن سهل بن حُنيف قال: رأى عامر بن ربيعة سهل بن حُنيف يغتسل. فقال: والله ما رأيتُ كاليوم ولا جلد مخبأةٍ عذراء. قال: فلبط سهل. فأتى رسولُ الله ﴿ﷺ﴾ عامراً، فتغيظ عليه. وقال: علام يقتل أحدُكم أخاه؟ ألا برَّكتَ. اغتسل له؛ فغسل له عامر وجهه، ويديه، ومرفقيه، وركبتيه، وأطراف رجليه. وداخلة إزاره في قدح. ثم صبَ عليه، فراح مع الناس.)[1]، واته: (ئەبوو ئومامەی کوڕی سەهلی کوڕی حونەیف دەفەرموونێت: عامری کوڕی ڕەبیعە سەهلی کوڕی حونەیفی بینی (واتە باوکی) کە خۆی دەشۆرد -سەری سوڕما- گوتی: "وەڵڵاهی ئەوەی ئەمڕۆ بینیومە هەرگیز نەمبینیوە، هەروەها هەرگیز پێستێکی شاراوەی ئاوام نەبینیوە." دەڵێت سەهل تووشی نەخۆشی بوو، پاشان پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هات بۆلای عامر و زۆر لێی تووڕە بوو و ئینجا فەرمووی: "ئەوە لەبەر چی یەکێک لە ئێوە هەڵدەستێت بە کوشتنی براکەی؟! ئەوە بۆ داوای بەرەکەتت بۆ نەکرد لە خوای گەورە؟ هەستە بچۆ خۆت بشۆرە بۆی." ئینجا عامر هەستا دەست و دەموچاو و ئانیشک و پێیەکانی تا ئەژنۆی و دامانەکەی بۆ شۆردە ناو دەفرێکەوە، ئینجا -سەهل ئەو ناوەی کرد بەسەریدا باش بوویەوە- لەگەڵ خەڵکیدا دەستی کرد بە گەڕان).

٧- روي عن الحسن مرفوعاً: (إن العين لتدخل الرجل القبر، والجمل القدر.)[2]، واته: (چاوی پیس پیاو دەخاتە ناو گۆڕەوە، وشتریش دەخاتە ناو مەنجەڵەوە -واتە وای لێ دەکات بگات بە چەقۆدا و سەری ببڕن و گۆشتەکەی بخرێتە ناو مەنجەڵەوە بۆ لێنان.)

[1] (رواه أحمد)
[2] (حسنه الالبانى سلسلة الاحاديث الصحيحة: ٣ / ٢٥٠ رقم الحديث: ١٢٤٩)

بۆچوونی زانایان لەسەر چاوونەفەس

بۆچوونی ئەهلی سوننە لەسەر چاو ئەوەیە کە حەقە و سابتە و بوونی هەیە لە ڕووی شەرع و هەستەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ﴾[1]، واتە: (بێگومان -ئەی پەیامبەری خوا ﷺ- ئەو بێباوەڕانە لە ڕق و دوژمنایەتییان بۆت نزیک بوو چاوت لێ بدەن کاتێک گوێبیستی قورئان بوون، ئەگەر پاراستن و پارێزگاریی خوا نەبوایە بۆت). هەروەها (ابن عباس) و جگە لەویش فەرموویانە واتە: (چاوت لێ بدەن). هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: (العين حق ولو كان شيء سابق القدر سبقت العين وإذا استغسلتم فاغسلوا)[2] واتە: (چاو حەقە و بوونی هەیە، هەروەها ئەگەر شتێک پێش قەدەر بکەوتایە ئەوا چاو پێشی دەکەوت، هەروەها ئەگەر داواتان لێ کرا خۆتان بشۆن، ئەوا خۆتان بشۆن.)

لەوەش بۆ نموونە «نەسائی و ئبن ماجە» گێڕاوپانەتەوە کە عامری کوڕی ڕەبیعە تێپەڕی بەلای سەهلی کوڕی حونەیفدا، کە لەو کاتەدا خۆی دەشوشت و وتی: "تا ئێستا پێستی وا جوان و سپیم نەبینیوە وەکوو ئەمڕۆ." جا ئەوەندەی پێ نەچوو سەهل بوورایەوە و کەوت بەسەر زەویدا و هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی: "گومانتان بۆ کێ دەڕوا و کێ تۆمەتبار دەکەن لەوبارەیەوە؟" ئەوانیش وتیان: "عامری کوڕی ڕەبیعە." پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: "بۆچی یەکێکتان براکەی دەکوژێت؟ جا ئەگەر یەکێکتان شتێکی بە براکەیەوە بینی کە سەرسامی کرد، با بڵێت: (اللهم بارك فية) یان بڵێت: (ما شاء الله)."[3] پاشان داوای ئاوی کرد و فەرمانی بە عامر کرد کە دەستنوێژ بگرێت، ئەویش دەموچاوی شۆرد و دەستەکانی لەگەڵ ئانیشکەکانی و ئەژنۆکانی و بەشی ناوەوەی لای ڕانی و فەرمانی کرد کە ئاوەکە بکەن بەسەریدا، لە لەفزێکی تردا هاتووە کە لە پشتەوە فەرمانی کرد بیکەن بەسەریدا. جا بۆیە واقع شاهێدە لەسەر بوونی کاریگەریی چاو و ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت.

---

[1] (القلم: من الآية: ٥١)

[2] أخرجه مسلم، كتاب السلام، باب الطب والمرض والرقى (٢١٨٨).

[3] أخرجه ابن ماجه، كتاب الطب، باب العين (٣٥٠٩).

هەروەها لە کاتی ڕوودانی کارێگەڕیی چاو، ئەم چارەسەرە شەرعییانەی خوارەوە بەکار دێنن:

١- بەسەردا خوێندن: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لا رقية إلا من عين أو حمة).[1] واتە: ڕوقیە ناکرێت، مەگەر لەکاتی چاولێدان و هەبوونی تادا نەبێت. ئەویش دەگوترێت: (باسم الله أرقيك، من كل شيء يوذيك، من شر كل نفس، أو عين حاسد، الله يشفيك، باسم الله أرقيك).

٢- داوا لە کەسە چاولێدەرەکە دەکرێت کە خۆی بشوات، وەکوو فەرموودەکەی پێشوو کە باسی کرا و فەرمان بە عامری کوڕی ڕەبیعە کرا بە خۆشۆردن و پاشان ڕۆکردنی بەسەر چاولێدراودا.

بەڵام، بردنی پاشەڕۆی کەسەکە، وەکوو پیسی و میزی، ئەوا هیچ بنچینەیەکی نییە، یان بردنی هەرشتێکی تری، بەڵکوو ئەوەی هاتووە ئەوەیە کە پێشتر باسی کرا لە شۆردنی ئەندامەکانی وەکوو ئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتووە (والله أعلم).

هەروەها خۆپاراستن لە چاو پێشوەخت هیچ پێچەوانەی تەوەکول نییە، بەڵکوو ئەوە خودی تەوەکولە، چونکە تەوەکول بریتییە لە بەڕاست پشتبەستن بە خوا لەگەڵ بەکارهێنانی هۆکارە ڕێگاپێدراوەکان، یان ئەوانەی فەرمانیان پێ کراوە. پێغەمبەری خوا ﷺ پەنای حەسەن و حوسەینی دەگرت بە خوا، دەیفەرموو: (أعيذكما بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة، ومن كل عين لامة).[2]

---

[1] أخرجه البخاري، كتاب الطب، باب من اكتوى أو كوى غيره (٥٧٠٤). ومسلم، كتاب الإيمان، باب الدليل على دخول طوائف من المسلمين الجنة (٢١٦).

[2] أخرجه ابن ماجه، كتاب الطب، باب ما يعوذ به من الحمى (٣٥٢٧).

هەروەها دەیفەرموو بەم شێوەیەش ئیبراهیم پەنای ئیسحاق و ئیسماعیلی دەگرت بە خوا (علیهما السلام)[1].

ئیرەیی تەمەنای لاچوونی نیعمەتە لەسەر کەسێک، جا چ هاتبێتە دی، یان هێشتا نەهاتبێتە دی، هەروەها نیعمەتەکە چ دونیا بێت، یان دین.

[1] رواه البخاری.

(العین) چاوپیسی:

سەرسامبوونی چاوپیسی بە شتێک، پاشان نەفسی پیسی خۆی بە دوای دەبات، پاشان مەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی بە ژەمری چاو بۆ کەسەکە کە چاوی لێ دەدات. بەڵام، ئەگەر تەمەنای لاچوونی نیعمەتی نەبێت، حەز دەکات وەکوو ئەوی لێ بێت، ئەمە (غبطة)یە، دروستە.

ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "ئیرەیی، ڕقلێبوونەوە و پێناخۆشیە بۆ باشی، یان جوانیی بارودۆخی کەسێک."[1] ئیبن ڕەجەب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "ئیرەیی شتێکە لە تەبیعەتی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ پێی خۆش نییە کەس لە جنسی پێش کەوێت لە شتە باشەکان."[2]

ئیبن قەیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "مەبەست لە چاوپیس، ئیرەییبەرێکی تایبەتە، زیانی زیاترە لە ئیرەییبەر، لەبەر ئەمە ئایەت هاتووە باسی ئیرەیی کردووە، نەک چاوپیسی، چونکە گشتییە، مەموو چاوپیسێک ئیرەییبەرە، بەڵام مەموو ئیرەییبەرێک چاوپیس نییە، ئەگەر پەنای گرت بە شەڕی ئیرەیی، چاویش دەگرێتەوە."[3]

پێناسەی ئیرەیی: بریتییە لە پێناخۆشبوون و دڵسووتانی ئیرەییبەر، کاتێک دەبینێت کەسێک خوای گەورە نیعمەتی ڕزاندووە بەسەریدا، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنای ئەوە دەکات کە خوای گەورە ئەو نیعمەتەی لێ بسەنێتەوە و لەسەری لای بەرێت.

پێناسەی چاوەزار: بریتییە لە ڕوانین و تەماشاکردنی شتێک، هەروەها تێکەڵبوونی لەگەڵ نەفسێکی پیس، هەروەها تەمەننای خواستنی لەناوچوون و لابردنی نیعمەتێک.

---

[1] (مجموع الفتاوی: ۱۱۱/۱۰)

[2] (جامع العلوم و الحکم)

[3] (بدائع الفوائد: ٤٥٨/٢)

چۆن دەزانی کەسی بەرانبەر چاوی پیسە؟!

سێ سیفەت هەن لە هەرکەسێک بوون ڕێک وەڵی کەن وەل! ئەگەر نزیکترین کەسی خۆشتان بێت، چونکە زەرەرتان لێ دەدات:

یەکەم: هەرگیز وشەی (ماشاء الله)، خوا بەرەکەتی تێکات و خوا بتانپارێزێت، ئەو وشانە نایەتە سەر زمانی!

دووەم: پرسیار زۆر دەکات، بۆ نموونە دەڵێت ئەوە خانووی خۆتانە، ئەو سەیارەیەت بە چەند کڕیوە، مووچەکەت چەندە و ... تاد.

سێیەم: زۆر باسی شتی خەڵک دەکات، بۆ نموونە دەڵێت فلان کەس خانووەکەی وا خۆشە و سەیارەکەی وایە و ژنێکی جوانی هەیە و مێردەکەی زۆر خزمەتی دەکات و منداڵەکانی زۆر زیرەکن و پارەی چاکی دەست دەکەوێت و ... تاد.

چۆن خۆت دەپارێزی لە چاو ؟!

- وتنی زیکرەکانی بەیانییان و ئێواران.

- بەیانییان و ئێواران هەر یەک لەم سوورەتانە سێجار: (الاخلاص، الفلق، الناس.)

- زیکرکردن(هەموو جۆرەکانی زیکر).

- دەرنەخستن و باسنەکردنی خێر و نیعمەتەکانت، بەتایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دانانی وێنەی: منداڵ، سەیارە، ژن و مێرد، سەیران و گەڕان و ... تاد.

- دوعاکردن بەوەی خوا لە چاوی پیس بتپارێزێت.

- کاتێک چاوپیسێک پێت دەڵێت چەند جوانە ئەو کراسە، ئەو سەیارەیە چەند خۆشە لێخوڕینی و خانووەکەتان زۆر خۆشە، تۆ یەکسەر پێی بڵێ: "بڵێ ماشاء الله." ئیتر بەنا بە دڵی دەڵێت (ماشاء الله) و ئینجا دەڵێت خۆ چاوم پیس نییە و ڕەنگە لێشت دڵگران بێت و قسەت لەگەڵ نەکات، ئەوە هەر زۆر باشتر، کەسی خوا نەناس و بێشعوورت بۆ چییە بیناسی؟ هەر کەسێک بێت.

- خاڵێکی تر کە ئافرەت زۆر تێی دەکەوێت، ئەوەیە کە باسی چاکی و باشی مێردی بکات بۆ هاوڕێکانی و بەتایبەت ئەگەر هاوڕێکانی شووبان نەکردبێت، هەڵەیە، هەڵەیە و هەڵەیە!

بۆ زانیاریتان، مرۆڤ خودی خۆشی دەکات بە چاوەوە، ئەگەر (ماشاء الله) نەکات. یەک ئایەتی تایبەت لەسەر چاوی پیس و ئیرەییبەر هەیە (سورة الفلق)! حەدیسێکی ترسناکیشمان هەیە، کە دەفەرموێت: "زۆربەی ئوممەتەکەم لە دوای قەزا و قەدر، بەهۆی چاوەوە دەمرن."

چەند جۆر چاو هەیە لەناو دروستکراوەکانی خوای گەورە؟

دوو جۆرە چاو هەیە، چاوی مرۆڤ و چاوی جنۆکە.

یەکەم: چاوی مرۆڤ (العين الإنسي)

ئەمیش ئەو چاوەیە کە لە ئەنجامی ئیرەیی و بەخیلی و ڕژدییەوە تووشی مرۆڤ دەبێت، وەک لەوەوە پێش باسمان کرد و لە فەرموودەکانیشدا ئاماژەمان پێ دان.

دووەم: چاوی جنۆکەیی (العين الجني)

ئەویش بریتیە لەو چاوەی کە تیشکێک، یان نیشانەیەکی نامۆی تێدایە کە بە ڕوانینی جنۆکە لەلای زانایان بەناوبانگە.

بەڵگەش لەسەر ئەم بابەتەیە: ما صحَّ عن أم سلمة ﷺ أن النبي ﴿ﷺ﴾ رأى في بيتها جارية في وجهها سفعة، فقال: (استرقوا لها، فإن بها النظرة)[1] واتە: ئوم سەلەمەی دایکی موسڵمانان (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لە ماڵی ئەودا جاریەیەکی بینی کە لە ڕوومەتیدا خاڵێک هەبوو، فەرمووی ڕوقیەی بۆ بخوێنن چونکە لەچاوەکانیدا تیشکێک و ڕوانینێک هەیە.

ئیبنلقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "حوسەینی کوڕی فەڕاء دەڵێت: (السفعة) واتە: (النظرة) ڕوانین لە جنۆکەی پێی دەگوترێت، مەبەست لەو چاوەیە کە تووشی ڕوانینی جنۆکە بووە، بە برشتەرە لە سەری ڕم وتیر."

[1] (رواه مسلم)

دوو جۆر چاوپیس هەیە، کاریگەری دەخاتە سەر مرۆڤ

یەکەم- چاوپیسێک کە بە ویستی خۆیەتی کە چاوی پیسە: مەبەست لەمەش ئەوەی ئەو کەسە هەمیشە چاوی لەدەست و ماڵ و سامانی خەڵکە و بەدوای نەڕینیی خەڵک و ئەو ناز و نیعمەتانە دەکەوێت کە پەروەردگار بەخشیویەتی بە کەسانی تر. بەڵام، ئەم کەسە ڕازی نییە بەو بەشەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، بگرە هەمیشە ئاخ و داخ و نۆفیەتی و دەروونی ماندووە و ئاواتەخوازە ئەو خەڵکەی ناز و نیعمەتی خودای بەسەرەوەیە، لەناو بچێت و خودا بیدات بە ئەم، یان هەر تیابچێت ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت. ئەگەر سەرنج بدەین ئەم جۆرە کەسانە بە ویستی خۆیان ئیرەییبەرن و چاویان پیسە، ئەگەرنا دەتوانن چارەسەری خۆیان بکەن، ئەویش بەوەی واز لەو خوە خراپە بهێنن و تەوبە بکەن و چاو نەبڕنە ماڵی خەڵکی و ئاوات نەخوازن بە تیاچوونی ناز و نیعمەتی خەڵکانی تر.

دووەم- کەسێک بە سروشت و تەبیعیی خۆی هەر چاوی پیسە، بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێت، ئەم جۆرە لەچاوپیسان زۆر خراپتر و ترسناکترە لە جۆری یەکەم، ئەم کەسە چاو پیسە، ئیمکانی ئەوەی هەیە چاویش لەخۆی، یان لە کوڕ وماڵ و منداڵی بکات، بەبێ ئەوەی خۆشی حەزی پێ بکات، دەرەنجامی ئەو هەموو ئیرەییەی کە لە دڵ و دەروونیدا چووەتە خوارەوە، بووە بە بەشێک لە خوێن و جەستەی.

نایا چاوپیسی بوونی هەیە و ڕاستە؟

هیچ شتێک لە گەردووندا ڕوو نادات بەبێ قەدەر و ئیرادەی خوای گەورە، نەویش لەبەر بوونی حیکمەتێک کە هەرخۆی دەیزانێت. هەروەها هیچ کەس ناتوانێت کاریگەریی خراپ، یان چاک لەسەر کەسی تر دروست بکات: نە ئیرەییبەر، نە چاوپیس، نە ساحیر، نە فاڵچی و ... تادوایی بەبێ ئیرادەی پەروەردگار و ڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزە. هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾[1] واتە: بڵێ ئەی موحەممەد! ئێمە تووشی هیچ شتێک نابین مەگەر ئەوە نەبێت کە خوای گەورە لەسەری نووسیبین، هەر ئەویش پاڵپشت و پشتیوانمانە، جا کەوابێت باوەڕداران هەر بە پەروەردگاریان پشت دەبەستن.

هەروەها پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودەیەکدا کە ڕووی دەمی دەکاتە عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس و پێی دەفەرموێت: (واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، ولو اجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، رُفعت الأقلام وجفت الصحف.)[2] واتە: (چاک بزانە ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەوی کۆ ببنەوە کە بیانەوێت قازانجێکت پێ بگەیەنن، هەرگیز ناتوانن، مەگەر خوای گەورە لەسەری نووسیی بێت. هەروەها ئەگەر کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، دیسان ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە لەسەری نووسیی بێت، ئەوە بزانە پێنووسەکان بەرز کراونەتەوە و مەرەکەبی سەر لاپەڕەکانیش وشک بوونەتەوە).

[1] (التوبة: ٥١)
[2] (رواه الترمذى وقال حديث حسن صحيح.)

بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایە تووشی چاو و ئیرەیی بووییت، یان نا؟ ئەم ڕێگایە بگرە بەر

دەبێت بۆ ماوەی هەفتەیەک زۆر پابەند بیت بە پەرستش و خواپەرستییەوە و نوێژەکانت بەجوانی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت و زیکری بەیانییان و ئێواران و پێش خەوتن بخوێنیت، پاشان ڕۆژی ٣ کاتژمێر گوێ لە قورئان بگریت، یان بیخوێنیت، بەتایبەتی سووڕەتی: (الفاتحة، البقرة، آية الكرسي، الصافات، الدخان، الجن، الفلق، الناس)، دەتوانیت ٣ کاتژمێرەکە بە بەش بەش گوێ لێ بگریت، یان بخوێنیت، بەڵام هەر بە شەو نابێت لە نیو کاتژمێر کەمتر بێت، هەروەها نابێت خەیاڵت بڕوات و دەبێت بە نییەتی ئاشکرابوون و شیفاوە گوێ لە قورئانەکە بگریت یان بیخوێنیت، هەروەها دەتوانیت قورئان بەسەر ئاودا بخوێنیت و بیخۆیتەوە، بەتایبەتی: (الفاتحة، آية الكرسي، الناس، الفلق)، ٣ جار.

نیشانەکان

ئەگەر لەکاتی گوێگرتن، یان خوێندنی قورئان، تووشی ئەم بارودۆخە و نیشانانە بووییت، ئەوا نیشانەی تووشبوونە بە چاو و ئیرەیی:

١- سەرئێشە و پشتئێشەیەکی نائاسایی، یان دروستبوونی ئازار لە هەندێک شوێنی جەستە.

٢- باوێشکی زۆر و ئاو لەچاوهاتن و خەوهاتنێکی نائاسایی.

٣- سڕبوون.

٤- هەستکردن بە مێرووڵەکردنی لاشە.

٥- هەستکردن بە ماندووبوون و قورسبوونی لاشە بە شێوەیەکی نائاسایی.

٦- هەناسەتەنگی وهەستکردن بە خنکان.

٧- ڕشانەوە و درستبوونی ئازار و قۆڕە قۆڕی سک.

٨- لەرزین.

۹- بەرچاوڕەشبوون و سەرگێژبوون.

۱۰- دروستبوونی تا و ئارەقەکردن.

۱۱- هەستکردن بە جووڵەی نائاسایی لەش.

تێبینی: دەبێت بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو بەردەوام بیت بێ سارێوونەوە، چونکە زۆرجار نەخۆشییەکە لەسەرەتادا ئاشکرا نابێت و نیشانەکان دەرناکەوێت.

کەواتە ئەگەر کەسێک ئەم بارودۆخانەی بەسەر هات لەکاتی گوێگرتن لە قورئان، یان خوێندنی قورئان، ئەوا دەبێت زۆر بەخێرایی هەوڵی چارەسەرکرنی خۆی بدات، یان سەردانی مامۆستایەکی شارەزا بکات، ئەگەر کەسێکیش نەیتوانی بەم ڕێگەیە خۆی دڵنیا بکاتەوە لە تووشبوونی، یان تووشنەبوونی، دەتوانێت هەر لەسەرەتاوە سەردانی مامۆستایەکی شارەزا بکات.

کاریگەری و ناسەواری خراپ بەجێهێشتنی (چاوپیسی) لەسەر کەسی چاولێکراو

گومانی تێدا نییە کە لە ئیرادەی خودا دەرناچێت، بەڵام ئەوەندە هەیە هەموو کارو کاردانەوەیەک پێویستی بە هۆکارێک هەیە کە بەهۆیەوە ڕوو بدات، هەروەک لە پێشتریش وتمان مرۆڤی باوەڕدار پێویستە لەسەری ڕازی بێت بەو بەشەی کە پەروەردگار لە دونیا پێی بەخشیوە، پاشان هەرگیزیش چاو نەبڕێتە ماڵ و سەروەت و سامانی خەڵکی، تا لە چاوپیسی ڕزگاری ببێت. بەڵام، خۆ ئەگەر خۆی نەپاراست لەو هۆکارانە، گومانی تێدا نییە تووشی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە دەبێت، بەڵام ئایە بە چ شێوەیەک ئەو چاوپیسییە کاریگەری بەجێ دەهێڵێت و دەبێت بە هۆی زیانگەیاندن بە کەسی بەرانبەر؟ ئەوە بابەتێکە و تەنیا خوای گەورە عیلمی پێی هەیە، باوەڕدار تەنیا ئەوەی لەسەرە کە باوەڕی پێی هەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودەیەکی سەحیحدا دەفەرموێت: (العین حق ولو کان شیء سابق القدر لسبقته العین)[1] واتە: چاوکردن (چاوپیسی) شتێکی ڕاستە، ئەگەر بهاتایە شتێک پێش قەدەری خودا بکەوتایە، ئەوە بێگومان چاوپیسی پێشی دەکەوت.

[1] (رواه مسلم)

جیاوازیی نێوان ئیرەیی و چاو

ئیرەییبەر: ئیرەیی کاتێک ڕوو دەدات شتێکی بۆ وەسف دەکەن، واتە شتەکەی بەچاو نەبینیوە، بەس بۆی باس کراوە و ئیرەیی پێ دەبات، بەڵام چاوپێسی کاتێک ڕوو دەدات شتەکەی بینیوە، بە چاو بۆی وەسف نەکراوە ...

هەروەها ئیرەیی تووشی ئیرەیی پێبراو دەبێت بە کردار و نییەتی ئیرەییبەرەکە، بەڵام چاوپێس کاتێک چاو لە شتێک دەدات، بەس بە کردەوەیە، نییەتی لەگەڵ نییە.

بنچینەیەکی گرنگ. **ئیرەیی و چاوەزار یەک ئامانجیان هەیە کە مەبەستی لەناوچوونی نیعمەتێکە، بەڵام بە دوو ڕێگای جیاواز. هەموو چاوپێسێک ئیرەییبەرە، بەڵام هەموو ئیرەییبەرێک چاوپێس نییە.**

ئامۆژگاریەکی گرنگ: **هەموو سیحرلێکراوێک ئیرەیی پێ براوە پێش نەوەی سیحرەکەی لێ بکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر ڕاقی ئایەتەکانی ئیرەیی بخوێنێتە سەر سیحرلێکراو، چونکە پێش نەوەی سیحری لێ بکات، ئیرەیی پێ بردووە لەسەر نەو نیعمەتانەی خوای گەورە ڕژاندوویەتی بەسەریدا.**

چەند نیشانەیەکی سەرەکی ئیرەیی و چاوەزار

١. سەرئێشەیەکی بەردەوام.

٢. هەستکردن بە بێزاری، بە ماندووبوون.

٣. لەدەستدانی متمانە بەخۆی، هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ.

٤. تووڕەبوونی زۆر.

٥. ناڕەقکردن و نەخەوتن.

٦. بەرەکەت لە ماڵ و کاتی نامێنێت.

٧. گۆڕینی پێست و زەردبوونی، یان ڕەنگی تاریک دەبێت.

٨. کێشی زیاد دەکات، یان هەندێکجار کێشی دادەبەزێت.

٩. نەمانی قەناعەت، دڵتەنگبوون و حەزکردن بە مردن.

ئایە ئیرەیی و چاوپیسی ئیللا مەرجە ئەم شتەی بەرچاو دەکەوێت، ببینرێت؟

مەرج نییە ئەو کەسە ئیرەییبەرە چاوپیسە، کەسێکی بینەر و چاو ساغ بێت، بەڵکوو جاری وا هەیە ئەو کەسە نەخۆشە، کوێرە و نابینێتیش، بۆیە دەبینین هەر بەتەنیا وەسفکردنی ئەو شتە، یان ئەو ناز و نیعمەتەی کە بەسەر ئەو کەسەوە هەیە، ئەو کەسە کوێرە چاوپیسە، لە ڕێگای نەفس و دەروونییەوە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کەسی بەرانبەر.

ئیمامی حافظ، ابن حجر العسقلانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "ئەم بابەتەیە لەلای هەندێک کەس ئیشکاڵی دروست کردووە و دەڵێن: باشە چۆن چاو لە دوورەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کەسەی کە چاوی لێ کراوە و زیانی پێ دەگەیەنێت؟ وەڵامی ئەمەش بەو شێوەیە: نەفس و دەروون و تەبیعەتی خەڵکی جیاوازن، هەندێکجار لە ڕێگای ژەهرێکی پیسەوە دەبێت کە لە چاوی ئەو کەسە ئیرەییبەرەوە دەردەچێت و بە ناو هەوادا

دەگوێزرێتەوە بۆ ناو لاشەی ئەو کەسەی کە چاوەکەی لێ کراوە، هەر لەم بارەیەوە لە دەمی هەندێک لەو کەسە چاوپیسانەوە نەقڵ کراوە کە دەڵێن: کاتێک شتێکی سەرسوڕهێنەر دەبینم، هەست دەکەم بە گەرماییەک لە چاوەکانمەوە دەردەچێت."

هەروەها ئیمامی مازەریش دەفەرموێت: "هەندێک کەس وا گومان دەبەن کەسی چاوپیس لە ڕێگای چاوەکانیانەوە ژەهرێک ناراستەی بەرانبەرەکەیان دەکەن و لەناویان دەبەن، یان دەیانکوژن، وەک ئەوەی بڵێیت مارێک تەنیا بە سەیرکردنێک بتوانێت ژەهرەکەی ناراستەی کەسێک بکات و بیکوژێت." جا مازەری ئەوەی بەلاوە پەسەند نییە کە کاریگەریی چاو تەنیا بەم شێوەیە حەسر بکرێت، هەرچەندە ئەو کارەش بەدوور نازانێت، لە کۆتاییدا دەڵێت: "ئەوەی مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی لەسەر بێت، ئەوەیە کەسی چاوپیس کاریگەریی خراپ لەسەر کەسی چاولێکراو بەجێ دەهێڵێت، لەکاتی بینین و چاوپێکەوتنی، ئەویش بە عادەتێک کە خوای گەورە ئیجرای دەکات و ئەو کەسە تووشی زیان دەبێت، بەڵام ئایە ئەوە لەڕێگای ئەوەوە دەبێت کە تیشکێک لەچاوی ئەو کەسەوە دەربچێت و بەر کەسی بەرانبەر بکەوێت؟ ئەمەش شتێکە ئیحتمالی هەیە وا بێت ئیحتمالیشی هەیە وا نەبێت، بەڵکوو بەشێوەیەک بێت تەنیا خوای گەورە خۆی بزانێت."

جیاوازیی نێوان ئیرەیی و چاوپیسی

١- هەموو چاوپیسێک ئیرەییبەرە، بەڵام هەموو ئیرەییبەرێک چاوپیس نییە.

٢- زیانی چاوپیسی زیاترە و خراپترە لە ئیرەیی.

٣- ئیرەیی بە شتێک دەبردرێت کە بینیوتە و نەتبینیوە هێشتا ڕووی نەداوە، بەڵام چاوپیسی نابردرێت ئیللا شتەکە ڕووی دابێت، بەچاو ببینێت، واتە بەرچاو بێت.

٤- ئیرەیی چاوگەکەی سووتانی دڵە و بەگەورەدانانی نیعمەتە لەسەر کەسێک، بەڵام چاوپیسی چاوگەکەی پیسبوونی نەفسە، یان پیسبوونی بینینە.

٥- ئیرەیی ڕوو نادات لە شتێک پێی ناخۆش بێت، وەک: ماڵ و منداڵ، بەڵام چاوپیسی ڕوو دەدات لە شتێک پێی خۆشیش نەبێت، وەک: ماڵ و منداڵ، کە چەندین کەس بە چاو کاریگەریان لە منداڵی خۆیان کردووە.

ئیرەییبەر و چاوپیسەکان دەبێت بیر لە زیانەکانی ئەم دەردە بکەنەوە لەسەر خۆیان. کە ئەمانەن:

١- ئیرەییبەر و چاوپیس ناخۆشترین ژیانیان هەیە لەم دونیایە، چونکە بەردەوام لە خەم و خەفەت دان.

٢- ئەم ئیرەییە چاکەکانت دەخوات، هەر وەک چۆن ئاگر دار دەخوات.

٣- ئیرەییبردن بە خەڵک، لاوازیی ئیمانهێنان بە قەدەری تێدایە.

٤- خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت.

چەندین زیانی بۆ خەڵک و کۆمەڵگە هەیە، تەقوای خوا بکە و بگەڕێوە بۆ لای خوای گەورە، ئەم دەردە کوشندەیە لادەچێت بە دوعا کردن و عیبادەتکردن.

نەو ئایەت و فەرموودانەی کە بەڵگەن لەسەر حەرامێتی ئیرەیی

چەند ئایەتێک هەڕەشە دەکەن لە مرۆڤی ئیرەییبەر، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان دوور بکەونەوە لە ئیرەیی، خودای گەورە دەفەرموێت: (ام یحسدون الناس علی ماآتاهم الله من فضله)[1] واتە: جوولەکە ئیرەییان دەبرد بە پێغەمبەری خوا ﷺ و سەحابەکان، لەسەر نەوەی خوای گەورە موحەممەدی کردووە بە پێغەمبەر ﷺ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئیرەیی ڕەوشتی بێباوەڕانە، نەک موسڵمان. هەروەها ئایەتی دووەم خوای گەورە دەفەرموێت: (ومن شر حاسد إذا حسد)، واتە: پەنا دەگرم بە (الله) لە خراپەی مرۆڤی ئیرەییبەر، کاتێک ئیرەییم پێ دەبات. هەروەها پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (لاتباغضوا ولاتحاسدوا)، واتە: ڕقتان لەیەکتر نەبێت، هەروەها ئیرەییش بەیەک مەبەن. هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إیاکم والحسد فإن الحسد یأکل الحسنات کماتأکل النار الحطب)، واتە: وریابن ئیرەیی بەیەکتر مەبەن، چونکە ئیرەیی چاکەی مرۆڤ لەناو دەبات هەروەکوو چۆن ئاگر دار دەسووتێنێت و لەناوی دەبات.

ئەگەر تەماشای سەرەنجامی ئیرەیی بکەی، دەبینیت یەهوودییەکان ئیرەییان بە پێغەمبەری خودا ﷺ برد، تووشی کوفر و بێباوەڕی بوون، خۆیان و خەڵکیشیان گومڕا کرد، ئیرەیی یەکەم گوناهـ بووە ئەنجام دراوە لەسەر زەوی، هەر ئیرەیی بوو وای لە قابیل کرد هابیل بکوژێت، هەرئیرەیی بوو وای لە ئبلیس کرد سوجدە بۆ ئادەم نەبات.

[1] (سوورەتی: النساء ئایەتی: ٥٤)

ئاگادارکردنەوە لە کەسی چاوپیس و ئیرەییبەر

ئیرەیی: برێتییە لە ئاواتەخوازی بۆ نەمانی نیعمەتی کەسی بەرانبەر. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ﴾[1] **هەروەها پێغەمبەری خوا** ﴿ﷺ﴾ **دەفەرموێت:** (وَلَا يَجْتَمِعُ فِي جَوفِ عبدٍ الإيمان وَالْحَسَدُ)[2] **واتە: لە دڵ و ناخی کەسێکدا باوەڕ و ئیرەیی پێکەوە کۆ نابنەوە. هەروەها دەفەرموێت:** (ولا تحاسدوا)[3] **واتە: (ئیرەیی بەیەکتر مەبەن.)**

رێگاکانی رزگاربوون لە ئیرەیی

١- پەناگرتن بە خوا لە خراپە و خۆپاراستن پێی و پەنابردن بۆ خوای بەتوانا.

٢- لەخواترسان و تەقوای خوا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دووركەوتنەوە لە نەهییەکانی.

٣- ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتن لەسەر کەسی ئیرەییبەر و تەقوای خوا لەو کارەدا.

٤- پشتبەستن تەنیا بە خوا.

٥- خۆسەرقاڵنەکردن بە ئیرەییبەرەوە.

٦- ڕووکردنە خوا و پاککردنەوەی نییەت بۆی و خەریکبوون بە گوێڕایەڵیکردنییەوە.

٧- خۆبەکلاکردنەوە بۆ تۆبە و گەڕانەوە بۆلای خوا لەو تاوانانەی کە دوژمن و ناحەزەکانی تووشیان کردووە.

٨- سەدەقەکردن و چاکەکاری بە گوێرەی توانا.

٩- کوژاندنەوەی ئاگری ئیرەییبەر و ستەمکار و نەزیەتدەر بە چاکەکردنی بەرانبەری.

---

[1] (البقرة: ١٠٩)
[2] (صحيح الجامع: ٧٦٢٠)
[3] (متفق عليه)

١٠- ساغکردنەوەی یەکخواپەرستی لە بیروباوەڕدا، چونکە یەکتاپەرستی ئەو قەڵا پارێزەرەی خوایە کە ئەگەر هەرکەسێک بچێتە ناویەوە، ئەوا لە پارێزراوانە.

چاوپیسی و خۆپاراستن لێی

چاوپیسی: بریتییە لە سەیرکردن لەگەڵ بەچاکدانانی شتێک، یان کەسێک کە ناوێتەی ئیرەییە و دەبێتە هۆی زەرەرلێدانی چاولێدراو کە هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ کوشتنی کەسەکە. خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ﴾[١] واتە هەروەها نزیکە کافران کە قورئانی پیرۆز دەبیستن بە چاویان زەرەر و زیان بە تۆ بگەیەنن لە رق و کینە و ئیرەییدا.

هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموێت: (العينُ حَقٌّ)[٢] واتە: چاو حەقە و کاریگەربیەکەی ڕاستە. هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (لَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ)[٣] واتە: (ئەگەر شتێک پێش قەزا و قەدەر بکەوتایە، ئەوا چاو پێشی دەکەوت.)

---

[١] (القلم:٥١)
[٢] (متفق علیه)
[٣] (صحیح الجامع: ٥٢٨٦)

ئایە چاوی خۆمان کاریگەری لەسەر خۆمان هەیە؟

پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ ڕێنماییی کردووین کە ئەگەر کەسێک ترسا لەوەی کە چاوی کاریگەری لەسەر شتێک بکات و زیانی پێ بگەیەنێت، ئەوا با دوعا و نزای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، وەکوو دەفەرموێت: (إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ, أَوْ مِنْ نَفْسِهِ, أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ [فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ] فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ)[1] واتە: هەر کاتێک یەکێک لە ئێوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە دەروونیدا، یان لە ماڵەکەی، یان لە براکەی، ئەوە با نزا و دوعای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، چونکە بەڕاستی چاوپیسی ڕاستە.

هەروەها پێشەوا (ابن القيم رحمه الله) دەفەرموێت: "هەندێکجار پیاو، چاوی کاریگەری لەسەر خۆشی دەبێت."

پێشەوا (ابن كثير رحمه الله) دەفەرموێت: "هەندێک لە سەلەف فەرموویانە هەر کەسێک شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە ماڵی، یان منداڵی، ئەوا با بڵێت: (ما شاء الله، لا قوه إلا بالله)

لە بیروباوەڕی ئێمەی موسڵمان ئەوەیە کە باوەڕمان هەبێت بە چاوپیسی و زیانەکانی، هەر وەکوو چۆن پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ لە فەرمودە پیرۆزەکانیدا ئامادەی پێ کردووە و ڕوونی کردووەتەوە، لەوانە دەفەرموێت: (الْعَيْنُ حَقٌّ, وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ سَبَقَتْهُ الْعَيْنُ وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا)[2] واتە: چاوپیسی ڕاستە و بوونی هەیە، خۆ ئەگەر شتێک ببوایە پێش قەدەر بکەوتایە، ئەوا چاوپیسی پێشی دەکەوت، هەروەها فەرمان دەکرێت بە چاوپیس، کە دەستنوێژ بگرێت و چاولێدراویش بە ئاوی دەستنوێژەکەی خۆی بشۆرێت.

هەروەها دەفەرموێت: (اسْتَعِيذُوا بِاللهِ مِنَ الْعَيْنِ فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ)[3] واتە: پەنا بگرن بە خودا لە چاوپیسی، چونکە بەڕاستی چاوپیسی بوونی هەیە و ڕاستە.

---

[1] (صححه الألباني في صحيح الجامع: ١ / ٢١٢)
[2] (مسلم: ٥٨٣١)
[3] (صححه الألباني في صحيح الجامع: ٩٣٨)

بەڵام، بەداخەوە ئەوەی کە لە ڕۆژگاری خۆماندا دەیبینین و دەکرێت بۆ خۆپاراستن لە چاوپیسی، زۆری بە هۆکاری نابەجێ و نادروست دەکرێت، بەڵکوو هۆکاری شیرکی دەگیرێتە بەر، وەکوو: هەڵواسینی موروویی شین، نالی گوێدرێژ، کڵاش، نوشتە و ... تاد. ئاشکرا و ڕوونیشە کە بەکارهێنانی ئەم شتانە کارێکی بێسوودە و تاوانێکی گەورەیە و شیرکە، هەر وەکوو چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ)[1] واتە: بەڕاستی ڕوقیەی ناشەرعی و چاوەزار و تیوەلە -شتێکە بەکار دەهێندرێت بۆ ئەوەی ژن لەلای مێردەکەی خۆشەویست ببێت- ئەمانە هاوەڵدانان و شیرکن.

بەڵکوو دەبێت هۆکاری دروست و پەسەند بگرینە بەر، هەر وەکوو چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ فێری کردووین، لەوانە وەکوو ئەو فەرموودەیەی کە نووسەر هێناویەتی و خوێندنی سووڕەتی (الفلق) و (الناس) و خوێندنی وبردی: (أَعُوذُ بِكَلِماتِ اللهِ التَّامَّة، مِنْ كُلِّ شَيْطانٍ وَهامَّة وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّة)[2]

چۆنیەتی خۆپاراستنمان لە چاوپیسی

پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (العين حق)[3] واتە: چاوپیسی حەق و ڕاستییە و بوونی هەیە.

شێخ (ابن عثيمين) -بەڕەحمەت بێت- دەفەرموێت: "... چاوپیسی ڕاستە و بوونی هەیە و واقیع و ژیانی ڕۆژانە شایەتی بوونی دەدا. چاوپیسی ئاماژەیە بۆ دەرچوونی شتێک لە کەسێکی ئیرەییبەرەوە کە ئیرەیی بە کەسانێک دەبات بەو نیعمەت و بەخششەی کە خوای گەورە بە فەزڵ و بەخشندەیی خۆی پێی بەخشیون –چاوپیس- کەسێکی خراپە و نایەوێت کەسەکان چێژ ببینن لە بەخششەکانی خودا، کە هەرکات نیعمەت و بەخششێکی لە نیعمەتەکانی بینی

[1] (صححه الألباني في الصحيحة: ٣٣١)
[2] البخاري (٣٣٧١)
[3] (رواه مسلم)

که لەلایەن خوای گەورەوە دراوە بە کەسێک، ئەوا ئەو ئیرەییەی که لە ناخیدایە، دەربدەکات هەتا کار دەکاتە کەسی چاولێدراو."

چۆنیەتی خۆپاراستن لە چاوپیس

یەکەم: بۆ کەسی چاوپیس.

ڕێگەی ڕزگاربوون لە چاوپیسی لەلایەن کەسی چاوپیسەوە ئەوەیە کە کەسێکی بینیی نیعمەت و بەخشێکی خوای پێ دراوە، دوعای بەرەکەتی بۆ بکات و بڵێت خوایە بەرەکەت بڕژێنی بەسەر فلان کەسدا، یاخود هەر وتەیەکی تر کە نەفس و ڕۆحی پێ دڵنیا و ئارام بکاتەوە و ئیرەییەکەی بنبڕ بکات و ئیرەیی پێ نەبات.

دووەم: بۆ کەسێک کە بترسێت چاوی لێ بدرێت.

چارەسەرەکەی ئەوەیە کە زیکرەکانی بەیانییان و ئێواران زۆر بخوێنێت کە هاتوون لەو بارەوە وەک: (آیة الکرسی، سووڕەتی الاخلاص، قل اعوذ برب الفلق و قل اعوذ برب الناس)، یان هەر دوعا و زیکرێک کە لە سوننەتدا لەو بارەوە هاتبێت کە ئەمەش چارەسەرە بۆ خۆپاراستن لە چاوپیسی پێش تووشبوون بە ئیرەیی و چاوپیسی.

حوکمی کەسی چاوپیس چییە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە؟

١- بەڕێز دکتۆر موحەممەد مەحموود، خاوەنی (التفسير الواضح) دەفەرموێت: ئایا بەخێلیپێبردن و ئیرەیی تین دەکاتە سەر بەخیلی پێبراوەکە؟ وەڵام دەداتەوە بەمە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

- (...إن العين لتدخل المرء القبر والجمل القدر)[1] **واتە: (بێگومان چاو مرۆف دەخاتە گۆڕەوە و حوشترێش دەخاتە مەنجەڵەوە.)**

- (وأعوذ بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة من كل عين لامة)[2] **واتە: (پەنا دەگرم بە وشە پڕ مانا و تێر و تەواوەکانی خوا لە هەر شەیتانێک، هەروەها لە هەموو چاوێکی زیاندەر و لادەر.)**

جارێکیان وتیان بە پێغەمبەر ﷺ کە هەندێک لە هاوەڵان تووشی ئازار بوون بەهۆی بەخاڵەتی چاوپیسانەوە، ئەویش فەرمووی: (علام يقتل أحدكم أخاه؟ ألا بركت إن العين حق. توضأ له)[3] **واتە لەبەرچی برای خۆت دەکوژی؟ ئەی بۆ ناڵێیت:** (اللهم بارك فيه).[5] **ولفظه:** (ذا رأى أحدكم من أخيه ومن نفسه ومن ماله ما يعجبه (فليبركه) فإن العين حق). **خوایە پیت و بەرەکەتی تێخەی، دە بڕۆ دەست نوێژ بگرە، ئینجا تەماشای ماڵی مەردوم بکە، ئەمە مانای وایە کە چاوپش شتێکی ڕاستە و هەیە و چارەکەیشی ئەمەیە بڵێیت:** (أعوذ بكلمات الله التامة ...)[4]**. هەروەها چاوپیسەکەش دەستنوێژ بگرێت و بڵێت:** (تبارك الله أحسن الخالقين) **کاتێک شتێکی بینی، پێی سەیر بوو. (بەڕێز دکتۆر موحەممەد دەڵێت: "هەندێک لە زاناکان دانانێن بە تەئسیر و تینی چاودا، بەڵکوو بە جۆرێکی تر مانای ئایەتەکە**

---

[1] (مسند الشهاب القضاعي- إن العين لتدخل الر جل القبر حديث: ٩٨٤. وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة، برقم: ١٢٤٩)

[2] (صحيح البخاري، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله تعالى: واتخذ الله إبراهيم خليلا، حديث: ٣٢٠٧)

[3] (صحيح ابن حبان، كتاب الحظر والإباحة، كتاب الطب، ذكر الأمر لمن رأى بأخيه شيئا حسنا أن يبرك له فيه، حديث: ٦١٩٧. وصححه الألباني في مشكاة المصابيح، برقم: ٤٥٦٢)

[4] (صحيح البخاري، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله تعالى واتخذ الله إبراهيم خليلا، حديث: ٣٢٠٧)

[5] (صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، برقم: ٢٧٢)

دەکەن. واتە: ڕۆڵەکانی بە جیاجیا بڕۆن تا عەزیزی میسر بیانبینێت کە کۆمەڵێکی زۆرن و بایەخیان بداتێ.")

٢- بەڕێز (جلال الدين السيوطى) دەفەرموویت: (... و ادخلوا من أبواب متفرقة...) (لئلا تصيبكم العين) واتە: لە یەک جێگاوە مەڕۆن تا چاو تینتان تێ نەکات.

خاوەنی تەفسیری خازنیش دەفەرموێت: (إنما أمرهم بذلك لأنه خاف عليهم العين لأنهم كانوا قد أعطوا قوة وجمالا وامتداد قامة...لئلا يصابوا بالعين فإن العين حق وهذا قول ابن عباس ومجاهد وقتادة وجمهور المفسرين.) بۆیە یەعقووب -عليه الصلاة والسلام- بەو شێوەیە وەسیەتی بۆ کردن، تا تووشی چاو نەبن، چونکە چاو ڕاستە، ئینجا دەڵێت نەمە ڕای (ئیبن عباس و موجاهیدو قەتادە) و جومهوری ڕاڤەکارانی قورئانە.

نەهلی سوننە دەفەرموون: (إن المعيون إنما يفسد أو يهلك عند نظر العائن بفعل الله تعالى، أجرى الله تعالى أن يخلق الضرر عند مقابلة هذا الشخص لشخص آخر.) چاوتینلێکراوەکە کاتێک تیا دەچێت، هەروەها یان وەزعی تێک دەچێت، بەهۆی تەماشاکردنی چاوپیسەکەوە، بە فەرمان و کرداری خوای گەورەیە.

٣- خاوەنی (التفسير البيضاوي)یش دەفەرموێت: (... وكان الداعي إليها خوفه على بنيامين، وللنفس آثار منها العين، والذي يدل عليه قوله عليه الصلاة والسلام في عوذته: أعوذ بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة ومن كل عين لامة.)[1] واتە: بۆیە (یەعقووب) -عليه الصلاة والسلام- نەو ڕاوێژەی بۆ کردن، لەبەر ئەوە دەترسا (بونیامین) شتێکی بەسەر بێت بە هۆی چاو و شتێکی واوە، بەڵگەی ڕاستی چاوێش ئەم فەرموودەیەیە کە دەفەرموێت: (اللهم إني أعوذ بكلمات الله التامة...)[2]

[1] (صحيح البخارى، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله تعالى: واتخذ الله إبراهيم خليلا - حديث: ٣٢٠٧)

[2] (صحيح البخارى، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله تعالى: واتخذ الله إبراهيم خليلا - حديث: ٣٢٠٧).

٤- خاوەنی (التفسیر الکبیر) دەفەرموویت: کاتێک کوڕەکانی یەعقووب -علیه الصلاة والسلام- وێستیان بەرەو میسر بڕۆن، زۆر لاو و هەڵکەوتە بوون، فەرمووی: (یا بنی لا تدخلوا ...) جا هۆی ئەمە چی بوو؟

دوو قەول هەیە:

قەولی یەکەمیان: وهو قول جمهور المفسرین أنه خاف من العین علیهم).

قەولی دووەم: (ئەبوو علی الجبائی)یە دەفەرموویت: کوڕەکانی یەعقووب -علیه الصلاة والسلام- لە میسردا ناو و شۆرەتیان دەرکردبوو بۆ جوانی و هەڵکەوتوویی، ئینجا ئەمین نەبوو لە بەخاڵەتی مەردم، بۆیە فەرمووی: (یا بنی لا تدخلوا ...) ئیمام فەخرەدینی ڕازی دەفەرموویت: چاوپیسی شتێکی ڕاستە و هەیە، چونکە:

- ڕافەکارانی پێشووی قورئان هەموو هاودەنگن لەوەدا کە مەبەست لەم ئایەتە چاوپیسە. (أطباق المتقدمین من المفسرین علی أن المراد من هذه الآیة ذلك).

- هەموو جار پێغەمبەر ﷺ دوعای دەخوێند بەسەر حەسەن و حوسەیندا بەم دوعایە: (أعیذکما بکلمات الله التامة من کل شیطان وهامة، ومن کل عین لامة)[1] دەیفەرموو: "ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق -علیهم الصلاة والسلام- ئاوایان دەکرد."

- عوبادەی کوڕی سامیت دەفەرموویت: سەر لە بەیانی زۆشتمە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ دەبینم زۆر ئازاری هەیە، ئینجا سەر لە نێواوە گەڕامەوە بۆلای، دەبینم بارودۆخی چاک بووە و گۆڕاوە، فەرمووی: (إن جبریل – علیه السلام – أتاني فرقاني، فقال: بسم الله أرقیك، من

[1] (المستدرك علی الصحیحین للحاکم، کتاب معرفة الصحابة رضي الله عنهم، ومن مناقب الحسن والحسین ابني بنت رسول الله ﷺ، حدیث: ٤٧٣٠. وصححه الألباني في مشکاة المصابیح، برقم ١٥٣٥)

كل شيء يؤذيك، من كل عين وحاسد يشفيك، أو قال: الله يشفيك)[1] واتە جوبرەئیل ئەم دوعایەی بە سەرما خوێند و شیفام بۆ هات.

- دەڵێن منداڵەکانی جەعفەری ئەبی تالیب سپیپێست و جوان خاس بوون، بۆیە ئەسما فەرمووی: "ئەی پێغەمبەری خوا وا دەزانم چاو زوو تینیان تێ دەکات، مۆڵەت هەیە دوعای چاوەزاریان بۆ بکەم؟" فەرمووی: "بەڵێ".

- پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ ماڵی ئوم سەلەمە، منداڵێک لەوێ نەخۆش بوو، وتیان: "ئەی پێغەمبەر وا دەزانین چاو تینی تێ کردووە، مۆڵەت هەیە چاوەزاری بۆ بکەین؟" ئەویش فەرمووی: "بۆچی بۆتان نەکردووە؟"

- شێخ (عەلی منصور ناصف) خاوەنی (التاج الاصول) ئەم فەرموودانەی هێناوە:

یەکەم: عن أبي هريرة ﷺ عن النبي ﷺ قال: (العين حق)[2]. وزاد مسلم والترمذي: (ولو كان شيء سابق القدر لسبقته العين وإذا استغسلتم فاغسلوا)[3]. واتە: (چاو ڕاستە، هەروەها ئەگەر شتێک پێشی قەدەر بکەوتایە، چاو پێشی دەکەوت، هەروەها هەرکات داوای خۆشۆرینتان لێ کرا، خۆتان بشۆرن) وەک ئەم شێوەی خۆشۆرینە کە پێشەوا ئەحمەد و نەسائی و ئیبنی حیبان دەڵێن، بەم جۆرە دەبێت: کابرای چاوپیس دەم و چاو و دەستی تا ئانیشکی بشۆرێت، هەروەها لە ناوکییەوە تا خواروی لاشەی، ئینجا ئاوەکە بکرێتە ناو پەرداخێکەوە پیرژێنرێت بە سەر سەروپشتی چاودراوەکە، بە پشتیوانیی خوا شیفای بۆ دێت. (ئەگەر کەسێک ترسی ئەوەی بوو چاوی خەڵک بدات بڵێ (اللهم بارك عليه) وەک پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە عامری کوڕی ڕەبیعە کاتێک سەهلی کوڕی حەنیفی کرد بە چاوەوە (الا برکت)؟ دیسانەوە وتنی: (ماشاء الله لا قوة الا بالله).

---

[1] (مسند أحمد بن حنبل. ومن مسند بني هاشم. مسند أبي سعيد الخدري ﷺ. حديث: ١١٣٢٣. وصححه الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٧٠).

[2] (صحيح البخاري، كتاب الطب، باب: العين حق - حديث: ٥٤١٥)

[3] (صحيح مسلم، كتاب السلام، باب الطب والمرض والرقى، حديث: ٤١٥٢)

قال القاضي في هذا الحديث من الفقه ما قاله بعض العلماء أنه ينبغي إذا عرف أحد بالإصابة بالعين ان يجتنب ويتحرز منه. وينبغي للامام منعه من مداخلة الناس، ويأمره بلزوم بيته، فإن كان فقيرا رزقه ما يكفيه ويكف أذاه عن الناس[1].

دووەم: عن أم سلمة ﷺ أن النبي ﴿ﷺ﴾ رأى في بيتها جارية في وجهها سفعة فقال: استرقوا فإن بها النظرة)[2] واتە: ئوم سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێت)، دەفەرموێت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کەنیزەیەکی چاو پێکەوت لە ماڵماندا دەم و چاوی سوور و ڕەش داگیرسابوو، ئەویش فەرمووی: "یەکێ پەیدا بکەن دوعا بخوێنێ بەسەریا، بێگومان چاو دراوە."

سێیەم: وقالت اسماء بنت عميس ﷺ، يارسول الله إن ولد جعفر تسرع إليهم العين أفاسترقي لهم؟ قال نعم، فإنه لوكان شيء سابق القدر لسبقته العين.[3]

بەڕێز شێخ عەلی منسور دەفەرموێت: "لەم فەرموودانەوە دەرکەوت کە چاو شتێکی ڕاستە، دەرمانەکەیشی یان ئاوە -بەو شێوەیە باسکرا- یان دوعاخوێندنە، چاو شتێکی سروشتییە زۆرجاران لە پیاوچاکانیشدا هەیە، جا هەر کەسێک ڕوون بووبەوە کە چاوپیسە و شتێکی کرد بە چاوەوە، دەبێت بیبڕێرێ، نە هەر ئەمەندە، بەڵکوو هەندێک لە زاناکان فەرموویانە: ئەگەر کابرایەکی کرد بەچاوەوە و مرد، ئەوە یان دەکوژرێتەوە، یان خوێنی دەدات." بەڵام پێشەوا شافیعی دەفەرموێت: (لا شيء عليه لأنها لا تقتل غالبا، ولأن الحكم إنما يترتب على منضبط عام دون ما يختص ببعض الناس) هیچ شتێکی لەسەر نییە. بە هەرحاڵ ئەگەر خۆی بۆ چار نەکرا، پێویستە لەسەر حاکم بەندی بکات و نەفەقەی بداتێ، تا موسڵمانان زیانیان بەر نەکەوێت.[4]

جوارەم: ئیبن قەییمی جەوزی لە پەرتووکی (زاد المعاد)دا بەرگی یەکەم لاپەرە ١٤٠دا دەفەرموێت: "جبريل زۆرجار دوعای دەخوێند بەسەر پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ بەم دوعایە:

---

[1] لاپەرە ١٧٣ هەمان سەرچاوە.

[2] (صحيح البخاري، كتاب الطب، باب رقية العين، حديث: ٥٤١٤)

[3] (سنن الترمذي، الجامع الصحيح، الذبائح، أبواب الطب عن رسول الله ﷺ، باب ما جاء في الرقية من العين، حديث: ٢٠٣٦. وصححه الألباني في الجامع الصحيح لسنن الترمذي، برقم: ٢٠٥٩).

[4] (تاج الأصول: ب ٣ ل ٢٠٧ – ٢٠٨).

(باسم الله أرقيك، من كل داء يؤذيك، من شر كل نفس أو عين حاسد، الله يشفيك، باسم الله أرقيك)." (سبق تخريجه آنفا)

شێوەی خۆپاراستن لە چاو

- دەرنەخستنی ئەو شتانەی خەڵکی بەلایانەوە سەیرن، واتە: هەوڵ بدرێت منداڵەکە نیشان نەدرێت، هەروەها یان ناڕەڵەکە بپارێزرێت لەو چاوپیسە. بەغەوی لە (شرح السنة) دەفەرموویت: (أن عثمان -ﷺ- رأى صبيا مليحا فقال: دسموا نونته لئلا تصيبه العين). (ذكره ابن القيم في زاد المعاد، و رواه أحمد بن يحيى الشيباني عن محمد بن زياد الأعرابي، ذكره أبو عمر عنه، لايعرف له إسناد ولكنه منقول فقط) واتە: ئیمامی عوسمان منداڵێکی شیرین و جوان خاسی چاو پێکەوت، پاشان فەرمووی: برۆن چاڵی چەناکەی ڕەش بکەن با چاو تینی تێ نەکات. بەڵێ، ناوبراو زۆر شتی سەیری نووسیوە لە پەڕتووکەکەیدا هەر کەسێک بیەوێت زیاتر ئاگادار بێت با بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام ئەوەی بەرچاو بکەوێت و بڕواتە دڵەوە لە زۆر فەرموودە و وتەی زاناکانەوە ئەوەیە کە چاو بناغەیەکی هەیە، وەک هەندێک فەرموودەمان هێنایەوە و زۆرێکیان بوخاری و موسلیم دانیان پێدا ناون.

جا بۆ موسڵمانان پێویستە ملکەچی ئەو فەرموودانە بێت و بڕوای وا بێت کە خوای گەورە ویستی لە هەرچی بوو بیکات، تینی تیا دروست دەکات، ئیتر با ژیری تۆش ڕێگە نەدات، چونکە زۆر شت هەیە لەم بوونەوەرەدا کە عەقڵی تۆ دانیان پیا نانێت کەچی هەن، شایەنی باسە ئەگەر کەسێک بڵێت: "جا ئەو چاوە چۆن تین دەکاتە سەر ئەو شتە لە کاتێکدا نێوانیان دوورە، واتە ئەگەر شتێک نەدات لە شتێکی تر تینی بۆ نابات، ئەی ئەم چاوە چۆن تین دەکات؟"

ئێمەش دەڵێین: "موسڵمان ملکەچە بۆ دەسەڵاتی خوای گەورەو هەموو ئاڵوگۆڕێ دەکات، نابینی مار و دووپشک خوای گەورە ئەو ماددە (ژەهرە)ی تیا دروست کردووە، هەر کە دایان بە هەر شتێکەوە تینی تێ دەکەن." ئەگەر بڵێیت: "جا ئەو یەکسەر دەمی دەگاتە شتەکە، بەڵام چاو وانییە!" دەڵێین: "ئایا موگناتیس دەگاتە شتەکە کاتێک ڕای دەکێشێت؟ هەندێک

شتی جۆراوجۆر هەیە خوای گەورە لەم بوونەوەرەدا دروستی کردوون هەر بە ناوبردنەکەیان تین دەکەن، نابینی هەرکات باسی هەناری ترش کرا بە خێرایی دەمت پڕ دەبێت لە ئاو؟! هەروەها.. تاد."

٧- خاوەنی تەفسیری نامی دەفەرموێت: "ئەم زیانی چاوپیسە پێویست ناکات بە هۆی جیابوونەوەی ئەجزای ماددییەوە بێت لەو چاوپیسەوە بۆلای شتەکە کە چاوی لێداوە، بەڵکوو لەوانەیە خاسییەت و سرێکی نەفسی بێت کە لەکاتی بەیەککگەیشتنی ئەو دوو لایەنەدا پەیدا ببێت، تەماشا دەکەیت چاوت کەوت بە شتێکی قێزەون، دڵت تێک دەچێت، یان چاوت کەوت بە مار نەوعە وەزعێکی تایبەتی لە نەفسی مرۆڤدا پەیدا دەبێت. چاوت کەوت بە ستەمکار، بارودۆخت دەگۆڕێت، چاوت کەوت بە شتێکی جوان، نەفست ئاسایشی بۆ دێت. چاوت کەوت بە مرۆڤێکی باوەڕێکراو، هێزێک لە دڵدا پەیدا دەبێت. ئەمانە هەر هەموویان ڕاستن و لە مەعنەوباتن."

لەلای ئێمە بەراورد کراوە هەندێک مار هەیە ژنی سکپڕ بۆیان بڕوانێت، ئەو ژنە بەر دەخا. هەروەها وێنەی ئەمانە زۆرە.[1]

٨- موسلیمیش خوا لێی ڕازی بێت -چەند فەرموودەیەکی هێناوە و ئیمامی نەوەوی ڕافەی لێ کردوون، هەر هەموویان- دیسانەوە بابەتی چاویان سەلماندووە. جا ئەگەر وبستت سەرێک لە شەرحی نەوەوی بدەی، لە بەرگی حەوتەمدا لاپەرە (١٧١ - ١٧٤).

ئەمە باقەیەک بوون لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ڕای (مفسر) و ڕافەکەرانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە بابەتی چاو. هیوادارم سوودبەخش بێت بۆ هەموو موسڵمانێک، ئیتر بەڵامانەوە پێویست نەبوو ڕای فوقەهاکانیش باس بکەین. وا دەزانم ئەم ئەندازەیە بەس بێت، چونکە ئەگەر کەسێک بەم بەڵگانە بڕوا نەکات، بە نووسینی سەدەها دێر و بەڵگەی تریش قایل نابێت.

[1] (تەفسیری نامی، بەرگی چواردەم، لاپەرە: ٣٤٠)

بۆئەوەی چاوت کاریگەری نەبێت بەسەر خۆت و خەڵکەوە، چی بڵێی باشە؟

پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (إذا رأى أحدكم من أخيه ومن نفسه ومن ماله ما يعجبه فليبركه فإن العين حق)[1] واتە: (هەرکەسێک شتێک ببینێت لە براکەی، یان لە نەفسی خۆی، یان لە ماڵی خۆی کە پێی خۆشە و سەرسامە، با بەرەکەتی بۆ لێ بدات، چونکە چاو حەقە).

شیخ سلیمان روحەیلی دەفەرموێت: "ئەوەی داواکراوە لە وەسیەتەکەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾، ئەوەیە بەرەکەتی بۆ لێ بدەی، بۆ نموونە بڵێی: (تبارك الله) یان (بارك الله.) ئەگەر لەگەڵیدا بڵێی: (ماشاء الله تبارك الله) باشە، یان بڵێی: (ماشاء الله لاقوة الا بالله تبارك الله) باشە، هەروەک لە بەسەرهاتەکەی سووڕەتی کەهف هاتووە، بەڵام ئەگەر بڵێی: (ماشاء الله لاقوة الا بالله) بەتەنیا بەبێ بەرەکەت، ئەوە داواکراوەکەی جێبەجێ نەکردووە کە لە وەسیەتەکەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هاتووە کە دەفەرموێت بەرەکەتی بۆ لێ بدە."[2]

نیشانەکانی: چاوونەفەس و چاوپیسی و چاوەزار

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا کەسانێکی زۆر تووشی چاوونەفەس و چاوپیسی و نێرەیی دەبن، بەڵام بەداخەوە بێئاگان لە نیشانەکانی ئەو جۆرە نەخۆشییە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی.

ئەو کەسەی تووشی چاو و نێرەیی بووە، کۆمەڵێکی زۆر لەم نیشانانەی تێدایە (زۆربەی ئەم نیشانانە لە پشکنینی پزیشکی دەرناچن، واتە ئەگەر نەخۆش پشکنین بۆ خۆی بکات، پاک دەردەچێت لە ڕووی پزیشکییەوە):

١- سەرئێشەی بەردەوام.

---

[1] (السلسلة الصحيحة: ٢٥٧٢)

[2] (وەرگیراوە لە پارچە فیدۆیەکی شێخ: سليمان الرحيلي)

٢- پشتئێشە، بەتایبەتی خوارەوەی پشت.

٣- تێکچوونی ئیشتهای خواردن.

٤- بەرزبوونەوەی تا و ئارەقەکردنەوە و هەناسەتەنگی، بەتایبەتی لەکاتی خەوتن.

٥- بینینی خەونی ناخۆش و کابووس، بەتایبەتی خەوبینین بە مار و سەگ و پشیلە و ئاژەڵ، هەروەها بە کەوتنەخوارەوە و گلبوونەوە و نقوومبوون و مردن (بەبەردەوامی، واتە زۆر دووبارە دەبێتەوە ئەم جۆرە خەونانە).

٦- ڕاچڵەکین لە خەودا.

٧- زوو تووڕەبوون و زوو ساردبوونەوە.

٨- زۆربوونی غازات.

٩- باوێشکێکی زۆر.

١٠- ئاو لەچاوهاتن.

١١- چۆکئێشە.

١٢- زۆر سڕبوونی شان و قاچ.

١٣- تەمبەڵی و لاوازییەکی نائاسایی.

١٤- زۆر میزکردن.

١٥- هەڵوەرینی قژ.

١٦- ڕەنگ زەردبوون.

١٧- هەستکردن بە خنکان.

١٨- هەستکردن بە مردن.

١٩- بێ هیوایی و خەم و خەفەت بەشێوەیەکی نائاسایی.

٢٠- ڕقبوونەوە لە کارکردن.

٢١- هیلاکیی بەردەوام.

٢٢- خراپبوونی بارودۆخ دوای نوێژی عەسر و مەغریب.

٢٣- لەبیرچوونەوە و نەبوونی تەرکیز.

٢٤- بوونی ئازار و ئینتیهاب لە منداڵدانی ئافرەتدا.

تێبینی: مەرج نییە ئەو کەسەی تووشی چاوونەفەس و چاوپیسی و ئیرەیی بووە هەموو ئەم نیشانانەی تێدا بێت. هەروەها زۆرجار ئەو کەسەی تووشی چاوونەفەس و چاوپیسی و ئیرەیی دەبێت، لەگەڵیدا تووشی جن دەبێت بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، ئەو کەسەی هەندێک لەم نیشانانەی تێدایە دەتوانێت پێشەکی پشکنینی پزیشکی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئەو نیشانانە بەهۆی نەخۆشی تردوە نییە؟ چونکە هەندێک جۆری نەخۆشی و کەمی ڤیتامینات دەبنە هۆی تووشبوون بە هەندێک لەم نیشانانە، ئەگەر هەرکەسێک بۆی دەرکەوت نیشانەی زۆر تێدایە، دەبێت لە مامۆستایانی شارەزا پرسیار بکات بۆ چارەسەر.

بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا تووشی چاو و ئیرەیی بوویت، یان نا؟ دەتوانیت ئەم ڕێگایە بگریتە بەر:

دەبێت بۆ ماوەی هەفتەیەک زۆر پابەند بیت بە پەرستش و خواپەرستییەوە و نوێژەکانت بەجوانی و لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەیت و زیکری بەیانییان و ئێواران و پێشخەوتن بخوێنیت ، پاشان ڕۆژی ٣ کاتژمێر گوێ لە قورئان بگریت، یان بیخوێنیت، بەتایبەتی سووڕەتی: (الفاتحة، البقرة، آية الكرسي، الصافات، الدخان، الجن، الفلق، الناس). دەتوانیت ٣ کاتژمێرەکە بە بەش بەش گوێ لێ بگریت، یان بخوێنیت، بەڵام هەر بەشە و نابێت لە نیو کاتژمێر کەمتر بێت، هەروەها نابێت خەیاڵت بڕوات و دەبێت بە نییەتی ئاشکرابوون و شیفاوە گوێ لە قورئانەکە بگریت یان بیخوێنیت، هەروەها دەتوانیت قورئان بەسەر ئاودا بخوێنیت و بیخۆیتەوە، بەتایبەتی (الفاتحة، آية الكرسي، الناس، الفلق). ٣ جار

نیشانەکان

ئەگەر لەکاتی گوێگرتن، یان خوێندنی قورئان، تووشی ئەم بارودۆخە و نیشانانە بوویت، ئەوا نیشانەی تووشبوونە بە چاو و ئیرەیی:

١- سەرئێشە و پشتئێشەیەکی نائاسایی، یان دروستبوونی ئازار لە هەندێک شوێنی جەستە.

٢- باوێشکی زۆر و ئاو لەچاوهاتن و خەوهاتنێکی نائاسایی.

٣- سڕبوون.

٤- هەستکردن بە مێرووڵەکردنی لاشە.

٥- هەستکردن بە ماندووبوون و قورسبوونی لاشە، بە شێوەیەکی نائاسایی.

٦- هەناسە تەنگی وهەستکردن بە خنکان.

٧- ڕشانەوە و دروستبوونی ئازار و قۆڕە قۆڕی سک.

٨- لەرزین.

٩- بەرچاوڕەشبوون و سەرگێژبوون.

١٠- دروستبوونی تا و ئارەقەکردن.

١١- هەستکردن بە جووڵەی نائاسایی لەش.

تێبینی: دەبێت بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو بەردەوام بیت بێ ساردبوونەوە، چونکە زۆرجار نەخۆشییەکە لەسەرەتادا ئاشکرا نابێت و نیشانەکان دەرناکەوێت.

کەواتە ئەگەر کەسێک ئەم بارودۆخانەی بەسەر هات، لەکاتی گوێگرتن لە قورئان، یان خوێندنی قورئان، ئەوا دەبێت زۆر بەخێرایی هەوڵی چارەسەرکردنی خۆی بدات، یان سەردانی مامۆستایەکی شارەزا بکات، ئەگەر کەسێکیش نەیتوانیی بەم ڕێگەیە خۆی دڵنیا بکاتەوە لە تووشبوونی، یان تووشنەبوونی، دەتوانێت هەر لەسەرەتاوە سەردانی مامۆستایەکی شارەزا بکات.

جیاوازی چییە لەنێوان ئیرەیی و چاوونەفەس؟

ئیرەییبردن بە خەڵک لە ڕق و قینە دروست دەبێت، کەسی ئیرەییبەر بە ئاواتی ئەوەیە ئەو نیعمەتانەی کە خوا بە کەسی بەرانبەری داوە لێی بسەنێت، بەڵام چاوپیسی، زۆربەی جار هۆکارەکەی سەرسوڕمان بە جوانی، یان بە نیعمەتەکانی کەسی بەرانبەر، یان بەگەورەدانانی شتەکانە.

ئیرەیی و چاوپیسی هاوبەشن لە ژیاندا لە پاشماوەی چاولێدراوەکە، یان ئەوەی کە ئیرەیی پێ برا، بەڵام جیاوازن لە سەرچاوەکەدا: ئیرەیی لەوەوە کە دڵ زۆر ئەو شتەی بەرانبەری پێ ناخۆشە و حەز ناکات هەبێت، بەڵام چاوپیسی سەرچاوەکەی لە تێڕوانینێکی زۆرەوە دێت، ڕەنگە بەرشتێک بکەوێت کە ئەم ئیرەیی پێ نابات.

ئیرەیی هەندێکجار بە شتێک دەبرێت و کاریگەری دەبێت لەسەر شتێک کە هێشتا ڕووی نەداوە. مرۆڤ هەرگیز ئیرەیی بە ماڵی خۆی نابات، ڕەنگە چاویان لێ بدات. ئیرەیی تەنیا لە کەسێکی نەفسپیسەوە دەردەچێت، بەڵام چاو وا نییە، هەندێکجار لە پیاوچاکێکیش دەردەچێت هەروەک چۆن ڕووی داوە لە عامری کوڕی ڕەبیعە (ﷺ) کاتێک چاوی لە سەهلی کوڕی حەنیفدا کە عامر لە ئەهلی بەدرە و سەحابی بەڕێزە. کاتێک سەهلی کوڕی حەنیف خۆی دەشۆرد جلەکانی دانا بوو، عامری کوڕی ڕبیعە فەرمووی ئەو لەشە چەند جوانە و سپییە! بۆیە دەستبەجێ سەهل کەوت بە زەویدا و بوورایەوە.

هەواڵیان بۆ پێغەمبەری خودا دا ﴿ﷺ﴾، ئەویش فەرمووی: "بۆچی یەکتری دەکوژن! ئەی بۆ نەتگوت: خوایە بەرەکەت بکەیتە لەشییەوە؟" پاشان فەرمووی: "ئەی عامر برۆ دەست نوێژێک بگرە و بۆم بکە بە تەشتێکەوە." ئەویش ئەوەی کرد پاشان پێغمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ئاوی دەستنوێژەکەی کردە سەرسەهل و هاتەوە هۆش خۆی.

ئایا چاوونەفەس و ئیرەیی کاریگەریی زیاترە یان سیحر؟

چاو و ئیرەیی هەردووکیان زۆر مەترسیدارترن لە سیحر، چونکە سیحر تەنیا مەجال دەکاتەوە بۆ شەیتان، بەڵام چاو و ئیرەیی یەکەمجار مەجال دەکاتەوە بۆ شەیتانە بچووکەکان، دواتر شەیتانە گەورەکان و دواتر قەرینی ئەو کەسە.

لە سیحردا ئەم کەسەی سیحرلێکراو دوای ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵ یان ماوەیەکی درێژ لەوکاتەی سیحرەکەی لێ کراوە نەخۆش دەکەوێت، لەکاتێکدا چاو و ئیرەیی دەستبەجێ تووشی نەخۆشیت دەکەن، سەرەتا بەشێوەی وەهمی کە وا مەست دەکەیت ئازار و نەخۆشیت مەیە و دواتر مەر بەڕاستی تووشی نەخۆشی دەبیت و دەتخاتە جێگا، سیحر کاتی دەوێت تا دەکرێت، پارەی دەوێت، جاری وا نایێنکی، بەڵام ئیرەیی و چاوونەفەس ڕاستەوخۆ کاریگەری دروست دەکات.

چاوونەفەس دەردە کوشندەکەی زۆربەی خەڵکی تووشی بووە

پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودە پیرۆزەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە و ڕوونی کردووەتەوە، لەوانە دەفەرموێت: (الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ سَبَقَتْهُ الْعَيْنُ وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْسِلُوا)[1] واتە: چاوپیسی ڕاستە و بوونی هەیە، خۆئەگەر شتێک ببوایە پێش قەدەر بکەوتایە، ئەوە چاوپیسی پێشی دەکەوت، هەروەها فەرمان دەکرێت بە چاوپیس، کە دەستنوێژ بگرێت و چاولێدراویش بە ئاوی دەستنوێژەکەی خۆی بشۆرێت.

قورئانی پیرۆز لەسەر زاری یەعقووب پێغەمبەر (علیه السلام) فێرمان دەکات کە زۆر ئاگاداری خۆمان بین، خۆپارێزی بکەین لە چاو پیسی، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ﴾[2]

[1] (رواه مسلم)
[2] (یوسف: ٦٧)

کە ڕۆیشتن بۆ میسر ئامۆژگاریکردن، فەرمووی: ئەی کوڕی خۆم لە یەک ڕێگاوە مەچنە ناو میسرەوە، لە ترسی چاوی خەڵکی، لەبەر ئەوەی کوڕەکانی یەکجار جوان بوونە، نەوەکوو بین بە چاوەوە.

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموویت: (إِيَّاكُمْ وَالْحَسَدَ ؛ فَإِنَّ الْحَسَدَ يَأْكُلُ الْحَسَنَاتِ كَمَا تَأْكُلُ النَّارُ الْحَطَبَ)[1] واتە: ئامان دوور بکەونەوە لە ئیرەیی بە یەکتربردن، چونکە ئیرەیی هەرچی چاکە و خێر هەیە لەناوی دەبات، هەروەک چۆن ئاگر دار و تەختە دەسووتێنێت و لەناوی دەبات.

هۆکاری کاریگەریی ئیرەیی ئەوەیە بە ناردنی تیشکێکی لەسەرخۆ لەچاوی ئەو کەسە چاوپیسەوە دەردەچێت و ژەهرێکی پیسی خراپ دەگەیەنێت بە کەسی بەرانبەر و تووشی زیانی دەکات.

خوای گەورە لە چیرۆکی ئەو دوو کەسەی کە لە سووڕەتی (الکهف) باسیان دەکات کە یەکێکیان دەوڵەمەند و خاوەن ماڵ وسامان و باخ و بێستانێکی زۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا بێباوەڕە و ئەوی تریشیان هەژارە و تەنیا باخچەیەکی هەیە لەپاڵ باخچەکەی ئەوی تردا، بەڵام باوەڕدارێکی قانعە(ڕازیبە بە قەدەری خوا)، دەفەرموویت: ﴿وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ﴾[2] واتە: دەبوا کاتێک چوویتە ناو باخەکەتەوە، بتگوتایە: (ما شاء الله) هەرچی خوا ویستی لەسەر بێت هەر ئەوە پێش دێت ئەم هەموو ناز و نیعمەتە بەخششی خوایە و بەهەرکەس بیەوێت دەیبەخشێت.

ئەنەسی کوڕی مالیک (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموویت: پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموویت: (من رأى شيئاً فأعجبه فقال ما شاء الله لا قوة إلا بالله، لم يضرَّه عين)، واتە: هەر کەس شتێکی بینی کە جێگای سەرسوڕمانی ئەو بوو، با بڵێت: (ماشاء الله لا قوة إلا بالله) هیچ کاتێک چاو زیانی پێ ناگەیەنێت.

بۆیە ئەگەر کەسێک ترسا چاوی کاریگەری هەیە لەسەر کەسەکان، با ئەم زیکرە بکا: (ماشاء الله لا قوة إلا بالله).

---

[1] (سنن ابی داود: ضحیف)

[2] (الکهف: ٣٩)

بەداخەوە زۆر کەس هیچ لەو شتانە نازانێت کە چاوونەفەس چەند کاریگەری هەیە، بەڵکوو هەیە دەڵێت بڕوام پێ نییە، لە فەرموودەیەک پێغەمبەر ﷺ ئاماژە بەوە دەکات، دەفەرموێت: "زۆربەی خەڵکی بەهۆی چاوپیسییەوەیە دەمرن", أكثر من يموت من أمتي بعد كتاب الله و قضائه و قدره بالأنفس [يعني بالعين].[1]

پێغەمبەری خودا ﷺ فێری کردووین ئەگەر کەسێک ترسا لەوەی کە چاوی کاریگەری لەسەر شتێک بکات و زیانی پێ بگەیەنێت، ئەوا با دوعا و نزای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، وەکوو دەفەرموێت: (إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ, أَوْ مِنْ نَفْسِهِ, أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ [فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ] فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ)[2] واتە: هەر کاتێک یەکێک لە ئێوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە دەروونیدا، یان لە ماڵەکەی، یان لە براکەی، ئەوە با نزا و دوعای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، چونکە بەڕاستی چاوپیسی ڕاستە.

هەروەها پێشەوا (ابن القيم رحمه الله) دەفەرموێت: "هەندێکجار پیاو، چاوی کاریگەری لەسەر خۆشی دەبێت." پەنا بگرن بە خودا لە چاوپیسی، چونکە بە ڕاستی چاوپیسی بوونی هەیە و ڕاستە.

پێغەمبەری خودا ﷺ فێری کردووین، خوێندنی سووڕەتی (الفلق) و (الناس) و خوێندنی ویردی (أَعُوذُ بِكَلِماتِ اللهِ التَّامَّة، مِنْ كُلِّ شَيْطانٍ وَهامَّة وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّة)[3] خۆمان بپارێزین، نەک بە هۆکاری نابەجێ و نادروست و حەڕام و شیرکیات وەکوو هەڵواسینی: مووی شین ، نالی گوێدرێژ، کڵاش، نوشتە و ...تاد.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (استعينوا على إنجاح الحوائج بالكتمان . فإن كل ذي نعمة محسود)[4] واتە: بۆ سەرخستنی کارەکانتان بە پەنهانی ئەنجامیان بدەن، چونکە هەموو نیعمەتێک جێی ئەوەیە کە ئیرەیی پێ ببرێت.)

---

[1] الألباني في السلسلة الصحيحة

[2] (صححه الألباني)

[3] (البخارى)

[4] (صححه العلامة الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم: ١٤٥٣)

زۆربەی خەڵکی دەمرێت لەدوای قەزاوقەدەر، هۆکاری چاوپیسیی خەڵکە

ئەگەر بیر بکەینەوە، هۆکاری ئەم هەموو نەخۆشییە سەیرە چەند زۆر بووە، بەتایبەت جەڵدە، یان نەخۆشیی سوکەری و زۆربوونی سەرەتان.

.ئەم هەموو ڕووداوی پێکدادانی سەیارە.

.ڕۆژانە ئەم هەموو جیابوونەوەی ژن و مێرد.

- ئەم هەموو خۆکوشتنە.

.ئەم هەموو بێ بازاڕی و شکستهێنان لە کڕین و فرۆشتن.

.ئەم هەموو ناژاوە لە ماڵەکان دروست بووە.

١٢ فەرموودە هەیە کە سەروەرمان ﴿ﷺ﴾ باسی ئیرەیی کردووە، چونکە گەورترین و خەتەرترین کەبیرەی دڵە.

هەندێک لە زانایان فەرموویانە: "ناڕەحەتی و ئێش و ئازارێکە دەگات بە دڵی کەسێک کاتێک دەبینێت کۆمەڵێک نعمەت لە ژیانی کەسانێک بوونی هەیە خۆی پێی نەگەیشتووە، یاخود هەمان ئەو شتەی هەیە، بەڵام حەز ناکات کەسی بەرانبەر هەبێت."

ئیرەیی ئێش و ناڕامی بە دڵی خاوەنەکەی دەگەیەنێت، کاتێک کە نیعمەتێک دەبینێت لە کەسێکی تر، خۆی لێی مەحرومە لەم نیعمەتە، ئێشی پێ دەگات، ئاواتە خوازە ئەو نیعمەتە لەسەر کەسی بەرانبەر هەڵگیرێت هەرچەند سوود بەخۆشی نەگات.

پێی ناخۆشە و دڵی دەگوشرێت بەو نیعمەتەی بەرانبەر، دڵی ئازار دەدات بەردەوام بێ ئوقرەیە، تا ئەو کاتەی کەسی بەرانبەر نیعمەتەکەی لەدەست دەدات، یان بارودۆخێکی سەختی بۆ پێش دێت، ئینجا کەسی ئیرەییبەر دڵی ئیسراحەت دەکات وەکوو گرێیەک بووە لەسەر دڵی، بە نەمانی نیعمەتی بەرانبەر ئەو گرێیەی سەردڵی لادەچێت و نامێنێت.

پرسیارێکم هەیە بۆتان: ئایە بە نەمانی بەخششەکانی پەروەردگار بەسەر کەسەکە و تووشبوونی بە بارودۆخێکی نەخوازراو، ئایە کەسی ئیرەییبەر ئەو ئیرەییەی دڵی نەما؟

دەڵێین نەخێر، نەخۆشییەکە بەردەوامە لە دڵی، بەڵام وەکوو موسکەنێک کەمێک ئازاری کەم دەبێتەوە، وەکوو بڵێی سوکناییەک بەدڵی دادێت بۆ ماوەیەکی کاتی و کەم.

کەسی نیرەییبەر بوغز و ڕق هەیە بۆ هەموو شتێکی دەوروبەری، چونکە دڵی نەخۆشە، هەرشتێک نیعمەت بێت ئەو چاوی پێ هەڵنایەت، هەر وەکوو پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ دەفەرموێت: (وَلَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ الْإِيمَانُ وَالْحَسَدُ)[1].

با بیر بکەینەوە، کاتێک ئەو هەستی نیرەییە لە ناختدا هەیە، ئاستی ئیمانت گۆڕانی بەسەردا دێت، کەم دەبێت، ئەگەر باوەڕێکی پتەومان بە خودا هەبێت و بمانەوێت ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنین دەروونمان پاک و بێ پەڵە بێت، کار لەسەر خۆمان دەکەین، بە نووری ئیمان و تەقوا ئەو دڵە پاک دەبێتەوە.

تکا دەکەم خۆمان لەو نەخۆشییە سەخت و پڕ بە ئێش و پەنهانە بەدوور بگرین، ئەگەر هەست دەکەیت نیرەیی لەتۆدا هەیە، دەروونت پاک بکەوە لەپێناو ئارامی و ئاسوودەیی و ژیانێکی پڕ گەشبینی و بەختەوەری. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (العين حق)[2] واتە: چاو ڕاستە، چاو کاریگەری هەیە لەسەر ئینسانەکان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "چاو مرۆڤ دەخاتە گۆڕەوە (دەیمرێنێت) و وشتریش دەخاتە مەنجەڵەوە (نەخۆشی دەخات هەتا خاوەنەکەی بە پەلە سەری دەبڕێت و دەخورێت)." هەروەها فەرموویەتی: "ئەگەر شتێک هەبێت پێشی قەدەر بداتەوە، چاوە!"

نیشانەکانی بریتین لە

١- هەر کەسێک نەفەس لێی دابێت، بەردەوام دەمی وشک دەبێت و لەشی زۆر گەرم دەبێت و تای لێ دێت.

---

[1] (سنن النسائي: حسن)
[2] (أخرجه البخاري)

٢- قژی دەڕووتێتەوە، هەڵدەوەرێت.

٣- لە کاری سەرجێیی و خێزانی لاواز دەبێت.

٤- نازاری پشت و قاچی بۆ دروست دەبێت، بە مەرجێک ئەگەر چووە لای دکتۆر و ڤیتامینی کەم نەبێت و شەکرەی نەبێت، ئەوا نەفەس لێ داوە.

٥- قیژان و هاوارکردن، دووبارەکردنەوەی بەبێ هۆکار.

٦- ئەو کەسە ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبێت، کێشی دادەبەزێت، یان هەندێک کەس زۆر قەڵەو دەبن.

٧- کێشەی خێزانی بۆ دروست دەبێت.

٨- ڕزق کەم دەبێت.

٩- کارەکانی زۆر قورس دەڕوات، بۆ نموونە ئەو کارەی ئەو دەیکات خەڵک بە کاتژمێرێک تەواوی دەکات، ئەو بە ڕۆژێکیش تەواوی ناکات.

١٠- ئارەق زۆر دەکات لەکاتی خەوتن.

١١- سەر ئێشەیەکی بەردەوام، یان نیو سەرئێشە بە بەردەوامی.

١٢- ئەو کەسە خەیاڵی دەڕوات.

١٣- زاکیرەی نامێنێت، لەبەرکردنی لاواز دەبێت.

١٤- ئەو کەسە دڵی خۆش نییە، دەیەها جار ئاواتی مردن دەخوازێت، دڵی بە هیچ خۆش نابێت.

١٥- تەنگەنەفەسی بەردەوامی هەیە.

١٦- ڕەنگی زەرد دەبێت، چاوی دەچێت بە قوڵا، بەردەوام چاوی دەفڕێت.

١٧- بەردەوام قەبز دەبێت.

١٨- توڕەییەکی بەردەوام و بێ هۆکار.

١٩- دکتۆرێکی زۆر دەکات، بەڵام دکتۆر دەڵێت هیچی نییە، بەڵام هەر نەخۆشە بە دائیمی، بەردەوام بێ هێزە.

٢٠- بۆنی دەمی ناخۆشە، قڕقێنەی لێ دێت.

٢١- منداڵێک زۆر بگری و لاواز بێت و ژێرچاوی شین بێت، هیچیشی نەبێت، نەفەس لێ داوە.

٢٢.هەندێکجار لاڵ دەبێت، زمانی لەکار دەکەوێت.

٢٣.میزکردنێکی زۆر.

٢٤.گرپانێکی توند لە پڕدا.

٢٥.تێکچوونێکی ناشکرا بە گوێگرتن، یان خوێندنی سوورەتی (الفلق) و (الناس).

٢٦.تایەکی زۆر، بەڵام لەرزی لەگەڵ نییە.

٢٧.لێدانی دڵ بەپەلە.

چۆن ئیرەیی و چاوپیسی لێک جیا بکەینەوە؟

کەسی ئیرەییبەر بە ڕق و قینەوە حەز دەکات کەسی بەرانبەر تووشی زەرەر ببێت، ئەو نیعمەتانەی کە (اللە) بە کەسێکی داوە، حەز دەکات لێی بسەنێتەوە و حەز ناکات ئەو مووڵکەی هەبێت.

چاوپیسی جیاوازە، هۆکارەکەی لە سەیرکردنێکی بە قووڵەوە بە تێڕوانینێکی سەیرەوە دەڕوانێتە شتەکان، ئیرەیی تەنیا لە کەسێکی نەفسپیسەوە دەردەچێت، بەڵام چاو وا نییە، هەندێکجار لە پیاوچاکێکیش دەردەچێت، هەر وەک چۆن ڕووبداوە لە عامری کوڕی ڕەبیعە (ﷺ) کاتێک چاوی لە سەهڵی کوڕی حەنیف دا کە عامر لە ئەهڵی بدرە و سەحابی بەڕێزە.

کاتێک سەهڵی کوڕی حەنیف خۆی دەشۆرد، جلەکانی دانابوو عامری کوڕی ڕبیعە فەرمووی: "ئەو لەشە چەند جوانە و سپییە!" بۆیە دەستبەجێ سەهل کەوت بەزەویدا و بوورایەوە. هەواڵیان بە پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ دا، ئەویش فەرمووی: "بۆچی یەکێکی دەکوژن؟ ئەی بۆ نەتگوت (یا اللە بەرەکەت بکەیتە لەشییەوە)؟" پاشان فەرمووی: "ئەی عامر بڕۆ دەست نوێژێک بگرە و ئاوەکە بکە تەشتێکەوە." ئەویش ئەوەی کرد، پاشان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئاوی دەستنوێژەکەی کردە سەر سەهل و هاتەوە هۆش خۆی.

پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (إِذَا رَأَى أَحدكُمْ مِنْ أَخِيهِ، أَوْ مِنْ نَفْسِهِ، أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ [فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ] فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ.)[1]

واتە: مەر کاتێک یەکێک لە ئێوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە دەروونیدا، یان لە ماڵەکەی، یان لە براکەی، ئەوە با نزا و دوعای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، چونکە بەڕاستی چاوپیسی ڕاستە.

ئێمەی موسڵمانان دەبێت باوەڕمان بە چاوپیسی و زیانەکانی هەبێت، وەک چۆن ڕەسوڵی خودا ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودە پیرۆزەکانیدا ناماژەی پێ کردووە و ڕوونی کردووەتەوە، لەوانە دەفەرموێت: (الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ سبقتهُ الْعَيْن وَإِذا اسْتُغْسِلْتُمْ

[1] (مسند أحمد: ٤/ ٤٤٧ وابن ماجه، ومالك . وصححه الألباني في صحيح الجامع ١/ ٢١٢)

فَاغْسِلُوا)[1] واتە: چاوپیسی ڕاستە و بوونی هەیە، خۆ ئەگەرشتێک ببوایە پێش قەدەر بکەوتایە، ئەوە چاوپیسیی پێشی دەکەوت.

بەداخەوە ئەوەی لە ڕۆژگاری خۆماندا دەیبینین و دەکرێت بۆ خۆپاراستن لە چاوپیسی، زۆری بە هۆکاری نابەجێ و نادروست دەکرێت، بەڵکوو هۆکاری شیرکی دەگیرێتە بەر، وەکوو هەڵواسینی: موروویی شین، نالّی گوێدرێژ، کڵاش، نوشتە و ... تاد. ئاشکرایە بەکارهێنانی ئەم شتانە بێسوودە و تاوانێکی گەورەیە و شیرکە، وەک ڕەسوولی خودا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (إِنَّ الرُّقَى وَالتَّمَائِمَ وَالتِّوَلَةَ شِرْكٌ)[2] واتە: (بەڕاستی ڕوقیەی ناشەرعی و چاوەزار و تیوەلە (شتێکە بەکار دەهێندرێت بۆ ئەوەی ژن لەلای مێردەکەی خۆشەویست ببێت) ئەمانە هاوەڵدانان و شیرکە.)

بەڵکوو دەبێت هۆکاری دروست و پەسەند بگرینە بەر، وەک ڕەسوولی خودا ﴿ﷺ﴾ فێری کردووین بە خوێندنی سووڕەتی (الفلق) و (الناس) لە بەرگی یەکەم خاڵەکانم باس کردووە.

نیشانەکانی بەتاڵبوونەوەی سیحر و ئیرەیی و نەفەس

بە شێوەیەکی گشتی ئەو نیشانانەی لە میانەی نەخۆشییەکەدا هەیبوو نایمێنێت، بۆ نموونە:

- خەوی خۆش دەبێت.

- خەونی ناخۆش و داچڵەکێنەر نابینێت.

- لەناخی دڵەوە هەست بە ئارامی دەکات.

- وەک ئەوەی بارێکی قورس لەسەر شانی هەبووبێت، نامێنێت.

[1] (مسلم: ٥٨٣١)

[2] (صححه الألباني في الصحيحة: ٣٣١)

ئەگەرسیحری نوشتەی هەبووبێت و بەتاڵکرابێتەوە:

- سەرئێشەی نامێنێت، شەقیقەی هەبووبێت نامێنێت.

- دڵتوندی نامێنێت.

- خەون دەبینێت بەوەی لە تاریکی بچێت بەرەو ڕووناکی، یان لە سجن دەربچێت، یان هەرخەونک لەو شێوەیە لە ناخۆشی بەرەو خۆشی بچێت.

- تەمبەڵی بەری دەدا لە پەرستشەکان.

- ترسی نامێنێت.

بۆ بەتاڵبوونەوەی چاوونەفەس، یان ئیرەیی

- ئەو کەسە دڵپڕی دەیگرت، نایمێنێت.

- گیانی گەرم دەبوو، نامێنێت.

- چاوی فرمێسکی دەکرد بێ هۆکار، ئەوەشی نامێنێت.

چۆن کەسی چاوپیس بناسینەوە؟

١.هەمیشە سەرکەوتنەکانت بە ئازایی و ماندووبوونت ناونابات.

٢.پلانی ئەوە دادەنێت کە ئەو شتانەی تۆ هەتە، ئەویش بەدەستی بهێنێت.

٣.ڕقی لێتە و هەوڵیش دەدات زۆر نزیک بێتەوە لێت.

٤. ئەو شتانەی تۆ هەتە، ئەگەر نەتوانێت بەدەستی بهێنێت، بچووکی دەکاتەوە، بەکەمی دادەنێت.

٥. ناتوانێت سەیرت بکات کە تۆ دڵخۆشی، هەوڵ دەدات کارێک بکات کە تۆ هەست بکەی شیاوی ئەم دڵخۆشییە نی.

٦. کاتێک لەگەڵ چەند کەسێکی ئەو، هەوڵی بچووککردنەوەت دەدات.

نیشانەکانی چاوپیسی لە ماڵ

١- شەڕ و ناڕاوە لەنێوان ئەندامانی خێزاندا بەبێ هۆکار.

٢- خەوبینین بە ئاگر لە یەکێک لە ژوورەکانی ماڵەوەتاندا.

٣- تێکچوون و خراپبوونی ئامێرەکانی ماڵ بەبەردەوامی.

٤- بەزووپی تەواوبوونی ڕزق و خۆراک و پارەی ماڵ و نەمانی بەرەکەت تێیاندا.

چارەسەری ئەو کەسانەی چاوونەفەس کاری تێ کردوون

زۆر چارەسەری جیاواز هەیە بۆ لاچوونی چاو و زار لەسەر نەخۆش، لێرەوە هەندێکی باس دەکەین بە یارمەتی خودا، ئەگەر ئەنجامیان بدەن لەسەرتان لادەچێت.

چارەسەری یەکەم: ئەگەر بزانیی کێ چاوەکەی لێ داوی، ئەوە چارەسەرەکە زۆر ئاسانە، پێویستە کەسەچاوپیسەکە داوای لێ بکرێت دەست نوێژێکت بۆ بگرێت و لە پشتەوە ئاوی دەستنوێژەکە بکرێت بە سەرتدا، پشت بە خودا دەستبەجێ خودا شیفا دەنێرێت، بەڵام نابێت باوەڕت وابێت شیفاکە لەلای چاوپیسەکە بووە، یاخود لە دەستنوێژەکە. ئەگەر ئەو کەسەت دەست نەکەوت، واتە چاوپیسەکە، یان شەرمت لێی کرد پێی بڵێیت، ڕەنگە پێی ناخۆش بێت و تووڕە بێت، دەتوانیی هەر پاشماوەیەکی ئەو کەسەت دەستکەوت، وەک: دەستەسڕەکەی، یان ئەو خواردنەی لێی ماوەتەوە، ئەگەر نەخۆشەکە بیخوات، بە یارمەتی خوا چاک دەبێت.

ئەمانە هەرچەند لە فەرموودەکەوە نزیکە، بەڵام بەڵگەیەکی ڕوون نییە لەسەر ئەم جۆرە شتانە، خۆ ئەگەر کرا (إن شاء الله) تاونبار نابێت، چونکە تاق کراوەتەوە نەخۆش چاک بووە بەهۆی خواردنی پاشماوەی چاوپیسەکە، لەکاتێکدا چەندان سااڵ نەخۆش بووە لە نەخۆشخانەکان.

ئەگەر هەر نەدۆزرایەوە، ئەوا لە سوننەتدا هاتووە دەست دەخەیتە سەرسەری نەخۆشەکە و ئەم زیکرە دەخوێنی: (اللهم رب الناس أذهب البأس واشف أنت الشافي لا شيفائ إلا شفاؤک وشفائ لائغادر سقماً).

یان سووڕەتی (الفلق و الناس) بخوێنە سەر ئەو شوێنەی کە ئازاری هەیە، چاک دەبێت (إن شاء الله تعالى).

ئەگەر ئەمەش زەحمەت بوو نەکرا، ئەوە هەرشتێکی چاوپیسەکە بێت دەتوانیی بەکاری بهێنی و سوودی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر پیاو بێت، جامانەکەی، ئەگەر ژن بێت، لەچکەکەی، یان هەرشتێکی تر کە تایبەت بێت بە کەسی چاوپیس، بهێنە و بیکە سەتڵێک ئاوەوە، پاشان خۆتی پێ بشۆ، بە یارمەتی خوا باش دەبیت.

ئەگەر ئەمەش نەکرا، دەعوەتی بکە و خواردنێکی زۆری بۆ دانێ و پاش ماوەکەی بخۆ بەو کەوچکەی لێی خواردووە، بە یارمەتی خوا باش دەبی، هەروەها ئەم بارودۆخەش تاق کراوەتەوە، زۆر بەسوودە، ئەم چارەسەرە تاق کراوەتەوە زۆر سەرکەوتوو بووە، پێچەوانەی شەرع نییە.

چارەسەری دووەم : خوێندنی چەند سووڕەت و ئایەتێک:

١. ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾[1]. یەکجار.

٢. خوێندنی هەر یەکی ٣جار لە سووڕەتی: (الفاتيحه و الإخلاص و الناس و الفلق).

٣. خوێندنی ٤ ئایەتی سەرەتای سووڕەتی (الملك)، یەکجار.

---

[1] (سورة الإسراء: ٨٢)

٤. کۆتا ئایەتی سووڕەتی (القلم) یەکجار: ﴿وَإِن يَكَادُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَٰرِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ ٱلذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُۥ لَمَجْنُونٌ ۝ وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَٰلَمِينَ﴾[1]

٥. یەکجار﴿وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدْخُلُواْ مِنۢ بَابٍ وَٰحِدٍ وَٱدْخُلُواْ مِنْ أَبْوَٰبٍ مُّتَفَرِّقَةٍ وَمَآ أُغْنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيْءٍ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ﴾[2]

٦. سێجار خوێندنی ﴿بِاسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ، اللهُ يَشْفِيكَ بِاسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ﴾[3]

لەدوای خوێندنی ئەمانە، هەردوو دەستی کۆ بکاتەوە، فوو بکاتە ناو دەستەکانی، بە جەستە و بە سنگی خۆی دابێنێت، بە یارمەتی خوا دەبێتە چارەسەری ئەو کەسانەی چاوپیسی کاری تێ کردوون.

چارەسەری سێیەم: هێنانی مەنجەڵێک ئاو، هەروەها خوێندنی ئەم ئایەتانە بە سەریدا:

- خوێندنی سووڕەتی (الفاتحه) حەوتجار بەسەر ئاوەکەدا.

- خوێندنی ئایەتی (الكرسي) سێجار بەسەر ئاوەکەدا.

٣- خوێندنی ئایەتی ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَىٰ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۖ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا﴾[4] **بەسەر ئاوەکەدا.**

٤- خوێندنی سووڕەتی (الاخلاص، الفلق، الناس) هەریەکی سێجار بەسەر ئاوەکەدا، ئەم ئاوە ڕۆژانە بیخۆوە، بەشێکیش ڕۆژانی دووشەم و پێنجشەم خۆتی پێ تەڕکەی، بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوام بە لەسەر ئەم بەرنامانە.

---

[1] (القلم: ٥١-٥٢)

[2] (سووڕەتی یوسف تەنها ئایەتی: ٦٧)

[3] (مسلم: ٢١٨٦)

[4] (سورة النساء: ٥٤)

چارەسەری چوارەم: گوێگرتن لە ڕوقیەی شەرعی، ڕۆژانە دوو کاتژمێر دوای نوێژی بەیانی و پێش خەوتن، چونکە دوای هەستان لە خەو نەخۆش هەست بە ماندووبوون و بێتاقەتییەکی زۆر دەکات.

چارەسەری پێنجەم: چەورکردنی هەموو لەش، جگە لە سەر، بە زەیتی زەیتوون، پێش خەوتن.

چارەسەری شەشەم: بەردوامبوون لە دوعاکردن، چونکە دڵنیا بە خودا شیفا نەنێرێت، لەلای کەس دەست ناکەوێت، بۆیە تەنیا داوا لەو بکە.

- چارەسەری حەوتەم: زۆر وتنی: (لاحول ولاقوة الا بالله).

چارەسەری هەشتەم: بۆئەوەی چاوپیسیت لەسەر نەمێنێت لە ماوەی ٣ ڕۆژدا، ئەمە تاقیکراوەتەوە، بۆتانی دەخەینە ڕوو:

- کەسێک چاوی لەسەر بێت و نەزانێت چ کەسێک بە چاوی بردووە و نەیتوانی شوێنپێی چاوپیسەکە هەڵبگرێت و بیدۆزێتەوە.

- کەسێک بەهۆی ئیرەییەوە تووشی بارودۆخێکی خراپ بووبێت، لە کاریگەریەکەی ڕزگاری نەبوو بێت.

- کەسێک سیحری لێ کرابێت و سیحرەکە پووچەڵ نەکرابێتەوە.

چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی کاریگەری هەریەک لەو بارودۆخانەی سەرەوە، بەو شێوەیە دەبێت:

سەرەتا سەتڵێک ئاو دەهێنیت و خۆت ئەو سووڕەت و ئایەتە قورئانییانەی خوارەوەی تێدا دەخوێنیتەوە، لەدوای تەواوبوونی هەر سووڕەتێک، فوویەک بە ئاوەکە بکە:

١. خوێندنەوەی سووڕەتی: (الفاتحه) ٧جار.

٢. خوێندنەوەی ئایەت کورسی: (آیەت الکرسی) ٣جار.

٣. خوێندنەوەی پێنج ئایەتی یەکەم لە سووڕەتی: (البقرە) ٣جار.

٤. خوێندنەوەی سووڕەتی: (الکافرون) ٣جار.

٥. خوێندنەوەی سووڕەتی: (الاخلاص) ٣جار.

٦. خوێندنەوەی سووڕەتی: (الفلق) ٣جار.

٧. خوێندنەوەی سووڕەتی: (الناس) ٣جار.

دوای خوێندنەوە، یان بەشێکی ئاوەکە دەخۆیتەوە و بەشێکیشی بۆ خۆشوشتن بەکار دەهێنیت، هەروەها ڕۆژانە ٣جار (بەیانییان، نیوەڕۆیان، ئێواران کاتی خۆر ئاوابوون) ئەو شێوازە ئەنجام دەدەیت بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لەسەر یەک، هەروەها هەرجارێک ئاوەکە و خوێندنەوەکە جیاواز دەبێت، واتا هەرجارێک ئامادەکردنی ئاوەکە و خوێندنەوەکە نوێ دەکەیتەوە، ئەو شێوازە خۆپاراستنە لە چاوپیسی و ئیرەیی (حەسادەت) و چاوپیسی، تاقیکراوەتەوە و کاریگەربیەکەی ١٠٠٪ ـە.

نەخۆشیی ئیرەیی چارەسەری چییە؟

ئیرەیی: نەخۆشییەکی کوشندەیە، تووشی دڵ دەبێت، چارەسەر ناکرێت ئیللا بە زانست و کردەوە نەبێت.

زانستی بەسوود چارەسەرە بۆ ئەم نەخۆشییە، هەروەها بزانە ئەم نەخۆشییە زەرەری بۆ دین و لاشە و دونیات هەیە و یەکێکە لە ڕەوشتە ناشیرینەکان، بۆیە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پەناگرتن لە شەڕی ئیرەییبەر، وەک دەفەرموێت: ﴿ومن شر حاسد اذا حسد﴾.

هەروەها ئیرەیی بریتییە لە ناواتەخوازی بۆ نەمانی نیعمەتی کەسی بەرانبەر. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ودَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ

أَنْفُسِهِمْ﴾ [1] هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (ولَا يَجْتَمِعُ فِي جَوفِ عبدٍ الإيمان وَالْحَسَدُ) [2] واتە: لە دڵ و ناخی کەسێکدا باوەڕ و ئیرەیی پێکەوە کۆ نابنەوە. هەروەها دەفەرموویت: (ولا تحاسدوا) [3] واتە: ئیرەیی بە یەکتر مەبەن.

موسڵمانان واجبە لەسەریان ئیرەیی بە نیعمەتی خراپ بەیەکتر نەبەن و یەکتر بپارێزن نەک یەکتر لەناوبەرن.

رێگاکانی ڕزگاربوون لە ئیرەیی چین؟

١- پەناگرتن بە خوا لە خراپە و خۆپاراستن پێی و پەنابردن بۆ خوای بەتوانا.

٢ - لەخواترسان و تەقوای خوا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و دووركەوتنەوە لە نەهییەکانی.

٣- ناڕامگرتن و دانبەخۆداگرتن لەسەر کەسی ئیرەییبەر و تەقوای خوا لەو کارەدا.

٤- پشتبەستن تەنیا بە خوا.

٥ -خۆسەرقاڵنەکردن بە ئیرەییەوە.

٦- ڕووکردنە خوا و پاککردنەوەی نیەت بۆی و خەریکبوون بە گوێڕایەڵیکردنییەوە.

٧- خۆبەکلاکردنەوە بۆ تۆبە و گەڕانەوە بۆ لای خوا لەو تاوانانەی کە دوژمن و ناحەزەکانی تووشیان کردووە.

٨- سەدەقەکردن و چاکەکاری بە گوێرەی توانا.

٩- کوژاندنەوەی ئاگری ئیرەییبەر و ستەمکار و ئەزیەتدەر، بە چاکە کردن بەرانبەری.

(البقرة: ١٠٩).

(صحيح الجامع: ٧٦٢٠)

(متفق عليه)

١٠- ساغکردنەوەی یەکخواپەرستی لە بیروباوەڕدا، چونکە یەکخواپەرستی ئەو قەڵا پارێزەرەی خوایە کە ئەگەر هەرکەسێک بچێتە ناوبیەوە، ئەوا لە پارێزراوە.

نیشانەکان: گەرمی، دڵتێکچوون، بەڵغەم، سووربوونەوەی پێست، قەڵەق، کێشە لە خوێن، لەئیشکەوتن، سەرئێشە، گوێڕایەڵنەبوون، ئازاری جومگەکان، وەسواسی و خەونی ناخۆش.

شەیتانی ئیرەیی

جۆرێکی پیس و ترسناکە لە جن تێکەڵ بە ئیرەیی دەبێت و دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستیی زۆر، نیشانەکان بە شێوەیەکی گەورە تێکەڵ دەبن، هەستکردنی بەردەوام، یان جارجار بە مردن، زۆربەیان کافرن، ماندوو دەبن لە ئایەتی: ﴿واتبعوا ما تتلوا الشياطين ...﴾ زۆربەیان ساحیرن وا لە نەخۆشەکە دەکات ئیرەیی بە هەموو شتێک ببات کە لە پێشیبەتی، تەنیا بە بیرکردنەوە لێی، نیشانەکانی جن و سحر و چاو تێکەڵ بە یەک دەبن و وا لە ڕاقی دەکات هەرجارە و گومانی شتێک بکات.

نیشانەکانی شەیتانی ئیرەیی

- درۆزن و فێڵباز و فاشلن.

- نەخۆش تووشی گرفانێکی زۆر و دڵتەنگی دەکات.

- نەخۆشەکە تووشی کێشە دەکات لەگەڵ هەموو کەس.

- دەبێتە هۆی تەمبەڵی و بێتاقەتی زۆر بۆ نەخۆش.

- وا لە نەخۆشەکە دەکات قسە لەگەڵ خۆی بکات بەهۆی وەسوەسەوە.

- وا لە نەخۆشەکە دەکات بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە.

- نەوەی سوودی بۆی هەبێت نایکات.

- دەبێتە هۆی خەوی قوڵ و درێژ.

- وا دەکات نەخۆشەکە ئیرەیی بە هەموو شتێک ببات تەنانەت منداڵەکانیشی.

- دەبێتە هۆی پرخاندن و هاوارکردن لەگەڵ.

- نەخۆشەکە بەهێز دەکات دژ بە ڕوقیە.

- هۆکاری نەخۆشییەکە دەشارێتەوە بە ڕووکەش و لە ناوەوە نەخۆشەکە دەکوژێت.

- زۆر ماندوو دەبێت لە ئایەتەکانی (حسد و سحر).

- هەست بە بەنجبوون دەکات لە سینگیدا و خەیاڵکردن و بڕواکردن بە خەیاڵەکانی.

- خەونی دووبارە بە جەنازە.

- زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ جنی عاشق، بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەکی زۆر بێت کە نەخۆشە وا لە کچ دەکات ڕق لە زەواج و پیاو و جووتبوون بێت.

- شەهوەتی نەخۆشەکە زیاد دەکات بۆ مانەوە لەناو لەشی و دەگۆڕێت بۆ عاشق، جا پیاو بێت، یان نافرەت.

- دەبێتە هۆی نەخۆشی قۆڵۆن و باکردن و غازات و خراپی هەرسکردن، هەروەها ئەگەر بێتوو تووشبووانی قۆڵۆن بەدوای چارەسەر بگەڕێن لە قورئان، ئەوا شیفایان بۆ دەبێت بە یارمەتی خوا.

- ئیرەیی هاوڕا دەبێت بە گەرمبوونی هەموو جەستە، تەنانەت دەست و قاچەکانیش، کەواتە گەرمی لە نیشانەکانی ئیرەییە پێش ڕووقیە.

- نیشانەی تر وەسواس و وەسوەسە وا لە قەرینەکەی کە دوودڵی بکات لە عەقیدە و بیروباوەڕەکەی.

- ئیرەیی لە چاوپیسی و سیحر خراپترە، بازنەی ئیرەیی بازنەی شەیتانییە کە ڤایرۆس و بەکتریا تێیدا زیاد دەکات وا لە لەش دەکات ببێتە خاکێکی بەپیت بۆ وەرگرتنی نەخۆشی، بۆیە ئیرەیی زۆر چالاکترە بۆ دروستکردنی نەخۆشی لە لەش بە بەراورد لەگەڵ چاو و سیحر.

زیانەکانی بۆ دین

١- ڕازینەبوون بە قەدەری خوا.
٢- پێناخۆشبوونە بەو بەشەی خوای گەورە دابەشی کردووە بەسەر خەڵکدا.

٣- خۆجیاکردنەوەیە لە پێغەمبەر و پیاوچاکان، چونکە ئەوان خێری دین و دونیایان بۆ خەڵک ویستووە.

٤- بەشداربوونە لەگەڵ شەیتان و کافرەکان، چونکە وەک ئەوان پێیان خۆشە موسڵمان تووشی نەخۆشی ببن و خۆشیان لەسەر لابچێت.

٥- ئیرەیی چاکەکانی مرۆڤ دەخوات، مەروەک چۆن ئاگر دار دەخوات و دەیسووتێنێت.

زیانەکانی بۆ دونیا

ئیرەییبەر دڵی پڕ ئازار و خەمە، بەردەوام هەست بە نەخۆشی دەکات، کەچی ئەو کەسەی ئیرەیی پێ بردراوە هیچ تاوانبار نابێت و نیعمەت لەسەری لاناچێت ئیللا بە قەدەری خوا نەبێت.

هۆکارەکانی ئیرەیی ئەمانەن

- دوژمنایەتی و ڕق و کینە.

- حەزکردنە بە سوڵتە و بەدیارکەوتن.

- خۆشویستنی دونیا.

- بوونی کبر(خۆبەگەورە زانین) لەناو دڵ.

بەگشتی ئیرەیی چەند زیانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، لەوانە

- ڕەخنەگرتنی ئیرەییبەر لەسەر حیکمەتی خوای گەورە، چونکە ئەگەر پێت ناخۆش بێت بەو نیعمەتەی خوا بەسەر کەسێکدا باراندووە، ئەمە ڕەخنەگرتنە، وەک ئەوە وایە بڵێیت: ئەم پیاوە شیاوی ئەم نیعمەتە نییە، ڕەخنەگرتنی تێدایە لە قەدەر.

- ئیرەیی نەفی تەواوی ئیمان دەکات، لەبەر ئەوەی پێشتر باسمان کرد ڕەخنەگرتنی تێدایە لەسەر قەدەری خوا، مەرووەک خوای گەورە نەهی کردووە، کردەوەکەی دەبێتە تاوان، هەروەها تاوانیش دەلالەت لەسەر کەمی ئیمان دەکات، لەبەر وتەی پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: "ئیمانی یەکێک لە ئێوە تەواو نابێت مەتا ئەوەی بۆ خۆی پێ خۆشە، بۆ برای خۆشی پێ خۆش بێت." گومانی تێدا نییە ئیرەییبەر وا نییە.

- ئیرەیی بەزۆری هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسەی ئیرەیی پێ دەبەیت، ئیرەییبەر هێرش دەکاتە سەری، یان بە زمان، یان کردەوە، بۆ ئەوەی ئەم نیعمەتە لەسەری لابچێت.

- ئیرەییبەر بەردەوام لە قەلەق و سینگتەنگی دایە، مەتا مەندێکجار خواردن ناخوات، هەروەها خەوێشی لێ ناکەوێت، چەند نیعمەت زۆر بێت لەسەر کەسەکە خەم و پەژارەی ئیرەییبەر زیاتر دەبێت.

- ئیرەیی وای لێ دەکات پێش ئەو کەسە نەکەوێت کە ئیرەیی پێی دەبات، نموونە: قوتابی دەبینێت لێی باشترە لە زانست، بۆیە دەڵێت: "پێویست ناکات من خۆم ماندوو بکەم، چونکە من ناگەم بە پلەی ئەو قوتابییە." ڕادەوەستێت لە خێر بەهۆی ئیرەیی، پەنا بە خوا.

- یەکەم کەس ئیرەیی بردبێت، ئەوەی ئێمە بزانین شەیتان بووە، کەواتە ئیرەیی لە شوێنکەوتنی هەنگاوەکانی شەیتانە و شوێنکەوتنییەتی.

- ئیرەیی وا لە مرۆڤ دەکات حەق وەرنەگرێت، شوێن هەوا و ئارەزووەکانی بکەوێت، زۆربەی زۆری کێشەکان بۆ ئیرەیی دەگەڕێنەوە، هەروەها خەڵکێکی زۆر نقووم بوون لە ئیرەیی، پەنا بە خوا.

ئایا ئەگەر ئیرەییەکی بەردەوامان لەسەر بوو، چی بکەین؟

بۆ دووربوون لە ئیرەیی بەردەوام، دەبێت سەرچاوەی ئەو ئیرەییە نەمێنێن. کاتێک دڵنیایت کەسێک ئیرەییت پێ دەبات، پێویست ناکات ململانێی لەگەڵدا بکەیت، زۆرجار دروستبوونی نەم ململانێیە ناو ئافرەتان ڕوو دەدات، کاتێک دەزانێت ئیرەیی پێ دەبرێت، کێشە دروست دەکات، یان ئافرەت هەیە دەچێتە لای ئافرەتی تر و دەیکاتە دوژمنی خۆی، بەوەی باسی: هەبوونی، زێڕ، پارە و ماڵەکەی بۆ دەکات، خۆی بەبەرزتر پیشان دەدات لە ئافرەتانی تر، نەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی ئیرەیی و چاوونەفەس و سیحر.

هەرکات زانیت ئیرەییت پێ براوە و چاو لێی داویت، مەوڵ بدە چارەسەر وەربگریت و خۆت پاک بکەیتەوە لەو چاو و ئیرەییەی لێی داویت و دوور بکەوە لەوەی بەدەستی خۆت خۆت بەچاو و ئیرەیی ببەیت، لەگەڵ ئەو کەسەی کە ئیرەییبەرە مامەڵەت باش بێت و جوان هەڵسوکەتی لەگەڵ بکە، ئەگەر چارەشیت نەوێت تۆ هەر باشبە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (استعينوا على إنجاح الحوائج بالكتمان ، فإن كل ذي نعمة محسود)[2] واتە: بۆ

[1] (شرح بلوغ المرام ج١٥ لاپەرە: ٢٠١-٢٠٢)

[2] (صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم: ١٤٥٣)

سەرخستنی کارەکانتان، بەپەنهانی ئەنجامیان بدەن، چونکە هەموو نیعمەتێک جێی ئەوەیە کە ئیرەیی پێ ببرێت.

ئایە ئیرەیی چ لە مرۆڤەکان دەکات و نیشانەکانی چین؟

- گەرمبوونی تەواوی جەستەی، بەتایبەت لێوارەکانی سەری دەستەکان، سەری پێیەکان، ئەمە نیشانەیەکە پێش ڕوقیە کردن.

- وەسواسی و ڕاڕایی و سەرکەوتنی جنەکە لە بابەتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ، یاخود بۆت دێت بە واسواسی خەم و خەفەت بە شێوەیەک تۆ وا دەزانی کارەکانت کردووە، بەڵام دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی.

- ئیرەیی پێش سیحر و چاوونەفەس دەکەوێت، چونکە دەبێتە هۆی نەخۆشی، بازنەی ئیرەیی بازنەیەکی شەیتانییە کە تێیدا ڤایرۆس و بەکتریا گەشە دەکەن و دەبنە هۆی نەخۆشی لە لەشدا، ئیرەیی گەورەترین هۆکارە بۆ بوونی نەخۆشی، زیاتر لە چاوونەفەس و زیاتر لە سیحر کاریگەری هەیە.

ئەم نیشانانە شتێکی گەورە نییە و بۆ ئەوەیە هەندێک لەو لەیەکچوون و تێکەڵبوونە زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی لەلای ڕاقییەکان لێک جیا نەکرێتەوە کە لەنێوان نەخۆشەکان ڕوو دەدات.

چاوپیسی چییە و چارەسەرییەکانی چین؟

چاوپیسی بریتییە لە سەیرکردن لەگەڵ بەچاکدانانی شتێک، یان کەسێک کە ناوێتەی ئیرەییە و دەبێتە هۆی زەرەرلێدانی چاولێدراو کە هەندێکجار سەر دەکێشێت بۆ کوشتنی کەسەکە.

خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَإِنْ يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ﴾[1] هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ دەفەرموویت: (العينُ حَقٌّ)[2] واتە: چاو حەقە و کاریگەرییەکەی ڕاستە. هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموویت: ﴿لَوْ كَانَ شَيْءٌ سَابَقَ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ﴾[3] واتە: ئەگەر شتێک پێش قەزاوقەدەر بکەوتایە، ئەوا چاو پێشی دەکەوت.

خۆپاراستن لە چاو، پێش ڕووداني و دوای ڕووداني

١- شاردنەوەی چاکەکانی ئەو کەسەی مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت چاوی لێ بدرێت.

٢- پارێزگاری و بەردەوامی لەسەر زیکر و پاڕانەوە شەرعییەکان.

خۆپاراستن لە چاوپیسی، لە پاش ڕووداني

١- ناسینی چاوپیسەکە و کۆکردنەوەی ناوی دەستنوێژەکەی و ڕووکردنی بەسەر چاولێدراوەکەدا.

٢-چارەسەر بە ڕوقیەی شەرعی و زیکری بەیانییان و ئێواران.[4]

---

[1] (القلم:٥١)

[2] (متفق عليه)

[3] (صحيح الجامع ٥٢٨٦)

[4] وەرگیراوە لە پەرتووکی: (تفسير الجزء الأخير من القرآن الكريم ومعه تفسير الفاتحة وآية الكرسي مختصر من تفسير ابن كثير وبليه ٣٧ موضوعًا من أهم ما يحتاج إليه المسلم في دينه ودنياه)

ئایە دەکرێت کەسێک، چاوی کارێگەری لەسەر خۆی هەبێت؟

پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) ڕێنمایی کردووین ئەگەر کەسێک ترسا لەوەی کە چاوی کارێگەری لەسەر شتێک بکات و زیانی پێ بگەیەنێت، ئەوا با دوعا و نزای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، وەکوو دەفەرموێت: (إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ, أَوْ مِن نَفْسِهِ, أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ [فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ] فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ)[1] واتە: هەر کاتێک یەکێک لە ئێوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە دەروونیدا، یان لە ماڵەکەی، یان لە براکەی، ئەوە با نزا و دوعای پیت و بەرەکەتی بۆ بکات، چونکە بەڕاستی چاوپیسی ڕاستە.

هەروەها پێشەوا ئیبنولقەییم _رحمه الله_ دەفەرموێت: "هەندێکجار پیاو چاوی کارێگەری لەسەر خۆشی دەبێت." پێشەوا ابن كثير _رحمه الله_ دەفەرموێت: "هەندێک لە پێشینان فەرموویانە: هەرکەسێک شتێکی سەرسوڕهێنەری بینی لە ماڵی، یان منداڵی، ئەوا با بڵێت: (ماشاء الله، لا قوه إلا بالله)."

چەندجۆر چاوونەفەس هەیە وکامەی کارێگەری زیاترە؟

چاوونەفەس کارێگەری لەسەرمرۆڤ دروست دەکات، ئەوەش بەپێی بەهێزی و پیسی چاوەکە، یان بەهێزی و لاوازی ئیمانی کەسی چاولێدراو بەچەند جۆرێک، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: لە مرۆڤ دەدا، یەکسەر دەیکوژێت!

دووەم: مرۆڤ تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەکات و لەسەر جێگا دەکەوێت، تەواو سست دەبێت و دواتر دەمرێت، بەبێ هیچ هۆکارێک کە هیچ دکتۆرێک سەری لێ دەرناکات.

سێیەم: مرۆڤ تووشی ئیفلیجبوون دەکات، ئەگەر زۆو چارەسەری بکەی، چاک دەبێت، ئەگەردوابخرێت چاکبوونی زۆر زەحمەت دەبێت.

[1] (صححه الألباني في صحيح الجامع: ١ / ٢١٢)

چوارەم: مرۆڤ تووشی نەخۆشیی جەستەیی دەکات، لەپڕا تووشی نەخۆشی سستبوونی گورچیلە و نازاری قۆڵۆن و نەخۆشی شەکرە و فەقەڕات، وای لێ دەکات یەکسەر پێویست بە نەشتەرگەری بکرێت.

پێنجەم: مرۆڤ بێتاقەت دەکات، ڕەنگی زەرد دەبێت، تەمبەڵ و خەواڵو دەبێت، کێشی دادەبەزێت و لاواز دەبێت.

شەشەم: مرۆڤ تووشی نازاری: مەعیدەئێشە، قۆڵۆن، غازات، نازاری شان، مل، سەرئێشە و نازاری بەردەوامی قاچەکانی دەکات.

حەوتەم: لەپڕا کەسەکە گیانی دەکەوێتە لەرزە و ئۆقرەی نامێنێت، هەموو گیانی سوور دەبێتەوە و تای لێ دێت، ناڕەقە دەکات، وەکوو شێتی لێ دێت، وای لێ دەکات نەتوانێت لەجێگایەک دابنیشێت، ئەوەندە حاڵی تێک دەدات ...!

هەشتەم: مرۆڤ تووشی شێتبوون دەکات.

نۆیەم: زاکیرە تێک دەدات و کەسی چاولێدراو وای لێ دێت مێشکی هیچ وەرناگرێت، واتا زۆر زوو شت لەبیر دەکات.

دەیەم: شیرازەی خێزان تێک دەچێت بەبێ هۆ.

یانزەیەم: چاوونەفەس هەر بەتەنیا تووشی مرۆڤ نابێت، بەڵکوو کاریگەری لەسەر ئاژەڵ و پەلەوەر و کار و دارایی ماڵیش هەیە، جاری وایە ئەو کەسانەی ئاژەڵدارن لەپڕدا کۆمەڵێک لە ئاژەڵەکانی مردار دەبنەوە، یان شیرەکەیان تێک دەچێت، یان بەخراپی دەلەوەڕێت بەبێ ئەوەی هیچ نەخۆشییەکی هەبێت، سست دەبێت، یاخود هەمووی لەپڕا لاواز دەبن، هەروەها ئەوانەی کاریان باشە لەپڕا بەڕەکەت لە پارە و داهاتەکەیاندا نامێنێت، یان زوو زوو تووشی ڕووداو دەبێت، یان شکستی تێ دەکەوێت، هەروەها ئەم نیشانانە بەهۆی سیحرەوە هەمان کاریگەری دروست دەکات، واتا سیحرێش بەو شێوەیە کاریگەری هەیە، بە شێوەیەکی گشتی، مرۆڤ تووشی کۆمەڵە نەخۆشییەک دەکات، لە پشکنین و ئەشیعە دەرناچێت،

هەمووی بە پاکی و بێ کێشە دەردەچن. چارەسەری تەنیا بە ڕوقیەی شەرعی دەکرێت، واتە چارەسەری بە قورئان و عیلاجە شەرعییەکان دەکرێت.

چارەسەرێکی جیاواز بۆ ئەو کەسانەی چاو، یان نێرەیی جن لێی داون

ئەم ڕێگایەنە بەکاربهێنن بە یارمەتیی خوای پەروەردگار باش دەبن، بەردەوام بن تا شفاتان بۆ دێت:

- سووڕەتی (الملک)، ئایەتی: ١-٤
- سووڕەتی (القلم)، ئایەتی: ٥١-٥٢
- سووڕەتی (یوسف)، ئایەتی: ٦٧
- سووڕەتی (الفاتیحە)
- سووڕەتی (الاخلاص)
- سووڕەتی (الفلق)
- سووڕەتی (الناس)
- (ایە الکرسی)
- سووڕەتی (الاسراء)، ئایەتی: ٨٢
- سووڕەتی (البقرە) ئایەتی: ١٠٩
- سووڕەتی (النساء) ئایەتی: ٥٤
- سووڕەتی (طە) ئایەتی: ١٣١
- سووڕەتی (الإسراء) ئایەتی: ٨٢

١. کەسی نەخۆش بتوانێت ئەم ئایەتانە بەسەر خۆیدا بخوێنێت، با دەستنوێژی هەبێت، دەستی ڕاستی بخاتە سەر ناوچەوانی، بە یەقینەوە ئەم ئایەتانەی سەرەوە بخوێنێت.

٢. هەمان ئایەت و سووڕەت بەسەر زەیتی زەیتووندا بخوێنێت، ئەو شوێنانەی ئازاری هەیە، بەتایبەت شان و مل و ئەژنۆ، بەڕەو خوار پێش و پشتی سەری، نزیک پێنج خولەک مەساجی پێ بکات, بەدەم شێلانەوە (الفاتیحە - ایەالکرسی) سووڕەتەکانی مەعوزەتەین بخوێنێت ڕۆژی دووجار دوای نوێژی بەیانی.

٣. دوو بۆ سێ لیتر ئاوی پاک دەهێنیت، هەمان ئایەتی بەسەردا بخوێنە، هەوڵ بدە لە بەیانییەوە، تا کاتی خەوتن لێی بخۆرەوە، دوای نوێژی عەسر بە پەمپ ئەو شوێنانەی گەرمی و ساردی دروست دەکات لە لەشتا بەکاری بهێنە، بەدەم خوێتەوە (الفلق) و (الناس) دەخوێنیت.

٤. پاپەندبوون بە زیکری بەیانییان و ئێواران و زیکری شەوان پێش خەوتن، بەردەوام بیت.

٥. ڕۆژانە خوێندنی ئەم دوعا و زیکرانە گرنگە کەسی نەخۆش بیخوێنێت:

- (اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ أَذْهِبْ الْبَاسَ اشْفِهِ وَأَنْتَ الشَّافِي لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا).

- (بِاسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ، مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ، مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ، اللهُ يَشْفِيكَ بِاسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ)

- (بسم الله يبريك من كل داء يؤذيك من حسد كل حاسد و كل عين و ا الله يشفيك.)

- زۆر وتنی: (لاحول ولاقوة الا بالله).

٦. نێمەی نەخۆش زۆر پێویستیمان بە شەونوێژ و دوعا و خێرکردنە، هەروەها با سابر بین و ڕاستگۆ بین، خوای بەرز دەفەرموێت لە سووڕەتی (ال عمران): [الصَّابِرِينَ] ئەوانەی کە سەبر و ناڕامییان گرتووە لە دونیادا. [وَالصَّادِقِينَ] هەروەها ئەوانەی کە ڕاستگۆبوونە لە نیەت و لە کردەوەیاندا، لە نهێنی و ئاشکرادا. [وَالْقَانِتِينَ] هەروەها ئەوانەی گوێڕایەڵ و

ملکەچی خوای گەورە بوونە. [وَالْمُنْفِقِينَ] هەروەها ئەوانەی کە مالّی خۆیان بەخشیوە لەپێناوی خوای گەورەدا. [وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ] هەروەها ئەوانەی لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوونیان لە خوای گەورە کردووە.

ئەگەر ترسای چاوت بدا لە شتێک و زەرەری پێ بگەیەنێت، پێویستە ئەم دوعایە بخوێنی:

(إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ، أَوْ مِنْ نَفْسِهِ، أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ [فَلْيَدْعُ لَهُ بالبَرَكَةِ] فَإِنَّ العَيْنَ حَقٌّ) واتە: (ئەگەر یەکێک لە ئێوە لە براکەی، یان لە خۆی، یان لە سەروەت و سامانیدا بینیی کە پێی سەرسام بوو، هەروەها بەلایەوە سەیر بوو، با دوعای خێر و بەرەکەتی بۆ بکات، چونکە چاو ڕاست و ڕەوایە.)

پێویستە ئەمانەی خوارەوە بزانین بۆ ئەوەی ئیمانمان پارێزراو بێت

١- پابەندبوون بە تێڕوانینی شەرعی هاوتا، لە باوەڕبوون بە شوێنەواری چاو و کاریگەری، بەبێ زیادەڕەوی و کەمڕەوی، جا هەروەک ئێمە باوەڕمان هەیە بەوانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون و قەدەری خوان، هەروەهاش باوەڕمان هەبێت بە قەزا و قەدەری خوای پەروەردگار بە چاک و خراپییەوە و باوەڕبشمان هەبێت بە شوێنەواری تاوان و سەرپێچییەکان لە ڕووداوە موسیبەت و ڕووداوەکان، هەروەها نەکەین لایەکیان بدەین بەسەر لایەکی تریان، هەروەک کاری ئارەزووپەرستان و شوێنکەوتووانی.

٢- بەکارهێنانی هۆکارە شەرعییەکان لە بەرگریکردنی چاو پێش ڕووداوی، وەکوو گرنگیدان بە خوێندنەوەی پارێزەر و موعەوێزات، وێرد و زیکرەکان، لەوانەش: خوێندنەوەی ئایەتی (الكرسي) و سووڕەتی (الفلق و الناس) و خوێندنەوەی: ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ﴾[1] و ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ﴾[2] و جگە

[1] (رواه مسلم)
[2] (رواه البخاري)

لەمانەش، لەگەڵ بەردەوامبوون لەسەر کرداره چاکەکان و. دوورکەوتنەوە لە تاوان و سەرپێچییەکان، ئا ئەمە قەڵایەکی پتەو و بەهێزە و پارێزەرە بە وێستی خوای باڵادەست لە تیری چاو و لە ئیرەیی ئەو کەسانەی کە ئیرەییبەرن.

هەروەها هیچی تێدا نییە کە مرۆڤ خۆی بپارێزێت لە چاو، بە شاردنەوەی چاکە و نیعمەتەکانی لەو کەسانەی کە ترسی چاوی لێیان هەیە، بەو شتانەی کە دەیپارێزن لێی، ئەوەتا خوای پاک و بێگەرد لەسەر زمانی پێغەمبەر یەعقووب -علیه السلام- دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ يَا بَنِيَّ لَا تَدْخُلُوا مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ وَمَا أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ﴾[1] واتە: کوڕەکانم هەمووتان لە یەک دەروازەوە مەچنە ژوورەوە و لە چەند دەروازەیەکی جیاجیاوە بچنە ژوورەوە، دڵنیاش بن کە من ناتوانم هیچ شتێک لە بەڵا و پێشهاتانەی کە بڕیاری خوای لەسەرە بگێڕمەوە لە ئێوە، هیچ فەرمان و بڕیارێک بۆ کەس نییە، تەنیا بۆ خوا نەبێت، پشتم هەر بەو بەستووە و پشت و پەنام هەر ئەوە، جا دەبا ئەوانەی کە پاڵپشت و پشتیوانییان دەوێت، هەر پشت بەو ببەستن.

ئیبن عەببباس (ڕەزا و ڕەحمەتی خوا لە خۆی و باوکی بێت) و جگە لەویش فەرموویانە: "پێغەمبەر یەعقووب -علیه السلام- لە چاو لێیان ترساوە." چونکە کوڕەکانی زۆر جوان و بە سیما و ڕووخسار بوونە.

هەروەها پیغەمبەری خواش ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (استعينوا على إنجاح الحوائج بالكتمان، فإن كل ذي نعمة محسود.)[2] واتە: بۆ سەرخستنی کارەکانتان، بە پەنهانی ئەنجامیان بدەن، چونکە هەموو نیعمەتێک جێی ئەوەیە کە ئیرەیی پێ ببردرێت.

٣- تەنیا متمانەکردنە سەر ئەو نزا و پاڕانەوەی کە لە سوننەتدا لە چارەسەرکردنی چاو هاتوون دوای ڕوودانی: لەوانەش بۆ نموونە فەرموودەکەی خاتوون عائیشەیە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە دەفەرموێت: "پیغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ئەگەر ئازاری لە هەر

---

[1] (یوسف: ٦٧)

[2] (صححه العلامة الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، برقم: ١٤٥٣)

شوێنێکدا هەبوایە، ئەوا جبریل -علیه السلام- ڕوقیەی بۆ دەکرد و دەیفەرموو: (بِاسْمِ اللَّهِ يُبْرِيكَ وَمِنْ كُلِّ دَاءٍ يَشْفِيكَ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ وَشَرِّ كُلِّ ذِي عَيْنٍ)."[1] واتە: بە ناوی ئەو خوایەی کە چاکت دەکاتەوە و لە هەموو دەرد و نەخۆشییەک شیفات دەدات و لە خراپەی هەموو نێرەییبەرێک و چاوپیسێک دەتپارێزێت.

هەروەها خاتوون عائیشە (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -ﷺ- إِذَا مَرِضَ أَحَدٌ مِنْ أَهْلِهِ نَفَثَ عَلَيْهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ فَلَمَّا مَرِضَ مَرَضَهُ الَّذِي مَاتَ فِيهِ جَعَلْتُ أَنْفُثُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُهُ بِيَدِ نَفْسِهِ لأَنَّهَا كَانَتْ أَعْظَمَ بَرَكَةً مِنْ يَدِي.)[2] واتە: پیغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ئەگەر یەکێک لە ئەهل و کەسوکارەکەی نەخۆش بووایە، ئەوا هەردوو سووڕەتی (الناس) و (الفلق)ی بەسەریاندا دەخوێندەوە و منیش کاتێک کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ نەخۆش کەوت، ئەو نەخۆشییەی کە تێیدا وەفاتی کرد، ئەوەم دەخوێندە ناو دەستەکانی خۆیدا و دەمهێنا بە لەشیدا، چونکە دەستەکانی ئەو بە بەرەکەتترن.

هەروەها لە (عثمان)ی کوڕی (أبو العاص)ی (الثقفي)یەوە -ڕەزای خوای لێ بێت- دەگێڕنەوە کە شکاتی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەدەست نەو نازارەی کە لە جەستەیدا بوو، لەو کاتەی کە موسڵمان بووە، پێغەمبەری خواش ﴿ﷺ﴾ پێی فەرموو: "دەستت بخە سەر ئەو شوێنەی کە نازاری هەیە لە جەستەت و سێجار بڵێ: (بسم الله) و حەوتجار بڵێ: (أعوذ بالله وقدرته من شرِّ ما أجد وأحاذر.)

یان بە وەرگرتنی شتێک لەو کەسەی کە چاوی داوە و چاوڵێدراو خۆی پێ بشوات، لە (أبو أمامه)ەوە کە ناوی (سهل)ی کوڕی (حنیف)ە، ئەویش لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەرچوو بۆ مەککە و کۆمەڵێکیش لەگەڵیدا بەڕێ کەوتن بەرەو مەککە، تاکوو گەیشتنە دۆڵێک لە ناوچەکانی (الخزار) لە (الجحفة) و (سهل)ی کوڕی (حنیف)یش خۆی شۆرد لە کاتێکدا کە پیاوێکی سپی بوو و جەستە و پێستی جوان بوو، (عامر)ی کوڕی (ربیعه) کە لە برایانی (بنی عدی) کوڕی (کعب) بوو، تەماشای کرد لە کاتێکدا

---

[1] (رواه مسلم)
[2] (رواه مسلم)
[3] (رواه مسلم)

که خۆی دەشۆرد، وتی: "تاکوو ئەمڕۆ پێستی شاراوەی وام نەبینیوە." ڕاستەوخۆ دای بەزەویدا و لەهۆش جووەوە، ئەوانیش هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتیان: "ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا شتێکت هەیە بۆ چارەسەرکردنی (سهل)؟ سوێند بە خودا سەری بەرز ناکاتەوە و هیچ هۆش و ئاگای نییە، تەنانەت ناتوانێت سەربش بەرز بکاتەوە." پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: "ئایە تاوانباری هیچ کەسێک دەکەن بەوەی کە تووشی بووە؟" وتیان: "عامری کوڕی (ربیعه) تەماشای کردووە." پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی عامری کرد و زۆر تووڕە بوو لێی و پێی فەرموو: "لەسەر چی کەسێک لە ئێوە براکەی خۆی دەکوژێت؟ بۆ ئەگەر شتێکت بینی و سەرسامی کردی، داوای بەرەکەتی بۆ ناکەیت؟" پاشان پێی فەرموو: "خۆتی بۆ بشۆ." ئەویش هەستا بە شۆردنی ڕوومەت و هەردوو دەستی لەگەڵ ئانیشکەکانیدا، لەگەڵ هەردوو ئەژنۆ و پێکانی لەقاپێکدا، پاشان ئەو ئاوە کرا بەسەر (سهل)دا، پیاوێک دەیکرد بەسەر سەر و پشتیدا لە پاشەوەی و قاپەکەی بۆ لار دەکردەوە کە ئەوەی بۆ ئەنجامدرا (سهل) ڕاست بووەوە و کەوتە ڕێ لەگەڵ خەڵکەکەدا هەروەک بڵێی هیچ ئازارێکی تێدا نەبووبێت.

٤- بڕینی ڕاستەوخۆی ئەو ڕێگایانەی کە گومان دروست دەکات، بەبێ دوو دڵی: لەو کاتەی کە دێنە سەر مرۆڤ و تووشی دەبن، لەگەڵ خۆبەدەستەوەنەدانی و دوور کەوتنەوە لە دەست بەتاڵی فیکری و عەقڵی، چونکە ئەگەر مرۆڤ عەقڵی خۆی خەرێک بکات بە کرداری چاک و دڵی بەگوێڕایەڵیکردن، ئەوا ئەو گومانە ناکەوێتە ناو دڵ و عەقڵییەوە.

٥- بڕین و ڕەتکردنەوەی ئەو وەسوەسانەی کە لەم بوارەدا -جگە لەمیش- تووشی موسڵمان دەبن، ئەوەش بەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: لەخواترسان و خۆپارێزی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَوْا إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُوا فَإِذَا هُمْ مُبْصِرُونَ﴾[٢] واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزگار و تەقوادار بوون، کاتێک ختورە و خەیاڵێک لەلایەن شەیتانەوە تووشیان دەبێت، خێرا بێدار

[١] (رواه أحمد في مسنده، برقم: ١٦٠٧٦، وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة، برقم: ٢٥٧٢، و الشيخ شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لمسند الإمام أحمد، برقم: ١٦٠٢٣).

[٢] (الأعراف: ٢٠١)

دەبنەوە و خوای خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هۆشیار دەبنەوە، ئیتر دەست بەجێ بینا دەبن و بەرچاویان ڕوون دەبێت.

دووەم: پەناگرتنە بە خوای پاک و بێگەرد: خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾[1] واتە: ئەگەر وەسوەسەیەکت لەلایەن شەیتانەوە بۆ پێش هات و ویستی لەخشتەت بەرێت و تووشی هەڵەت بکات، ئەوا پەنا بگرە بە خوا و پشت بەو ببەستە، چونکە بەڕاستی هەر ئەو بیسەر و زانای تەواوە. هەروەها فەرموویەتی: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ مَلِكِ النَّاسِ إِلَهِ النَّاسِ مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ﴾[2] واتە: بڵێ پەنا دەگرم بە پەروەردگار و پادشا و خوای خەڵکی، لە شەڕ و خراپەی شەیتانی وەسوەسەکار، کە ئەگەر زیکری خوا بکرێت بچووک و دوور دەکەوێتەوە.

عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: (الشیطان جاثم علی قلب ابن آدم، فإذا سها وغفل وسوس و إذا ذکر الله خَنَس) واتە: ئەوە شەیتانە بەسەر دڵی مرۆڤەوەیە، ئەگەر بێ ئاگا و غافڵ بوو لە زیکری خوا شەیتان وەسوەسەی بۆ دەکات، ئەگەر زیکر و یادی خوای پەروەردگاری کرد، شەیتان دەچێت بەیەکدا و دوور دەکەوێتەوە.

برا و خوشکی بەڕێزم! دوا وتەم ئەوەیە کە خودی کارتێکردنی چاو ڕاست و حەقە و کارێکی جێگیرە لە شەرع و واقیع و بە عەقڵیش. بەڵام، لە کاتێکدا ئەم ڕاستییە ڕوونە ڕوو دەدات و ئاشکرا دەبێت لەپێش چاومان، یەکێک لەو هەڵە بەربڵاو و بەڵا بێسەروبەرە ئەوەیە کە تووشبوون بە چاو ببێت بە هەر دیمەنێکی تۆقێنەر، یان ختووڕەیەک بێت بەسەر مێشکدا لە هەموو تووشبوونی ئازارێک، یان هەموو پێهەڵکەوتنێک، تاکوو بگاتە ئەوەی کە ببێت بە گومانێک لەلای خەڵکی، بە شێوەیەک هیچ یەکێک لەوان پژمەیەک ناکات دەڵێن ئەوە چاوە، هەروەها ئەگەر کۆکەیەکیان تووش بێت، دەڵێن چاوە کە هەر شتێکیان تووش دەبێت دێت بە دڵیاندا و دەڵێن ئەوە چاوە، هەتا هەندێکیان وەها تووشی گومان دەبن کە وا دەزانن ڕێ

[1] (الأعراف: ٢٠٠)
[2] (الناس: ١ - ٤)
[3] (تفسير ابن جرير الطبري: ١٥ / ٣٥٥)

دەکەن و چاولێدەرێک لە پێشیانەوەیە، خەوتنیان بەم شێوەیە و بەیانییش هەر بەم شێوەیە ڕۆژ دەکەنەوە، جا بەڕاستی ئەمە ئەو نەخۆشییە کوشندەیە و گومانیش جگە لە لاوازیی ویست نەبێت هیچ شتێک زیاد ناکات.

چاوپێسی کاربگەریی خێراتر لەسەر منداڵ دروست دەکات

بەڵگەمان لەسەر ئەوەی چاو خێراتر کاربگەری لەسەر منداڵان دروست دەکات، ئەو ڕیوایەتەیە: (قول أسماء بنت عميس ﷺ عن أبناء جعفر ﷺ عندما قال لها رسول الله ﷺ: "مالي أرى أجسام بني أخي ضارعة؟ أتصيبهم الحاجة؟"، قالت: "لا، ولكن تسرع إليهم العين"، وإقرار الرسول ﷺ لها بقوله: "ارقيهم".) واتە: وتەیەکی ئەسمائی کچی عەمیس (خوا لێی ڕازی بێت) کە لەسەر کوڕەکانی جەعفەر، کاتێک پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی فەرموو: "ئەوە چییە لاشەی برازاکانم دەبینم کە لاوازن؟ ئایا تووشی کەمدەستی وهەژاری بوون؟" ئەسما فەرمووی: "نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵام چاو خێرا کاریان لێ دەکات." ئینجا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئیقراری کرد و ئەوەی بەڕاست زانیی و فەرمووی: "ڕوقیەیان بەسەردا بخوێنن." (ڕوقیەش بە قورئان و ئەو وردانە دەبێت کە پێغەمبەر دیاری کردوون)

ئیمامی قورتوبی لەم بارەیەوە دەفەرموێت: "چاو خێراتر و زووتر کار لە منداڵان دەکات وەک لە گەورەکان."

[1] (أخرجه البخاري مسلم)

زۆربەی گریان و نەخۆشییەکانی منداڵ بەهۆی چاوونەفەسەوەیە!

نەخۆشییەکانی منداڵ و گریانی زۆر و بێزارکەر، هەموو کات هۆکاری برسێتی و نەخۆشی جەستەیی نییە، چاو زۆرترین هۆکاری ئازارە بۆ منداڵ، هەموو کات و ساتێک چاو بەخێرایی لە منداڵ دەدات، منداڵ زۆر ناسکترە بۆ تووشبوون بە چاوەوە، بەهۆی جوانیی شێوەیان و کەسایەتییان، بێگەردی ڕەفتار و ڕووحسووکی و قسەکانیان و کارەکانیان و بەتایبەت منداڵە جوانەکان و ئەوانەی کە جێ دەستی نیعمەتی خودا و تەندروست و پێستجوانی و کێشی زیاد و جوانیی چاو و قژیان، یاخود نیشانەی زیرەک و دڵخۆشییان لێ تێبینی دەکرێت.

جێی داخە هەندێک لە دایکان شانازی دەکات بە منداڵەکەیەوە، لەپێش خەڵک خۆی پێوە هەڵدەکێشێت و زۆر هەوڵ دەدات بۆ جوانکردن و گرنگیپێدانی لە جلوبەرگ و خواردن و خواردنەوەی، لەپێش ئافرەتانی تر شیری پێ دەدات و لەپێش دوورونزیکیش، پێ ئەوەی بە ویردەکان پارێزگاری لێ بکات، تا لە چاوونەفەس و چاوتێبڕینی شەیتانەکان پارێزراو بێت.

بەهۆی ناشارازایی، زۆربەی دایک و باوکەکان لە چاوەزار و شوێنەوارە مەترسی و زیانەکانی، زۆربەیان نازانن کە هەموو خاوەن بەخشش (نیعمە)تێک ئیرەیی پێ بردراوە، لە (معاز بن جبل)ەوە فەرمووی پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: (استعينوا على قضاء حوائجكم بالكتمان فإن كل ذي النعمة محسود)[1] واتە ڕەچاوی جێبەجێکردنی پێویستییەکانتان بکەن بە نهێنییەوە، چونکە هەموو خاوەن نیعمەتێک ئیرەیی پێ بردراوە.

هۆکاری مردنی زۆربەی منداڵەکان بە هۆکاری تووشبوونە بە چاوونەفەس، وەک چۆن هۆکاری مردنە لە زۆری خەڵکدا، بەڵام لەلای منداڵ زۆرترە و لای هەموو خاوەن نیعمەتێکیش، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (اكثر من يموت من امتي بعد قضاءالله و قدرة بالعين)[2] واتە زۆربەی ئەوەی لە ئوممەتی من دەمرێت دوای قەزا و قەدەری خودا، بە چاوونەفەسە.

---

[1] (طبرانی گێڕاوێتیەوە، نەلبانی پشتڕاستی کردووەتەوە لە زنجیرەی ڕاستی: ٤٣٦/٣ . حدیسی ژمارە: ١٤٥٣)

[2] (نەلبانی لە صحیح الجامع بامی کردووە.)

ئیبن عەببباس (رەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی: (العین حق) واتە چاوونەفەس ڕاستە. ئیمامی موسلیم زیادی کردووە و دەفەرموێت: "ئەگەر شتێک پێش قەدەر کەوتبا، چاوونەفەس دەبوو."

چۆن دوعا بخوێنین بەسەر منداڵەکانمان، تا پارێزراو بن لە چاوپیسی و سیحر و ئیرەیی؟!

نزاخوێندن بەسەر منداڵدا یەکێکە لە کارە هەرە زۆر بەسوود و گرنگەکان کە لە هەندێک ماڵدا بەتەواوی فەرامۆش کراوە کە منداڵ دەپارێزێت لە هەموو شتێکی خراپ و نەخوازراو.

چۆنیەتییەکەی

منداڵەکەت لەخۆت نزیک بکەرەوە و دەستەکانت کۆ بکەرەوە هاوشێوەی دوعا و فوویەکی پێدا بکە و پاشان ئەم نزا و سووڕەتانە بخوێنە:

(أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ، مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ) دواتر هەربەکە لە سووڕەتەکانی: (الاخلاص) و (الناس) و (الفلق) بخوێنە.[1]

کە ئەمانەت خوێند، دواتر دەستەکانت بهێنە بە تەواوی لاشەی منداڵەکەتدا. ئەم کردارەی بۆ دووبارە بکەرەوە ڕۆژانە، یاخود شەوانە. پشت بە خودا پارێزراو دەبێت لە چاو و سیحر.

ئایا بەبۆنکەوتنی منداڵ، بوونی هەیە؟

هیچ نەخۆشییەک، یان بارودۆخێک نییە پێی بگوترێت بەبۆنکەوتن، نە لە ڕووی شەرع، نە لە ڕووی پزیشکییەوە شتی وا بوونی نییە، بەداخەوە یەکێک لەو بیروباوەڕە هەڵانەی لەناو

[1] (صحيح البخاري: ٣٣٧١ ، ٥٧٤٨)

هەندێک لە خەڵکدا باوە و جارجارە دەیبیستین، بڕیتییە لە بەبۆنکەوتن، یان دایکە شیردەرەکەی بۆنی شتێکی کردبێت و منداڵەکەی نەخۆش بکەوێت، تەنیا ئەو منداڵانەی هەستیاربی ڕەبوویان هەیە ڕەنگە بەهۆی هەندێک گوڵاوی بەهێز (عەتر) کاریگەری لەسەربان دروست بێت بەهۆی هەندێک تەنۆلکەی کیمیایی زۆر بچووکی ناو عەترەکە، نەک لەبەر بۆنەکەی، جاری وا بۆنەکە تیژە بۆ میشکیان بەرگەی ناگرێت و کار لە گەدە و ڕیخۆڵەکانی دەکات.

هەروەها لە شەرعیشدا بوونی نییە و باس نەکراوە، چارەسەری ئەمە لەلای کێیە؟ زۆر گرنگە بیزانین، تا تووشی شیرک و گوناهـ و هەندێکجار سیحریش نەبین، ئەگەر بردتە لای هەرکەس و وتی بە بۆنی فلان عەتر، یان معەتر، یان هەر شتێکی تری وت، ئەوە بزانن ئەو کەسە ڕاست ناکات و جن بەکار دەهێنێت و جنەکان پێی دەڵێن، ئەمەش کارێکی حەڕامە.

دەبێت برۆینە لای ئەعشابێکی سیقەپێکراو، تەنیا بە دەرمانی کوردەواری چارەسەر دەکرێت، لەلای پیرێژنان نا. بەبۆنکەوتنێکی تر هەیە کە لە ئێستادا زۆرکەس لێی بێ ئاگایە، بەهۆی مەسی جن و سیحر و ئیرەیی و چاوونەفەس تووشی دەبیت.

کێ چارەسەری دەکات، پیرێژن یان ئەعشاب؟

هیچیان، دەبێت ئاوی ڕوقیە بخواتەوە، ڕوقیە بۆخۆی بکات، گوێ لە قورئان بگرێت، هیوادارم بابەتەکە ڕوون بێت لاتان، نەکەونە ژێردەستی هیچ کەسێک. لەگەڵ کەسانی عەقیدە پاک و شارەزا لە شەرع بەڕاست و دروستی گفتوگۆمان کردوو، ڕوونکردنەوەی جوانی پێ داین.

ئەم دوعایانەی لە فەرموودەی سەحیح وارید بووە بۆ چارەسەری منداڵ لە چاوپیسی

رێگای گونجاو و دروست بۆ ڕوقیەخوێندن بەسەر منداڵی بچووکدا بۆ پاراستنی و پارێزگاریکردن لێی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەگەڵ حەسەن و حوسەین (ڕضی الله عنهما) دەیکرد.

(ابْنِ عَبَّاسٍ) -رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا- گێڕاویەتیەوە و دەفەرموێت: "پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕوقیەی بەسەر حەسەن و حوسەیندا دەخوێند و دەیفەرموو: باوکتان ئیبراهیم بەم شێوازە ڕوقیەی بۆ (إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ) دەکرد و دەیفەرموو: ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ، مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لامَّةٍ﴾[1]." واتە: پەناتان دەدەم بە وشە تەواوەکانی خوای گەورە، لە هەموو شەیتان و گیانلەبەر و زیندەوەرێکی زیانبەخشی خاوەن ژەهر. هەروەها لە هەموو چاوێکی لۆمەکراو و پیس. (یان: مِنْ كُلّ عَيْنٍ لامّة واتە: لە هەموو دەرد و نەخۆشییەک کە مرۆڤ دەیگرێت لە شێتی و کەمعەقڵی).

ئیبن حەجەر لە (فتح الباري: ٦/٤١٠)دا دەفەرموێت: "(وهامّة) واتە ئەو شتانەی کە ژەهرین هەیە."

هەروەها (ومن كل عين لامة)، (الخطابي) دەفەرموێت: "مەبەست لێی هەموو دەردێکە کە تووشی مرۆڤ دەبێت لە شێتی و جن."

هەروەها باش وایە بە (المعوذتين) کە سووڕەتی (الناس) و (الفلق)ە، بەسەر منداڵدا بخوێندرێت و دەست بهێندرێت بە لاشەیاندا لە کاتی خوێندنیدا، یاخود بخوێندرێت بەنێو هەردوو لەپدا، پاشان فووکردن بە دەستدا و دەستهێنان بەو جێگایانەی لاشەدا کە دەست پێ دەگات، چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەم دوو سووڕەتەی بەسەر خۆی و کەسانی تردشدا دەخوێند.

(أبي سعيد الخدري) -ڕضی الله عنه- دەفەرموێت: (كَانَ ﴿ﷺ﴾ يَتَعَوَّذُ مِنَ الجَانِّ وَعَيْنِ الإِنْسَانِ حَتَّى نَزَلَتِ الْمُعَوِّذَتَانِ ، فَلَمَّا نَزَلَتَا أَخَذَ بِهِمَا وَتَرَكَ مَا سِوَاهُمَا)[2] واتە: پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەنای دەگرت

[1] (نیمامی البخاري: ٣٣٧١

[2] (رواه الترمذي: ٢٠٥٨ ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي).

لە شەیتان و چاوی مرۆڤ، بەڵام کاتێک کە سووڕەتی (الناس) و (الفلق) دابەزی، وازی لە دوعاکانی تر هێنا و ئەم دوو سووڕەتەی دەخوێند.

هەروەها خوێندنی سووڕەتی (الناس) و (الفلق) لە پێغەمبەرەوە ﷺ وارد بووە پێش نووستن ئەم دوو سووڕەتەی دەخوێند بەسەر هەردوو ناو لەپیدا و فووی پێدا دەکردن، پاشان دەیهێنا بە لاشەیدا، جا کاتێک نەخۆش کەوت خاتوون عائیشە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) ئەو کارەی بۆ دەکرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دایک دەتوانێت ئەم کارە بۆ منداڵەکەی بکات و ئەم دوو سووڕەتەی بەسەردا بخوێنێت و دەست بهێنێت بە لاشەیدا.

خاتوون عائیشە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (كَانَ ﷺ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ نَفَثَ فِي كَفَّيْهِ بِـ"قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ" وَبِالْمُعَوِّذَتَيْنِ جَمِيعاً، ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا وَجْهَهُ وَمَا بَلَغَتْ يَدَاهُ مِنْ جَسَدِهِ. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَلَمَّا اشْتَكَى كَانَ يَأْمُرُنِي أَنْ أَفْعَلَ ذَلِكَ بِهِ.")[1] واتە: پێغەمبەر ﷺ کاتێک بچووبایەتە سەر جێگا، فووی دەکرد بە هەردوو لەپیدا و سووڕەتی (اخلاص) سووڕەتی (الناس) و (الفلق)ی دەخوێند، پاشان دەستی دەهێنا بە دەموچاوی و ئەو جێگایانەی لاشەیدا کە دەستی پێی دەگەیشت.

جا خاتوون عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "کاتێک نەخۆش کەوت، فەرمانی بە من دەکرد ئەو کارەی بۆ بکەم."

[1] (رواه البخاري: ٥٧٤٨).

تا چەند سیحر کاریگەری لەسەر منداڵی بچووک هەیە؟ هۆکاری زیرەی منداڵ و چارەسەری

زۆرجار کاتێک منداڵی بچووک تووشی ڕاچلەکین، یان گرفانێکی نائاسایی دێت، یان خەوی تێک دەچێت، پرسیار لەلای دایکان دروست دەبێت کە ئایە ئەم منداڵە دەبێت سیحری لێ نەکرابێت؟ منداڵی بچووک مەلائیکەت دەیپارێزن، هەندێک لە زانایان دەفەرموون تا ٦ ساڵی، هەندێکیش دەفەرموون تا ٨ ساڵی سیحر کاریگەری لێ ناکات، بەڵام بۆ چاوونەفەس زۆر ناسکە، لە کەسی بەتەمەن زووتر تووش دێت، هۆکار ئەوەیە ئەگەر منداڵ ئەم بارودۆخەی هەبوو، ئەوە کێشە لە منداڵەکە نییە، لە دایکەکەیە، کاریگەری دەخاتە سەر منداڵەکە، واتا دایکەکە، یان سیحری لێ کراوە یان چاوونەفەسی لەسەرە، بۆیە ئەگەر دایکەکە چارەسەری خۆی کرد، ناڕەحەتی لەسەر منداڵەکەش نامێنێت. جاری وا هەیە منداڵ دەترسێنرێت، یان لێی دەدرێت، لەبەر ئەوە زۆرجار دایک و باوک سەرسام دەبن بەوەی کە منداڵەکەیان لەخۆوە قسە دەکات لەگەڵ کەسێک کە نایبینن، یان کاتێک منداڵ دەگری منداڵەکە دەڵێت پیاوێک لە ژوورەکە دایە و لێم دەدات، یان دەڵێت کەسێک بە بەری خانووەکەوەیە، یان دەبینن منداڵەکە پێدەکەنێت و وەکوو یاری لەگەڵ کەسێکدا بکات، لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی ماڵەوە خەوتوون. ئەم بارودۆخەش هۆکار ئەوەیە سیحر لەم ماڵەدا هەیە، نوشتەی پێچراو هەمووی سیحرە، سیحر لە هەر ماڵێکدا هەبێت جنۆکەی لێ کۆ دەبێتەوە، پێویستە بەتاڵ بکرێتەوە.

چارەسەری ترسی منداڵ

کەمێک زەیتی زەیتوونی ئەسڵ بێنە و لە دەمت نزیکی بکەوە، حەوتجار سووڕەتی (الفاتحه)ی لەسەر بخوێنە، لەگەڵ خوێندنی سووڕەتی (الزلزلة) سێجار، سێ شەو لەسەر یەک هەموو لاشەی ئەم منداڵەی پێ چەور بکە، پاشان لە ژووری خەوی منداڵەکەدا لە چوار سووچی ژوورەکەدا (آية الكرسي) بخوێنە، لەگەڵ خوێندنی دوو ئایەتی کۆتایی سووڕەتی (البقرة)، لەگەڵ خوێندنی (سورة الاخلاص، سورة الفلق و سورة الناس) سێجار.

دوعای پاراستنی منداڵ و پەناگرتنی لە جن و شەیتان، تا نەتوانن بیترسێنن

(كانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَعُوِّذُ الحَسَنَ وَالحُسَيْنَ ﷺ «أُعِيذُكُمَا بِكَلِماتِ اللَّهِ التَّامَّةِ، مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ»)[1] واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ حەسەن و حوسەینی بەم دوعایە پەنا دەدا و دەیفەرموو: "پەناتان دەدەم بە وشە بەرز و بەڕێز و تەواوەکانی خودای گەورە لە هەموو شەیتان و گیانلەبەر و زیندەوەرێکی زیانبەخشی خاوەن ژەهر، هەروەها لە هەموو چاوێکی پیسی زەرەربەخش."

جۆر و نیشانەکانی ئیرەیی و چاوپیسی لەسەر منداڵ

دوو جۆر چاوپیس هەیە

یەکەم: بە وێستی خۆیەتی، ئەویش ئەوەیە بەردەوام بەدوای نهێنی خەڵکە، چاوی لە ماڵ و سامانی خەڵکە، بەردەوام باسیان دەکات، حەز دەکات (الله) لێیان بسەنێت ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت، ئەم کەسانە زۆر تاوانبارن، ئەگەر واز لەم خووە بهێنێت چاوپیسەکەی لەسەر خەڵک نامێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کەسە ڕازی نییە بەم بەشەی کە (الله) پێی بەخشیوە.

دووەم: کەسێک بە سروشتی خۆی چاوی پیسە، بێ ئەوەی حەز بکات، ئەم جۆرە خراپترە لە جۆری یەکەم، لەوانەیە چاو لەخۆی، یان لە کوڕ و ماڵ و منداڵی بدا، وای لێ دێت ئەم خووە لەگەڵ خۆێن و جەستەی تێکەڵ دەبێت، دەرچوونی زۆر زەحمەت دەبێت.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾ واتە: (خوایە پەنا دەگرم بە تۆ، لە شەڕ و خراپەی ئیرەییبەر).

کەسێک کە ئیرەیی بە خەڵکی دەبات و بەو بەشەی کە خوای گەورە پێی بەخشیووە ڕازی نییە و ئاواتەخوازە خەڵکی زەرەر و زیانیان لێ بکەوێت، خوای گەورە نیعمەتی بە کەسێک

[1] (سنن ابی داود)

داوه ئاواتەخوازە ئەو نیعمەتە نەمێنێت، ئیتر بۆ ئەم بێت، یان بۆ ئەو نەبێت، ئەو هەر ئیرەییبەرە، بێگومان هەر کەسێک پەنا بۆ (الله) ببات، پەنای دەدات و دەپارێزێت، هەروەها پەنابردن بۆ جگە لە (الله) هاوبەش (شەریك)دانانە بۆ (الله) -سبحانه وتعالى-.

ڕەسوولی خودا ﴿ﷺ﴾ لە فەرموودەیەکی سەحیحدا دەفەرموێت: (العين حق ولو كان شيء سابق القدر لسبقته العين)[1] واتە: چاوپیسی شتێکی ڕاستە، هەروەها ئەگەر بهاتایە شتێک پێش قەدەری (الله) بکەوتایە، ئەوە بێگومان چاوپیسی بوو.

جابر دەفەرموێت: "پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: (العين تدخل الرجل القبر .وتدخل الجمل القدر)"[2] واتە: چاو پیاو دەخاتە ناو گۆڕەوە و وشتریش دەخاتە ناو مەنجەڵ. واتە هەردووکیان دەکوژێت، ئەو بۆ قەبر و ئەویش بۆ ناو مەنجەڵ.

چەند نیشانەیەکی چاوپیسی لەسەر منداڵ:

١.قیژە و گریانی زۆر.

٢- لاوازبوون و گەشەنەکردنی.

٣- گەرمبوونی لاشە.

٤.ڕەنگ زەرد بوون.

٥.نەگرتنی مەمکی دایک و نەخواردنی شیری.

٦.چاوی قووڵ دەبێت.

٧.میزکردنی زۆر.

٨.لێدانی دڵ بە پەلە.

---

[1] (المسلم)

[2] (حسنه الالبانی سلسله الاحادیث الصحیصه: ٣/٢٥٠ رقم حدیث: ١٢٤٠)

چۆن بزانین ئەم منداڵە شەیتان دەستی لێ وەشاندووە، یان چاوونەفەس کاری تێ کردووە؟

یەکێک لە نیشانەکان ئەوەیە ئەگەر ئەم منداڵە تووشی شڵەژانی زۆر بوو، چاوەکانی زۆر جوولەجوول بکات، یاخوود کاتێک پێی دەڵێی ئەمە بکە، ئەمە مەکە، بەڵام هیچ بە گوێت نەکات. جگە لەوەی کە خۆی لەم بارودۆخەدایە، ڕێگەی لێدان نەگرتبە بەر، چونکە دوژمنایەتی لەنێوان خۆت و ئەودا دروست دەکەیت، زیاتر ئەم شەیتانە کۆنترۆڵی مێشکی دەکات.

یەکێکی تر لەو نیشانانەی کە لە منداڵاندان ئەوەیە کە لە منداڵی ٨ ساڵ، یان ١٠سال، یان ١٢ ساڵ، یان ١٤ ساڵدا دەیدۆزیتەوە، بیری سێکسییان هەیە، ئەمەش شەیتانی دەرەکی هانی دەدات، جاری وا وای لێ دەکات زۆر دەست بۆ عەورەتی ببات، هەستی زیاد بکات.

یەکێکی تر لەو نیشانانە ئەوەیە، ئەو منداڵانەی کە شەیتان دەستی لێ وەشاندوونە، لە خەو دەترسن، یان زۆر لە خەودا قسە دەکەن، یان لەناو خەو ڕێ دەکەن و دەڕۆن، یان وەک ئەوەی لە کاتی خەودا نان بخۆن، یان ئازاری ناو سک و سکچوونی زۆر دەگرن.

هەنگاوەکانی چارەسەری چاوونەفەس و ئیرەیی لەسەر منداڵ بە ڕوقیەی شەرعی

١- پێویستە منداڵەکە ئاوی (مقروء) واتە ئاوێک قورئانی پیرۆزی لەسەر خوێندرابێت، بخواتەوە، ئەم سووڕەت و ئایەتانەی لەسەر بخوێنن، وەک لە سوننەتدا هاتووە: (سووڕەتی الفاتحة، سووڕەتی الإخلاص، سووڕەتی الفلق، سووڕەتی الناس، آیة الکرسي و دوو ئایەتی کۆتایی سووڕەتی البقرة) هەروەها ئەگەر منداڵەکە ساوا و شیرەخۆر بوو، پێویستە ئاوی قورئانلەسەرخوێندراو تێکەڵی شیرەکەی بکرێت، یان شیرەکەی (مقروء) بکرێت، ئینجا بدرێت بە منداڵەکە.

٢- پێویستە منداڵەکە هەموو ڕۆژێک بە ئاوی دەربا، یان ئاوی باران، یان هەر ئاوێکی ئاسایی قورئان لەسەرخوێندراو بشۆردرێت.

٣- لەشی منداڵەکە هەموو شەوێک بە زەیتی زەیتوونی قورئانلەسەرخوێندراو چەور بکرێت و پێی بشێلرێت.

٤- کەوچکێکی چا لە هەنگوینی ئەسڵی قورئانلەسەرخوێندراو بخوات، هەموو بەیانییەک، یان بکرێتە ناو پەرداخێک ئاوی (مقروء) بکرێتە شەربەت، ئینجا بدرێتە منداڵەکە.

٥- دەستی ڕاست بخە سەر سەری منداڵەکەت و قورئانی لەسەر بخوێنە، سووڕەتەکانی: (الفاتحة، الإخلاص، المعوذتين، آية الكرسي و دوو ئایەتی کۆتایی سووڕەتی البقرة) بخوێنرێت لەگەڵ زۆر دووبارەکردنەوەی ئەم دوعایانە: (أعيذك بكلمات الله التامة من كل الشيطان وهامة و من كل عين لامة ... بسم الله الذي لا يضر مع إسمه شيء في الأرض و لا في السماء و هو السميع العليم).

٦- بەخشینی ماڵ و ئەنجامدانی خێر و سەدەقە بە هەژاران، بە نیەتی لاچوون و نەمانی کاریگەریی چاوونەفەس و ئیرەیی لەسەر منداڵەکە. بە هیچ شێوەیەک باسی باشی و جوانییەکانی منداڵەکەت مەکە لەلای کەس، هەروەها ئەگەر منداڵەکەت کچ بوو؛ جلوبەرگی کورت و تەنک و تەسکی بۆ لەبەرمەکە، تا سەرنجی کەس ڕانەکێشێت و ئیرەیی و چاوی خەڵکی نەیەتە سەر.

٧- پێویستە لەسەر دایکی منداڵەکە کە ڕوقیە بۆ خۆشی بکرێت، یان خۆی بیخوێنێت، چونکە لەگەڵ هەموو منداڵێکی تووشبوو بە چاو و ئیرەیی، پێ دەچێت دایکی منداڵەکەش چاو و ئیرەیی لەسەر بێت.

پێویستە ئەم هەنگاوانە تا ٧ ڕۆژ، واتە هەفتەیەک بەبەردەوامی جێبەجێ بکرێت، وەک خۆی و بەجوانی ...

داواکارین لە (اللە) بمانپارێزێت لە شەڕی چاوونەفەس و ئیرەیی، شیفای خۆمان و منداڵەکانمان بدات.

چارەسەرێکی تری جیاواز، بۆ نەو منداڵانەی ترساون، یان بەرچاو کەوتن

ئەم چارەسەرە تاقی کرایتەوە بۆ منداڵی تەمەن یەک مانگ، تا لزیک شەش ساڵ، ئەم بابەتە فەرموودەی لەسەر نییە، تەنیا زانیاریەکە (الحمدلله) دایکان زۆر سوودیان لێ وەرگرتووە، کە پێمان وتوونە ئەم ڕێگەیە جێبەجێ بکەن، زۆربەی دایکان پرسیاری ئەوە دەکەن منداڵەکەیان زۆر دەترسێت.

نیشانەکانی ترس لە منداڵدا

١.ڕاچڵەکاند لە خەودا.

٢.ڕۆژانە هی بکات بەدەم خەوەوە باسی دەکات.

٣- چاوی نووقاوە، بەڵام دەنووزێنێت.

٤.کاتێک لە دایک و باوکی دوور دەکەوێتەوە، دەترسێت، دەقیژێنێت.

٥.کاتێک چواردەوری تاریک دەبێت، ترسی زیاتر دەبێت.

٦.هەندێک کات تووشی سکچوونی دەکات.

٧.کەمخۆراکی.

چارەسەری چییە؟

ئەم ڕێگەیە تاقی بکەوە

بۆ ماوەی سێ بۆ پێنج ڕۆژ ئەو دایکە دەستنوێژ هەڵبگرێت، هەرکاتێک بێت ناساییە، بە ناوی دەستنوێژەکەی تەنیا لەشی منداڵەکەی پێ تەڕ بکات، ئەگەر پێش عەسر بێت باشترە، چونکە منداڵ لەوکاتەدا دەخەوێت.

پێوستە ئەم خاڵانەش جێبەجێ بکات:

١. دوورخستنەوەی بابەتی نەتاری و ئایپات.

٢. دوورکەوتنەوە لە ئامێری مۆسیقا و گۆرانی.

٣. کاتێک شەو منداڵ دەخەوێت، باوکی یان دایکی دەستنوێژ هەڵبگرێت، دەست بخاتە سەر سەری، سووڕەتی: (الفاتیحه، ایەالکرس، الاخلاص، الفلق و الناس) بخوێنێت بەسەریدا.

٤. پەرداخێک ئاو بهێنێت هەمان ئەو ئایەتانەی بەسەردا بخوێنێت، بیپرژێنێت بە دەموچاویدا.

ئایەتەکانی چارەسەری چاوونەفەس و ئیرەیی

١. أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ، الحمد لله رب العالمين، الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين، اياك نعبد واياك نستعين، اهدنا الصراط المستقيم، صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم ولضآلين﴾.

٢. ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ مِنْ نَاصِرِينَ﴾.

٣. ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ﴾.

٤. ﴿وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُواْ الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ﴾.

٥. ﴿أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۖ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا﴾.

٦. ﴿إِن تَمْسَسْكُمْ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكُمْ سَيِّئَةٌ يَفْرَحُواْ بِهَا وَإِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ لاَ يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئاً إِنَّ اللّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾.

٧. ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾.

٨. ﴿وَلا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾.

٩. ﴿إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ﴾.

١٠. ﴿يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُمْ مَّشَوْاْ فِيهِ وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَآءَ اللّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾.

١١. ﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجاً وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ* وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَجِيمٍ* إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مَّبِينٌ﴾.

١٢. ﴿تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ* الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ* الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقاً مَا تَرَىَ فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِن تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىَ مِن فُطُورٍ* ثُمَّ ارجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئاً وَهُوَ حَسِيرٌ﴾.

١٣. ﴿قُلْ هُوَ اللّهُ أَحَدٌ* اللّهُ الصَّمَدُ* لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ* وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ﴾.

١٤. ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ* مِن شَرِّ مَا خَلَقَ* وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ* وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ* وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾.

١٥. ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ* مَلِكِ النَّاسِ* إِلَهِ النَّاسِ* مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ* الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ* مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ﴾.

ئەو زیکرانەی کە لە سوننەتدا هاتووە:

١- (أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق).

٢- (أعوذ بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة، ومن كل عين لامة).

٣- (أعوذ بكلمات الله التامة التي لا يجاوزهن بر ولا فاجر من شر ما ينزل من السماء، ومن شر ما يعرج فيها، ومن شر ما ذرأ في الأرض، ومن شر ما يخرج منها، ومن فتن الليل والنهار، ومن شر طوارق الليل والنهار إلا طارقاً يطرق بخير يا رحمن).

٤- (أعوذ بكلمات الله التامة من غضبه وعقابه، ومن شر عباده ومن شر همزات الشياطين وأن يحضرون).

٥- (اللهم إني أعوذ بوجهك الكريم، وكلماتك التامة من شر ما أنت آخذ بناصيته).

٦- (اللهم أنت تكشف المأثم والمغرم. اللهم إنه لا يهزم جندك ولا يخلف وعدك، سبحانك وبحمدك).

٧- (أعوذ بوجه الله العظيم الذي لا شيئ أعظم منه، وبكلماته التامات التي لا يجاوزهن بر ولا فاجر وبأسماء الله الحسنى ما علمت منها وما لم أعلم من شر ما خلق و ذرأ و برأ، ومن كل ذي شر لا أطيق شره، ومن شر كل ذي شر أنت أخذ بناصيته. إن ربي على صراط مستقيم).

٨- (اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت عليك توكلت وأنت رب العرش العظيم).

٩- (تحصنت بالله الذي لا إله إلا هو وإليه كل شيء. وتوكلت على الحي الذي لا يموت، و استدفعت الشر بلا حول ولا قوة إلا بالله).

١٠- (حسبي الله ونعم الوكيل).

١١- (حسبي الله لا إله إلا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم).

١٢- (بسم الله أرقيك من كل داء يؤذيك ومن شر كل نفس أو عين حاسد الله يشفيك،باسم الله أرقيك).

١٣- (أسال الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك).

سەرچاوەکان:

- صارم البتار شيخ وحيد عبدالسلام البالي.

- الوقاية الأنسان من الجن والشياطين (شيخ وحيد بن عبدالسلام بن بالي).

- الفتاوى الذهبية في الرقية الشرعية إبن باز_إبن عثيمن _عبدالله بن جبرين.

- عالم الجن والشياطين. الدكتور عمر سليمان الاشقر.

- صحيح البخاري ومسلم.

- الحسد حقيقته أنواعه مصادره الوقايةمنه علاجه الدكتور(سعد سعيد احمد).

- پەرتووکی فتاوی (أركان الإسلام، زانای پایەبەرز: محمد بن صالح العثيمين) -رحمه الله-

پێڕست:

ناوەرۆک	ژ.لاپەڕ
پێشەکی	٤
پێش باس	٥
ڕێڕەوی باس:	٧
ئیرەیی:	١٠
ڕاستی چاوپیسی و ئیرەیی، بە بەڵگەی قورئان و سوننەت.	١١
بۆچوونی زانایان لەسەر چاوونەفەس	١٥
(العین) چاوپیسی:	١٨
چۆن دەزانی کەسی بەرانبەر چاوی پیسە؟!	١٩
چۆن خۆت دەپارێزی لە چاو؟!	٢٠
چەند جۆر چاو هەیە لەناو دروستکراوەکانی خوای گەورە؟	٢١
ئایا چاوپیسی بوونی هەیە و ڕاستە؟	٢٣
بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایە تووشی چاو و ئیرەیی بوویت، یان نا؟ ئەم ڕێگایە بگرە بەر	٢٤
کاریگەری و ناسەواری خراپ بەجێهێشتنی (چاوپیسی) لەسەر کەسی چاولێکراو	٢٦
جیاوازیی نێوان ئیرەیی و چاو	٢٧
چەند نیشانەیەکی سەرەکی ئیرەیی و چاوەزار	٢٨
جیاوازیی نێوان ئیرەیی و چاوپیسی	٣٠
ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە بەڵگەن لەسەر حەرامیی ئیرەیی	٣١

ئاگادارکردنەوە لە کەسی چاوپیس و ئیرەییبەر	٣٢
رێگاکانی رزگاربوون لە ئیرەیی	٣٢
چاوپیسی و خۆپاراستن لێی	٣٣
ئایە چاوی خۆمان کاریگەری لەسەر خۆمان هەیە؟	٣٤
چۆنیەتی خۆپاراستنمان لە چاوپیسی	٣٥
حوکمی کەسی چاوپیس چییە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە؟	٣٧
شێوەی خۆپاراستن لە چاو	٤٢
نیشانەکانی: چاوونەفەس و چاوپیسی و چاوەزار	٤٤
جیاوازی چییە لەنێوان ئیرەیی و چاوونەفەس؟	٤٩
ئایا چاوونەفەس و ئیرەیی کاریگەریی زیاترە یان سیحر؟	٥٠
چاوونەفەس دەردە کوشندەکەی زۆربەی خەڵکی تووشی بووە	٥٠
زۆربەی خەڵکی دەمرێت لەدوای قەزاوقەدەر، هۆکاری چاوپیسی خەڵکە	٥٣
چۆن ئیرەیی و چاوپیسی لێک جیا بکەینەوە؟	٥٧
نیشانەکانی بەتاڵبوونەوەی سیحر و ئیرەیی و نەفەس	٥٨
چۆن کەسی چاوپیس بناسینەوە؟	٥٩
نیشانەکانی چاوپیسی لە ماڵ	٦٠
چارەسەری نەو کەسانەی چاوونەفەس کاری تێ کردوون	٦٠
نەخۆشیی ئیرەیی چارەسەری چییە؟	٦٤
رێگاکانی رزگاربوون لە ئیرەیی چین؟	٦٥
شەیتانی ئیرەیی	٦٦
هۆکارەکانی ئیرەیی نەمانەن	٦٩

ئایا ئەگەر ئیرەییەکی بەردەواممان لەسەر بوو، هی بکەین؟	٧٠
ئایە ئیرەیی چ لە مرۆڤەکان دەکات و نیشانەکانی چین؟	٧١
چاوپیسی چییە و چارەسەریەکانی چین؟	٧٢
ئایە دەکرێت کەسێک، چاوی کارێگەری لەسەر خۆی هەبێت؟	٧٣
چاوپیسی کارێگەریی خێراتر لەسەر منداڵ دروست دەکات	٨٢
زۆربەی گریان و نەخۆشییەکانی منداڵ بەهۆی چاوونەفەسەوەیە!	٨٣
چۆن دوعا بخوێنین بەسەر منداڵەکانمان، تا پارێزراو بن لە چاوپیسی و سیحر و ئیرەیی؟!	٨٤
ئایا بەبۆنکەوتنی منداڵ، بوونی هەیە؟	٨٤
ئەم دوعایانەی لە فەرموودەی سەحیح وارید بووە بۆ چارەسەری منداڵ لە چاوپیسی	٨٦
تا چەند سیحر کارێگەری لەسەر منداڵی بچووک هەیە؟ هۆکاری زیرەی منداڵ و چارەسەر	٨٨
چارەسەری ترسی منداڵ	٨٨
جۆر و نیشانەکانی ئیرەیی و چاوپیسی لەسەر منداڵ	٨٩
چەند نیشانەیەکی چاوپیسی لەسەر منداڵ:	٩٠
چۆن بزانین ئەم منداڵە شەیتان دەستی لێ وەشاندووە، یان چاوونەفەس کاری تێ کردووە؟	٩١
هەنگاوەکانی چارەسەری چاوونەفەس و ئیرەیی لەسەر منداڵ بە ڕوقیەی شەرعی	٩١
ئایەتەکانی چارەسەری چاوونەفەس و ئیرەیی	٩٥
سەرچاوەکان:	٩٨



پێغەمبەر صل الله علیه وسلم ئاماژە بەوە دەکا دەفەرموێ زۆربەی خەڵکی بەهۆی چاوپێسیەوەیە دەمرن (أكثر من يموت من أمتي بعد كتاب الله و قضائه و قدره بالأنفس [يعني بالعين] الألباني في السلسلة الصحيحة

زۆربەی خەڵکی دەمری لەدوای قەزاوقەدەر هۆکاری چاوپێسی خەڵکە

ئەگەر بیر بکەینەوە هۆکاری ئەم هەموو نەخۆشیە سەیرە چەندزۆر بوە بەتایبەت جەڵدە یان نەخۆشی سوکەری زۆربوونی سەرەتان

- ئەم هەموو ڕوداوی پێکدادانی سەیارە .
- ڕۆژانەئەم هەموو جیابونەوەی ژن و مێرد.
-ئەم هەموو خۆ کووشتنە.
- ئەم هەموو بن بازاڕی و شکست هینان لە کڕین و فرۆشتن .
- ئەم هەموو ئاژاوە لەماڵەکان دروست بووە بەشی زۆری بەهۆی بەرکەوتنی چاوەوەیە.

چاپی یەکەم

دیزاین: ڕێدار عمر